# عەرعەر

سالنامەیەکە تایبەتە بەکارەساتی ئەنفال کۆمەڵێك خوێندکاری سەربەخۆ لە زانکۆی سلێمانی دەریدەکەن
ساڵی یەکەم ٢٠٠٦

## پارتی و یەکێتی
# لەسەر شوێنی مۆنۆمێنتی ئەنفال ڕێکنەکەوتوون




© Joseph Dillon Ford

### عەرعەر بۆ

وا ساڵیادی مەرگەساتی ئەنفال هەژدە ساڵی تێپەڕاند، بێ ئەوەی توانیبێتمان کەمترین خزمەت بە پاشماوەی ئەنفال و قوربانیانی ئەنفالیش بکەین، بێ ئەوەی توانیبێتمان فرمێسکی چاوی منداڵی ئەننفالکراوێك وشك بکەینەوە، بێ ئەوەی توانیبێتمان کەللە سەرێك، ئێسکی دەستێك لە عەرعەر و بیابانەکانی تری عێراق بهێنینەوەو لە خاکی دایکدا ئارامیان بکەین، بێ ئەوەی توانیبێتمان ئەنفال بکەین بە شوناسی خۆمان، بێ ئەوەی توانیبێتمان ژیانی پاشماوەکانی ئەنفال مسۆگەر بکەین.

ئیشکردن لەدۆسیەی ئەنفالدا ئیشکردنێکی هەمەلایەنەو ماندووبونی هەموومانی ئەوێت، شیکردنەوەو تاوتوێ کردنی یەك بە یەك ڕەهەندەکان و ئامانجی ئەنفال و زیانەکانی ئەوێت، بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە هەرتاکێکی‌کورد لە هەر جێگایەکی تری دنیا بێت ئیش بکات لە پێناو ئامانجێکی دیاری کراو بۆ ئەنفال و مەرگەساتی ئەنفال، ئەو ئامانج و ڕەهەندەش کە ئێمە هەڵمان بژاردوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەنفال، خستنە رووی ئەو ڕەخنەو ئەرکانەیە کە دەکەوێتە سەر شانی هەر تاکێکی ئێمەی کورد، بە ئەرکی خۆمانمانزانی ئەم بلاوکراوەیە لە ناوەندێکی زانستی و ئەکادیمی و مەعریفی وەك زانکۆی سلێمانی دەربکەین، بۆ ئەوەی ئەنفال ببێتە بابەتێکی زانسیی و لە چوارچێوە زانستیەکەیدا کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ لەسەر ئەنفال لە نەتەوەکەماندا پێبگات.چونکە ئەنفال وەك پرسێکی گرنگ لەوە تێپەڕیوە بەتەنها لەبازنەی کوردستاندا خول بخوا و چەق ببەستێ،پێویستە ئەنفال وەك پرسی بەکۆمەڵکوشتنی مرۆڤ لەتەك هۆلۆکۆست وەك کارەساتێکی نێونەتەوەیی ئەژمار بکرێت، بەتایبەت کە ئێستا لەدنیایەکی کراوەدا دەژین‌و ڕێگاکانی ناساندنی ئەنفال وەك پرسی کوشتنی مرۆڤ لەسەر ناسنامە ئاسان بووە.

ئەو پەیامەی ئێمە هەڵمان گرتووە، راگەیاندنی جەنگێك نییە بەرامبەر کەس، هێندەی گێڕانەوەی حورمەتە بۆ نەتەوەیەك و ئومێدە بۆ خەڵکێك کە ساڵانێکە بە بێ ئومێدی ڕۆژ دەکەنەوە. لەو ساڵنامەوە ئێمە پێمان وایە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکات بە ئاراستەی :

- باشترکردنی ژیانی کەسوکاری ئەنفالەکان و قەرەبوکردنەوەی زەرەرو زیانە مادی‌و ڕۆحیەکانی بەرکەوتووانی ئەو کارەساتە.
- کارکردن بۆ بەجیهانی کردنی ئەم کارەساتە.
- هێنانەوەی ئسك‌و پروسکی ئەنفالکراوەکان‌و دروستکردنی مۆنۆمێنتێك بۆیان لەخاکی کوردستاندا.

**تایبەت بەعەرعەر**

بڕیار بوو مۆنۆمێنتێك بۆئەنفالەکان لەشارۆچکەی چەمچەماڵ دروست بکرێت، بۆئەوەی ئەم تراژیدیایە وەکو سمبولێکی نەتەوایەتی کورد لەهزری نەوەی کورددا بمایەتەوە, بەلاّم یەکێتی و پارتی لەسەر دروستکردنی ئەو مۆنۆمێنتە ڕێك نەکەوتوون, بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (عەرعەر) کەوتووە (ی.ن.ك) پێی وایە دەبێت لەشارۆچکەی چەمچەماڵ بکرێت , لەبەر ئەوەی زۆرترین ژمارەی ئەنفال و کەس و کاری ئەنفال لەوسنورەیە, بەلاّم (پ.د.ك) سورە لەسەر ئەوەی دەبێت مۆنۆمێنتەکە لەپایتەختی هەرێمی کوردستان واتەهەولێر بێت, بۆئەم مەبەستە (عەرعەر) پەیوەندی کرد بەبەڕێز(جەمیل خدر عەبداڵ) وەزیری مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال لەئیدارەی سلیمانی بۆڕاستکردنەوەی هەواڵەکە, ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە بڕیاردراوە مۆنۆمێنتێك لەسنوری قەزای چەمچەماڵ دروست بکرێت بۆبەرز ڕاگرتن و گەورەیی ئەنفال, پارچە زەوییەکی لە بانیمەقان بۆتەرخان کراوە,پرۆژەکە بەرنامە کاری تەواوی بۆکراوە و فعلەن ڕەمزێکە بۆ ئەنفالی سەرتاسەری کوردستان.

لەهەمان کاتدا عەرعەر پەیوەنی کرد بە(عبدول وەهاب عەلی )ئەندامی کارگێڕی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك) ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کەحوکمەتی ئیدارەی هەولێر پرۆژەی (مۆنۆمێنتی ئەنفال)ی لەهەولێر خستۆتە جێبەجێکردنەوە ٤٠٪ بۆ ٥٠٪ ی پرۆژەکە تەواو بووە, روبەرێکی زۆر لەزەوی بۆتەرخان کراوە لەسەرەتای کەسنەزانەوە هەتا دلۆپ درێژ دەبێتەوە, ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی کوردستان دەبێت,لەهەمانە کاتدا ئەوەشی ووت کە هیچ پرسێکمان بەئیدارەی سلێمانی نەکردووەو دەشکرێ لەشوێنە جیاجیاکانی تری کوردستان دروست بکرێت .

## چەمچەماڵ لەنێوان(ئینشاالله و ماشاالله)ی سەرۆکی حوکمەتدا



دوای ئەوەی لەبەرنامەیەکی( تەلەفیزیۆنی خاك) دا ساڵی پار(عومەر فەتاح) ,سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەمساڵ چەمچەماڵ دەبێت بە ئینشاالله, بەلاّم ساڵی نوێ دەبێت بە ماشاالله, کەچی دوای تێپەڕبوونی ساڵێك زیاتر بەسەر بەڵێنەکەی سەرۆکی حوکمەتدا ئەم شارە وەکو خۆی ماوەتەوەو تاکو ئێستا چاوەڕێی ماشاالله کەی سەرۆکی حوکمەتە, پرسیاری عەرعەر لێرەدایە ئەبێت سەرۆکی حوکمەت کەی ئەو بەڵێنە بباتەسەرو لایەك بەچەمچەماڵیشدا بکاتەوە؟. ئایا تۆبڵێی ئەو وتەیەی خۆی لەبیر چوبێتەوە؟.

## بەم نزیکانە لەسەر دۆسیەی ئەنفال
## سەدام و داروودەستەکەی دادگایی دەکرێن


اموالهما المنقولة وغير المنقولة .
راجين التفضل بالاطـــــــلاع .. مع التقدير.
نسخة منه الى /
عواد حمد البندر
رئيس محكمة الثـــورة
مجلس قيادة الثـــورة — مكتب نائب الرئيس

بڕیارێکی ئەنفال بە ئیمزای عەواد بەندەر

دوێنی دانیشتنێکی تری دادگایی سەدام و هاوەڵەکانی لەسەر دۆسیەی دوجەیل ئەنجامدراو واش چاوەڕی دەکرێ دۆسیەی ئەنفال دوای دۆسیەی دوجەیل سەدامی لەسەر دادگایی بکرێت.

بەر لەماوەیەك جەعفەر موسەوی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لەگەڵ وەزارەتی ئاوارەو ئەنفال کۆبۆوە و تەواوی دۆسیەی ئەنفالی بردە بەغداد، بۆ ئامادەکردنی تەواوی کارەکانی دادگایی کردنی سەرانی رژێمی پێشوو.واش بڕیارە جگە لەسەدام ، عەلی حەسەن مەجیدو سوڵتان هاشم وەك دوو روخساری نوێ لەبەردەم دادگای عێراقیدا ئامادەبن.

لەکوردستانیش ئامادەکارییەکان کۆتاییان پێهات.دوێنێش عومەر فەتاحی سەرۆکی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) لە پێشوازی وەفدێکی کەسوکاری ئەنفالەکان رایگەیاند "کەخۆی یەك لەشاهیدەکانە لەسەر دۆسیەی ئەنفال و شایەدی لەسەر سەدام و داروودەستەکەی دەدات"

چەند سەرچاوەیەك ئاماژەیان بەوەداوە کەبەشێك لەشایەدەکان ژنن، بەوپێیەی زۆربەی پیاوەکان کەلەشالاّوی ئەنفال بەرکەوتن رزگاریان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەکان ئاماژە بەوش دەکەن کە شایەدەکان توانای زۆریان هەیەو خەڵکی سادە نابردرێن، بۆ ئەوەی قەوارەی کارەساتەکە لەبەردەم دادگایەکە لاواز نەبێت‌و شایەدەکان بتوانن گوزارشت لەگەورەیی کارەساتەکەو درندەکەی بەعس بکەن.

## کۆمەڵەی خوێند کارانی کوردستان ڕێگەیان بەکۆمەلیك خوێندکاری کەس وکاری ئەنفال نەدا لە زانکۆدا یادی ئەنفال بکەنەوە



ئەندامێکی لیژنەی سەرپەرشتیاری یادەکە دەڵێت؛ئێمەکاتێك ویستمان وەکو کۆمەڵێك گەنجی سەربەخۆ ئەو ڕۆژە لە زانکۆدا زیندوو بکەینەوە, بەلاّم (ك.خ.ك) دەستیان خستە پرۆژەکەمان, کۆمەڵێك مەرجیان بۆدانایین وەك ئەوەی کە هەر ئەوان خاوەنی زانکۆبن, پێیان وتین نابێت هیچ گروپێکی سەربەخۆ ئیش بکات جگە لە(ك.ح.ك), هەر کەس و لایەنێکیش کەدەیەوێت ئیش بکات دەبێت بەهاوکاری کۆمەڵە کەمان بێت, لەگەڵ ئەوەشدا سەرلەبەری ئەو پۆستەرانەی کەلەلایەن بلاّوکراوەکانی (عەرعەر و هاواری ئەنفال)ەوە لەناو زانکۆدا هەڵواسرابوون لێکراونەتەوە.

# حکومەت عەیبی چییە؟



فۆتۆ: عەرعەر

شوان خورشید

لە کۆتایی حەفتاکان مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەچنە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیان و دوان لە پێشمەرگەکان لە تەوزیع بوون بە ماڵەکاندا بەر ماڵی پیرێژنێك دەکەون، پیرێژن کە دەبینێت میوانی هاتوە خواردن و چایان دەوێت چاوی دەکەوێتە پشتە سەری و خۆی پێ ناگیرێت و ڕوودەکاتە پێشمەرگەکان لێیان دەپرسێ، ئەرێ کوڕەکانم پێم ناڵێن لە چی دەگەڕێن؟ ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە کەوا دژی حکومەت خەبات دەکەن بۆ بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی خەڵك، بە بەزمی حکومەتدا دەچنە خوارەوە، ژنەش دەڵێ دەی بە قوربێتان کەم حکومەت عەیبی چیە ئەوە نیە شەکرمان ئەداتێ، چامان ئەداتێ، نەوتمان ئەداتێ، ئاردمان ئەداتێ، ئیتر مەپرسە ئەوەی لە شار دەستی دەکەوێ بەناوی حکومەتەوە شاباشی خەڵکی دەکات، بۆیە منیش بە کەس وکاری ئەنفالەکان دەڵێم بە ویژدانتان حکومەت عەیبی چیە؟ ببورن مەبەستم حکومەتەکەی خۆمانە، چی بۆ نەکردوون، یان کەمی کردووە؟

ئەوەندە ناشوکرن لە بەشتان، ئەگەر بڕوا ناکەن بۆتانی ئەبژێرم، وەرە سەیری مەدینە شۆڕش و ئۆردوگای سمودی لای خۆتان کەن، بە ئینسافەوە بڵێن! بزانە فەرقی لەگەڵ بەهەشتدا چییە؟! خزمەتگوزاریەکانی لە ئاست وڵاتە ئەوروپیەکاندا نیە، لە مەسبەحی قوڕاو لە هۆڵی داخراو و لە چی و چی و ئەو شوێنانەی پاشماوەی ئەنفالەکانی لێیە لە سایەی حکومەتی خۆماڵی کوردیدا وێنەی بەهەشتی سەر زەوی نیە، کەس و کاری ئەنفالەکان لە نازو نیعمەتدا ناژین، منداڵە چاو گەشەکانیان ئەوەندەیان بۆ کراوە هەست بەبێ باوکی و هەتیوی ناکەن، هەموویان خوێندکاری زانکۆو پەیمانگاکانن، ئەوەندە ناسك و نازدارن، لەبەر ئەوەی فێری گروگاڵ نەبوبون.

ڕاپەرینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان ئەنفالچیەکانی ڕامالی و کەس و کاری ئەنفالکراوەکان کەوتنە نازوو نیعمەتەوە، ئەی نەوتراوە شۆڕش دایکی منداڵێکە کە بێ دایکە، شۆڕش باوکی منداڵێکە کە بێ باوکە، بە واقعی شۆڕشی کوردستان بوە دایك و باوك بۆ منداڵە دایك و باوك ئەنفالکراوەکان، زەمینەیەکی وایان ڕەخساندوە مەگەر هەر بۆ ئەوان کرابێ، سوێندتان لە سەرم نیە منداڵی مەسئول ڕوت و ڕەجاڵ و برسین ئەوەی هەیانەو نیانە بۆ منداڵە ئەنفالەکانیانە، شتێکی زۆر خۆشتر و جێگای خۆشیە بە بەردەوامی سەردانیان دەکەن بە تایبەتی لە یادی کارەساتەکەدا، ئەمانەی دوێنێ ئەنفالیانی کرد ئەمڕۆ بەرپرسن و کەژاوەی حیمایەیان لەدوایەو دێن دڵی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دەدەنەوە، دێن و دەست بەسەر منداڵەکانیان دەهێنن، حەق وایە ئەوانەی کەسیان ئەنفال نەکرابێ تەممەنای ئەوە بکات، ئەنفال دووبارە ببێتەوە تا بەر سۆزی مەسئولین بکەوێ و لە کەرەو کەشکی بەرپرس بێ بەش نەبێت، ئەی ئەوە نیە جاش و مەفرەزە خاسەکان تا دوێنی ئەنفالتانی کرد ئەمڕۆ ماڵ بە ماڵتان دەکات و وتاری زۆر بە پێزو مێژویتان پێشکەش دەکات، یادی کارەساتەکان بۆ دەگێڕێت، وەعدو بەڵێنتان بۆ دوبارە دەکاتەوە، کەوا خوێنی کەس و کارتان بە فیڕۆ ناچێت، ئەی ئەوە نیە سەرجەم ئێسك و پروسکی ئەنفالەکانتان لە غەریبیەوە بە ڕێزەوە هێنراوەتەوە و مۆنۆمێنتیان بۆ دروستکراوە، ئەوە نیە ساڵ دوانزەی مانگ شەوو ڕۆژ ئەم کارەساتە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانیانەوە باس ئەکرێ و بۆ نەوەی دوا ڕۆژ ئەگێڕدرێتەوە، تا دووبارە ئەنفال نەکرێینەوە، ئەی ئەوە نیە کێ لە پشت ئەنفالەوە بووە دادگایی کراوە و ڕوحی ئەنفالەکانی پێ شاد کراوە، کەوابێ کەم و کوریتان چیە؟

ئەگەر ڕاست دەکەن بیڵێن، بێ خانوو جێگاو ڕێگان و موچەکانتان کەمە، پێتان قوڕاوی ئەبێ، وەزیفەی خراپتان هەیە، ڕووکەنە هەر شوێنێك ڕێزتان ناگرن، بە من وتیاری بێت ئەڵێن لە وەزعەکە ناڕازین و لەملاو لەو لا گلەیی و گازندەکانتان بەر گوێ دەکەوێ گوایە حکومەت هیچی بۆ نەکردوون و خراپە، توخوا خراپیەکەی چیە، وەڵاوەڵا ئەوەی حکومەت بۆ ئێوەی کردوە باوك بۆ کوڕی خۆی نایکات، بەڵام ئێوەی نمەك بە حەرام ئاسمانیشتان بۆ بڕوخێنن هەر پێی نازانن، بۆیە دەبینم ڕوتان گرژ کردوەو بەنیازن ئەم ساڵ پێشوازی لە مەسئولەکانمان نەکەن، چەپڵەیان بۆ نەکوتن، دەستیان نەگوشن، بڕوا بکەن ئەگەر ئەمەتان لە دەست بێت خوا دەتانگرێ و پێغەمبەریش لێتان قبوڵ ناکات، وەك وتم کەمیان بۆ کردون، کەوابێ ئێوە بۆ سەرکێشی دەکەن، ئەگەر پێتان کەمە زیاتر داوا بکەن، دڵنیام وەك ڕێژنەی بارانی بەهار خێروبەرەکەتی بەرپرسە دیبلۆماسیەکانمان بە سەرتاندا دەبارێ و شەرمەزاریتان بۆ دەمێنێتەوە، حکومەت عەیبی چیە؟.

## ئەنفال شەرمەزارییەکی گەورەبوو بۆ هەموو مرۆڤە دوو ڕووەکانی جیهان

ئەوقوربانیانەی کەگەلی کوردایەتی لەپێناوی ژیانێکی مەڕومەتتدا دای لەهی هیچ گەلێکی ترناچێت وبێ وێنەیە کەچی هەتا ئێستاش نزیکەی لە ٨٠٪ کوردستان سەرەتایی ترین مافی نەتەوەی و سیاسی وئازادی و بیرو ڕایان نییە,لەگەڵ ئەوەی کەلەڕوی ژمارەوە چل ملیۆن تێدەپەڕێت و هەروەها خاکێکی فراوان و نیشتیمانێکی ڕاستە قینەیان هەیە, بەڵام تاوەك و ئێستا مافی ئەوەیان نییە کەبەئازادی لەسەر خاکی خۆیان بژین وەکو هەموو گەلأنی دنیا,لەکوردستانی باشوردا لە ئەنجامی ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا ماوەیەکی دورو درێژە ئازادی بەدیهاتووە ,باشوری کوردستان بە دوو کارەساتی گەورە ناسراوە ئەویش هەڵەبجە و ئەنفالە ئەم دوو قوربانیە مەزنە لەپاڵ قوربانیەکانی تری گەلی کوردی باشوری کوردستان بەئازادی شادبووە,ئێمە هەرگیز ناتوانین بە تەواوی باسی ئەنفال بکەین ومافی خۆی پێبدەی,بەڵکو تەنها دەتوانین ڕەخنە بکەین و بڵێین خەریکە ئەنفالمان لە بیر دەچێتەوە تەنها لە چواردەی چواردا دێتەوە یادمان,ئەمە جگە لەوەی کە پێویست بوو ئەم پانزە ساڵە هەوڵمان بدایە ئەم دوو تاوانە گەورەیەی دژ بە مرۆڤایەتی بکەین بە تاوانێکی نیودەوڵەتی, هەروەك و چۆن جولەکەکان ئەوکارەساتەی کە هیتلە ر بەسەریانی هێنا کردویانە بە کارەساتێکی نێودەوڵەتی وهەتا ئێستاش قەرەبوو وەردەگرنەوەو خۆیان بەگەلێکی غەدر لێکراو پیشانی مرۆڤایەتی دەدەن, هەروەها ئەرمەنیەکانیش لە هەوڵی ئەوەدان ئەو کوشتن ولە ناوبردنەی عوسمانیەکان بەسەریان هێنان بیکەنە تاوانێکی نێودەوڵەتی و قەرەبویان بکرێتەوە, کەچی ئێمەی کورد نەك هەوڵمان نەداوە ئەنفال وهەڵەبجە بکەینە تاوانێکی نێودەوڵەتی ومرۆڤایەتی لە بەرامبەری بەرپرسیار ببینین, بەڵکوخۆشمان خەریکە لە بیرمان بچێتەوەو لەیادی بکەین, ئەمەش ئەنجامی ئەوەیە هێندەی لە خەمی بەرژەوەندیە هەرزانەکانی خۆماندابن هێندە لە خەمی ئەنفال وکەس وکاری ئەنفالەکاندانین, لەم ڕۆژانەی ڕابردودا خوێندکارێکی هاوڕێم کە خەڵکی گەرمیانەو لە زانکۆی سلێمانی دەخوێنێت, بۆی گێرامەوەو ووتی نزیکەی ٢٥خوێندکاری خەڵکی گەرمیان چوینە لای بەرپرسێکی گەورەو داوامان لێکرد کە ئاوڕێك لە گەرمیان بدەنەوەو لەوە زیاتر پشتگوێی نەخەن هەروەها پێمان ووت ئەوە چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ ساڵیادی ئەنفال وئیتر ئەو بەڵێنانەی پێمان دەدەن پێویستە جێ بەجێی بکەن ئەویش ووتی بۆ کەی ساڵیادی ئەنفالە؟!!! ئێمەش توشی سەرسورمان بووین ئەو بەرپرسە گەورەنەزانێ کەی ساڵیادی ئەنفالە لە کاتێکدا خۆی بە خەمخۆری ئەم وڵاتە دەزانێ......

لە کۆتایدا پڕبەگەرم هاواردەکەم خۆپیشاندان بکەن لە چواردەی چواردا, چونکە دەرکەوت بێدەنگی و خەمخواردن و گوێگرتن لە بەرپرسان هیچ سودێکی نەبوو بۆیە پێویستە خۆپیشاندان بکەین, بەڵکو بەناچاری پیداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانتان دابین بکەن....هەروەها پێویستە لە سەر ئێمەی خوێندکاریش بە ئازارەکانی ئەنفال ڕۆحمان ئاوبدەین و هەموو هەوڵێکمان بۆ پێشخستنی ئەم وڵاتە و شەرمەزارکردنی مرۆڤە دوڕوەکانی جیهان بێت.

کاروان ئیبراهیم

## بۆ ڕژێمێك دەجەنگام کە منداڵەکانی ئەنفالکردم

### عاسی مستەفا ئەحمەد بەم شێوەیە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە



سازدانی :عەرعەر

لە گوندی زنانە سەر بە ناحیەی سەنگاو لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دانیشتبوم ،لە ٢/١١/١٩٨١ناوم بۆ سەربازی لە سوپای عێراقدا هاتەوە و جلی سەربازیم لەبەر کرد لە ١٩٨٢/٣/٢٧ بردیانم بۆ شەڕی (ئێران-عێراق) لە پاش یەك ڕۆژ شەڕکردن لەلایەن سوپای ئێرانەوە لە ٢٧/٢/١٩٨٢ دەست بەسەر کرام و بردیانم بۆ بەندینخانەیەك لە سەر سنوری (روسیا-ئێران) ،خۆشبەختانە ئەمانتوانی لە ڕێگەی ڕیکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتیەوە ئاڵوگۆری نامە لەگەڵماڵەوەماندا بکەین، لە سەرەتای گرتنەکەمەوە تا وەکو ساڵی١٩٨٨ نامەم بەدەست دەگەشت بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٨٨ تاکاتی بەربونم لە ٢٥/٨/١٩٩٠ هیچ نامەیەکم بە دەست نەگەشت، هەستم کرد ماڵەوەمان لە حاڵەتێکی نالەباردان.

پاش بەربوونم لە بەندینخانەکانی ئێران هاوڕێکانم هەندێکیان لە ئێرانەوە چون بۆ ئەوروپا پیان وتم تۆ دێیت بچین بۆ ئەوروپا؟ پێم وتن من لە پێناو خۆشگوزەرانی منداڵەکانم جلی سەربازیم لە بەر کرد هەر لەو پێناوەشدا نۆ ساڵ بەند کرام، هەموو دونیاشم بدەنێ نایدەم بە بینینی ڕوخساری منداڵێکم، وتم من ئارەزووی دیتنی منداڵەکانم دەکەم نەك ڕاکردن بەرەو مەنفا.

کە هێنایانمەوە بۆ عێراق سەربازە عێراقیەکان پرسیاریان لێ کردم، تۆ خەڵکی کوێیت؟ وتم خەڵکی ناحیەی سەنگاوم، وتیان سەنگاو ئێستا کەسی تێدا ناژێت، بەڵام من تێنەگەیشتم مەبەستیان چیبوو.

کاتێك هاتمەوە بۆ چەمچماڵ پاش چەند ڕۆژێك پیان ووتم ماڵ و منداڵت لە پرۆسەی ئەنفالدا تیاچونە، پاش چەند جارێك بەدوادا چونم بە شوێن منداڵەکانم و شێوەی ئەنفالکردنیان هەندێ زانیاریم وەرگرت، پاشان چووم بۆ لای قائیمقامی ئەو کاتەی چەمچەماڵ و پێم وت من نۆ ساڵ لە پێناو نیشتماندا بەندکراوم و بەڕیز سەدام حسێن وتویەتی هەر کەسێك لە پێناو نیشتماندا بجەنگێت ماڵ و منداڵی پارێزراو دەبێت، بەڵام ئێستا من ماڵ و منداڵم لەلایەن سوپای ئێراقەوە ئەنفالکراوە، ئەو وتی من هیچم پێ ناکرێت و دەسەڵاتی ئەنفالم نیە، لەوێوە چوم بۆ لای پارێزگاری سلێمانی ئەویش هەمان شتی پێ وتم، دواجار بڕیارمدا بچم بۆ فەرمانگەی (رعایە الاسری والمفقودین) پێم وتن منداڵەکانم ئەنفالکراون، پیان وتم تۆ داوای دەکەیت کە دەسەڵاتی ئێمەی تێدا نیە، دواتر لە ٢٩/٩/١٩٩٠ بۆ بەغداد چووم بۆ (دیوان الرئاسە) بەعس و نوسراوێکم پێدان و ناونیشانی خۆمم نوسی وتیان بەندیخانەکانت بۆ دەگەڕێین بە دوای ماڵ و منداڵت ، منیش هەر بەیانیەکەی لە تاو ئازاری جەرگم گەرامەوە بۆ (دیوان الرئاسە) بەعس و وەڵامی نوۆسراوەکەم وەرگرت کە پوختەکەی نوسراوە، ((عاسی مستەفا لەو شاڵاوی ئەنفالەی بۆ سەر کورد کرا ماڵ و منداڵەکانی تۆیشی پێوە بون و تیاچوون))، منیش هەستام و زانیم ئیتر منداڵەکانم نابینمەوە بۆ هەتاهەتایە، وەڵامی نوسراوەکەمم کرد بە ئینگلیزی و چوار کۆپیم نارد بۆ فەرەنسا و ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەڵام هیچ دەرئەنجامێکی نەبوو، وا منیش بەو شێوەیە منداڵەکانیان ئەنفال کردم کەچی ئێستا لە زۆر شوێن ئەنفال چیەکان دەبینم زۆر بێباکانە پیاسە دەکەن، تەنها ئاواتم کە مابێت لە ژیاندا دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی ئەنفالە.

# بەرەو دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال

## هەمو شتێك کەلەلایەن موستەشارەکان وفەوجەکانی بەرگری نیشتیمانییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆخۆیان دەبێت, جگە لە چەکی قورس و دابەستراو و مام ناوەندی ....... عەلی کیمیاوی ... ٢٠/حوزەیرانی ١٩٨٧

**سەلاح رەنجدەر**

هێرشەکانی ئەنفال کەڕژێمی لەگۆڕنراوی بەعس لەساڵی ١٩٨٨ لەکوردستاندا ئەنجامی دان بەشێك بوون لەوهەوڵانەی لەناو هەناوی پرۆژەیەکی ستراتیژی لەمێژینەی شۆڤێنیزمی عەرەبی لەعێراقدا بۆ لەناوبردنی ڕەگەزی کورد هاتونەتە ئاراوە.

بەم پێیەش ئەنفالەکان جۆرە شێوازێك بوون بۆجێبەجێکردن بەرنامەیەکی هەمەلایەنەو گشتگیر ئەوتۆ کەتەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریان دەگرتەوە و لەدوا شیکردنەوەشدا لەپاکتاو کردنی یەکجارەکی نەژادی کورد بەولاوە هیچ ئامانجێکی تریان نەبوو, ئەم پەلامارانەی ڕژێمی بەعس بەشەش قۆناغ جێبەجێکردن بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

قۆناغی یەکەم: لە ١٨ی شوباتەوە تا ٢١ی ئازاری ١٩٨٨ی خایاند بۆسەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی وناوچەی بنگرد ومەرگەو شارباژێڕ بوو .

قۆناغی دووەم :بۆسەر ناوچەکانی قەرەداغ و بازیان بوو.

قۆناغی سێ :بۆسەر ناوچەکانی گەرمیان بوو, ئەم پەلامارە ناوچەکانی سەنگاو وجەباری و قەرەحەسەنیشی گرتەوە.

بۆسەر ناوچەی شوان وشێخ بزێنی, ئاغجەلەر, کۆیە و دەشتی هەولێری گرتەوە.

قۆناغی پێنجەم: ناوچەکانی خۆشناوەتی, دۆڵی سماقولی, بالیسان و بەلەیان بوو, بەدووبەشی مانگی حوزەیران وئاب ئەنجامدران.

قۆناغی شەشەم:ناوچەی بادینان بەر پەلامارەکە کەوت لەئابی ١٩٨٨ دابوو .

شایەنی باسە لەم قۆناغانەدا ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد گیران و بێسەرو شوێن کران وهەزاران گوند لەناو بران و دەیان هەزار خانو ڕوخێنران یان سوتێنران, لەناو ئەو سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسەدا ژمارەیەکی زۆر ئافرەت بەتاڵان بران و موڵك وماڵی دەیان هەزار هاولاتی کەخۆیان گیرابوون بەر ئەو تالانییە کەوتوون, شالاوی تالانیکردنیش بایەخێکی کەمتری پێنەدرابوو لەکوشتن و بێسەروو شوێنکردن بەجۆرێك ئەم تالانە بووبە پێشینەیەکی ترسناك بۆڕاهێنانی خەڵکی عێراق لەسەر دیاردەی تالانی, ئامارێك کەلەسەر ئەم دیاردەیە ئامادە کراوە لەلایەن (( C.D.A.V.R )) ەوە دەریدەخات کەتەنیا لەسنوری پارێزگای کەرکوکدا لەکاتی ئەنفالدا ( ٤٨٧٧٧٠ )چوار سەد وهەشتاو حەوت هەزارو حەوت سەدو حەفتا سەر مەڕو مالات بەتالان براوە جگە لە تالانکردنی کەل و پەلی دیکەی جوتیاران کە تیایاندا نزیکەی (١٧) حەڤە هەزار تراکتۆر و مەکینەی جیا جیا هەیە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە ڕژێمی بەعس ناوی ئەنفالی لەسورەتی هەشتەمی قورئانەوە وەرگرتووە کە (تالانی) ئەگەیەنێت و ئەم تالانییەش منالان و ئافرەتانیش ئەگرێتەوە و سەرباری کوشتن ولەناو بردن بەبێ دیاردەی تالانی هیچ پەلامارێك ناوی ئەنفالی بەسەردا ناسەپێت.

وەك لەپێشەوە گوتمان ئامانجی ڕژێم لەم پەلامارە لەناو بردنی ڕەگەزی کورد بوو کەلە شێوازی ئەنجامدانیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ هۆلۆکۆستدا کەنازییەکان دژی جولەکە لەجەنگی جیهانی دووەمدا ئەنجامیاندا.

سەرەڕای ئەوەش بەعس بەفراوانی چەکی کیمیایی تێدا بەکارهێنا کە ئەویش بۆخۆی شێوازێکی کاریگەرە بۆقڕکردنی ڕەگەز.



هەموو ئەم کارەساتە سامناکەش لەلایەن ئەم کەس ودام ودەزگایانەوە ئەنجامدراوە کەڕاستەوخۆ پرۆسەکانی ئەنفالیان بەڕێوە بردووە کەئەمانە: عەلی حەسەن مەجید لێپرسراوی نوسینگەی باکوری بەعس وسکرتێرەکەی کە رازی حەسەن سلێمان بوو, عەدنان خێرولا وەزیری بەرگری, نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپابوو, لیوا روکن سلتان هاشم فەرماندەی یەکەمی ئەنفال بوو ,لیوا روکن یونس محمد الزرب فەرماندەی فەیلەقی پێنج بوو, لیوا روکن ئەیاد خلیل زەکی فەرماندەی عەمەلیاتی مەیدانی ئەنفالی یەك و لیوا روکن بارق عبدللە حنتە فەرماندەیی ئەنفالی سێ بوو, گاردی کۆماری ,بەڕێوبەرایەتی ئیستغباراتی گشتی, فەیلەقی یەك وفەیلەقی پێنج, بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی ڕژێمی سەدام حسێن, بەڕێوبەرایەتی ئەمنی حوکمی زاتی کەبەڕێوبەرەکەی عبد الرحمن عزیز حسین بوو، هێزەکانی تەواری, فەوجەکانی بەرگری نیشتیمانی واتە فەوجەکانی جاشی خەفیە, مەفرەزە تایبەتییەکانی ئەمن واتە جاشی مەفرەزە خاسە، لیژنەکانی ناوەند وەکو لیژنەی پێشوازی ولیژنەی ئەمنی و لیژنەی بەدوادا چوون.

هەموو ئەو کەس ولایەنانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە بەپێی ڕێکەوتننامەی ١٩٤٨ ی نەتەوەیەکگرتووەکان کەلەبەندی سێیەمدا ئاماژە بەشێوازە جیاجیاکانی ئەنجامدانی جینۆساید کراوە تاوان بار دەبن کەبەشێوەیەك لەشێوەکان لەبەڕێوەبەرایەتی پرۆسەی ئەنفالدابوون, ڕێکەوتن نامەی ناوبراو لەبەندی سێدا سزادەخاتە سەر ئەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١/قڕکردنی بەکۆمەڵ(جینۆساید)

٢/نەخشەکێشان بەمەبەستی جینۆساید .

٣/هاندانی ڕاستەو خۆو ئاشکرا بەمەبەستی جینۆساید .

٤/هەوڵدان بۆئەنجامدانی جینۆساید .

٥/بەشداریکردن لەجینۆساید .

هەروەها لەڕێکەوتن نامەی ١٩٥١ لەبارەی قەدەغەکردنی جینۆسایدەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی قڕکردنی بەشێك هەرچەندە کەمیش بێت هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ پرۆسەی گشتگیری قڕکردنداو هەمان تاوانی جینۆسایدی دەدرێتەپاڵ .

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەو خستنە ڕووە سادەیەیە کە لەچوار چێوەییدا پەنجەی تاوانبار کردن ئاراستەی عەلی کیمیایی وچەند فەرماندەیەکی عەرەب دەکرێت بێئەوەی ئەنجامدەران وبەشدارانی ئەم تاوانە گەورەیە لەکۆنوسێکی دوکیۆمێنتی دا بەتێروتەسەلی بۆبەردەم ئەودادگایە ئامادە بکرێت کەتادوێنێ خەون و ئەمڕۆش دەبێتە ڕاستییەکی لەدوا نەهاتوو, لەدادگایەکدا کە سەدام وعەلی کیمیایی تیادا بخرێتە بەرلێپرسینەوەی تاوانەکانی ئەنفال, ناکرێت کورد پرۆژەی سکالانامەیەکی لەو شێوەیەی باسکراو نەخاتە بەردەم دادگاو هیچ تاوانبارێکیش نابێت لەدەرەوەی دادگا بمێنێتەوە بەبەشدار بوونی کوردیشەوە کەڕۆڵێکی کاریگەرییان لەپرۆسەی ئەنفالەکاندا وازیکردووە, بەتایبەتیش موستەشارەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی و هەندێك لەئامارە سەرەکییەکانیان و فەرماندەی مەفرەزەتایبەتییەکانی ئەمن, ئەگەر تادوێنێ لەبەر ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزی نێوان حیزبەکانی کوردستان و لەبەر ئەوەی جارێکی تر ڕونەکەنەوە سەدام حسێن وەك هەندێکیان لەدوای شکستی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ کردیان نەتوانراوە ئەوانە وەك تاوانبار سەیر بکرێن ئەوا ئەمڕۆ تەبایی و ڕێکەوتن لەکوردستاندا هەیەو ڕژێمی سەدام نەماوە بۆیە ئەوانەی بەڕاستی تاوانبارن واتە خۆیان وفەوجەکانیان بەشدار بوونی پرۆسەی ئەنفالن و بەپێی برگەی پێنج لەبەندی سێی ڕێکەوتن نامەی ١٩٤٨ بەتاوانی جینۆ ساید دەیانگرێتەوە پێویستە دەسەلاتی کوردستان هاندەر وهاوکار بێت بۆگەیاندنیان بەدادگا وئەگەر دەمانەوێت تۆڵەی تاوانە دزێوەکانی ئەنفال لەتاوانباران بکەینەوە بەتەنیا بە عەلی کیمیایی وچەند فەرماندەیەکی ئەمن وسوپا وازنەهێنین,بەڵکو سەرجەم تاوانباران بخرێتە قەفەزی دادگاو بەسزای خۆیان بگەن ئەوسا گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال لەبەهەشتدا شاد دەبن و هەناسەی پڕ لەئۆخەی دەبێتە دیارییەك بۆقوربانیانی زیندوی ئەنفال کەئەوانیش کەس وکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکانن.



**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :**
***جینۆساید لەعێراق و-میدڵ**
***ئێستاوچ-وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە**

# جگە لە تەیفوربا کەسی تر نەگەڕێتەوە !

**ساڵح بێچار- سلێمانی**
becharsalih@yahoo.com

کێ لە ئێمە سەدلەسەد دڵنیایە ئەو حەمکە خەڵکەی وەناوی ئەنفالەوە بردیان بۆ ئەو عەرەبسانە.. ماون یان مردون؟ ئەگەرچی بەڵگەو گومانی ئەوە زیاترن کە نەمابن، چونکە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی ئەنفال دا هێشتا رۆژانەو هەفتانە لە شوێنە جیا جیا کانی عێراق دا گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێنەوە کە جگە لەوەی بۆ چەند رۆژێك دەبنە سەردێڕی هەواڵەکان، هیچ بەدواداچوونێکی راستەقینە بۆ هیچ یەکێ لەو گۆڕانە ناکرێت و دوای ئاشکرابوونی هەر گۆڕێکیش گومانو مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە لەوانەیە ئەوانە کوردانی ئەنفالکراو یان شیعە راپەڕیوەکانی باشووری عێراق بن!

تۆ وەك کوردێك.. ئەو خەیاڵە یۆتۆپیاییە بێنەرە پێش چاوی خۆت کە رۆژێك لە رۆژان ئەنفالکراوەکان دێنەوە، لەلایەکەوە چۆن چۆنی پێشوازی لەو عەشاماتە زۆرە دەکرێت کە ئێمە بەبێ هیچ سەرژمێرییەکی وردی دیمۆگرافیانەو هەر لەگۆترە بە سەدو هەشتاو دووهەزار مەزەندەمان کردوون. وا گریمان ئەو ژمارەیە لەکاتی خۆیدا راستبووە، بەڵام خۆ دوای تێپەڕبوونی هەژدە ساڵ واتە تەمەنی یەك نەوەی تەواو، ئێستا ئەوانی ئەنفالکراویش چەندجار زیادیانکردووە، بۆ نموونە ئەو منداڵەی کە لە سەروبەندی ئەنفالدا تەمەنی تەنها یەك رۆژ بووە، ئێستا هەژدە ساڵیی تێپەڕاندووەو دوورنییە هاوسەرگیریشی نەکردنێت و تەنانەت خاوەنی منداڵیش نەبیت!

گریمان ئەوان هاتنەوە.. ئەو میللەتە لەکوێ هەڵئەگیرێنو لەکوێ دائەنرێن؟ لەکوێ جێ وریٚو خزمەتگوزارییان بۆ دابیندەکرێت؟ بە



چەند ساڵی تر پێناسەی نوێو فۆرمی خۆراکیان پێدەبەخشرێت؟ تەزکییەو بەڵگەنامەی کوێ بێنن تا بڕوایان پێبکرێت کە ئەوانە راستەدەکەن ئەنفالکراوبوون! رووبکەنە کام وەزارەتی بەناو ئاوارەو ئەنفال بۆ تەزکییەو پشتگیریی؟ لە کاتێکدا کە زۆرینەیان تەنانەت هەر وێنەو ناویشیان لە ئاوا وەزارەتێکدا نییە؟

ئەگەر ئەو ژنانەی ئەوسا تەمەنیان لە بیستەکاندا بوو، ئێستا لە چلەکانی تەمەندان پرسییان کوان ئەو تاکە تاکەی کوڕو کچانەیان کە بە ڕێکەوت دوای خۆیان بە بێکەسیو بێلانەیی جێمان؟ کێ زاتدەکات پێیان بڵێ: دایە گیان.. کوڕەکەت لە شەڕی ناوخۆدا بووە قوربانییو خۆتان خۆشبن! کچەکەشتان لە بەرئەوەی مارەبڕاوی ئامۆزاکەی بوو هەر نەیتوانی شووبکات، پرچی سپیی هۆنییەوەو ئێستا فەراشە لە یەکێك لەو ڕێکخراوانەی کار بۆ ئەنفالکراوەکان دەکەن!

ئەگەر ئەو لالۆیەی ئەوسا لە هەرەتی گەنجییدا بوو، ئێستا نیشانەکانی پیریی سیمایان بە تەواوی داگیرکردووە، چاوبگێڕێتو پرسیار لە گوندەکەی لە ماڵو موڵکی لە سەروەتو سامانی بکات.. کێ پڕکێشیی ئەوە دەکات وەکخۆی وەڵامی بداتەوە؟ ئەو باشدەزانێو بیریەتی کام سەرەك جاشو کام فەوجی خەفیفەبوو، ببوونە پەستەك سووری بەر لەشکری ئەنفالچی بەعس بۆ تالانو بڕۆی گوندەکەی.

ئەگەر هاتو پرسیاری ئەو سەرەك جاشەی کرد، کێ زمانی گۆدەکاتو بڵێ: ئەو بەڕێزەی تۆ لێیدەپرسیت زۆر لەمێژە ئەندامی سەرکردایەتی فلان حزبەو تا ئێستا لە چەندین کۆڕو سیمینارو بەرنامەی تایبەت بە ئەنفالیش دا بەشدارییکردووە!

ئەگەر ئەو کوڕەلاوەی کە ئەنفالکرا تەمەنی هەر پانزە شانزە ساڵیك دەبوو،ئێستا قژی ماشوبرنجیی بووەو فیراق چەند خەتێکی خستۆتە تەوێڵو نێوچەوانی، بپرسێت کچەکەی خاڵۆی کە هێندەی هەموو دنیا دڵیان بەیەکەوە بوو، ها لەکوێ ؟ کێ دەوێرێت پێیبڵێ ئەو کەنیشکە باوانخراوەی تۆ باسی دەکەی، فرە جوان بوو برای خۆی بۆی حەیران دەبوو، هێندە هاتوچۆی ئەم دائیرەو ئەو ڕێکخراوەیان پێکرد بەڵکو مووچەیەکی بۆ ببڕنەوەو چیتر چاو لە دەستی ئەمو ئەو نەبێت، تا بوو بە نێچیری داوی ئەنفالدۆستێك، مارەی کردو تەلاقیداو بوختانی خراپیشی خستە پاڵی! بۆیە ئەویش سەری خۆی هەڵگرتو خوا نەبێت کەس نازانێت بۆ کوێ چووە!

ئەگەر هەندێك لەو دایکانەی بەپێش چاوی خۆیانەوە کچەکانیان جیاکردنەوەو بردیانن، لە چارەنووسی کچەکانیان بپرسن، کام رۆژنامەنووس جورئەت دەکاتو پێیانبڵێ کچەکانی ئێوەو گەلێکی تریش لەلایەن سەرۆکی فەرماندەوە کرانە دیاریی بۆ مەلهاو باڕەکانی وڵاتی میسری عەرەبی ئیسلامی برا؟

ئەگەر هەر یەکێك لەوان بچنو سەردانی ئۆردوگاکانی نصرو صمودو مدینە شۆڕشو پیرەمەگروونو خەباتو بنەسڵاوە..و..و..و بکەن، کە هێشتا هەر کەسوکارو پاشماوەکانی ئەوان لەو شوێنانە رۆژانە ژیان دەکەنە پێخۆری مردن! دە پێمبڵێن لە کاتێکی ئاوادا کام ئاسمان دێت بەهانامانەوە هەڵمانکێشێت، کام زەویی قوتماندەدات؟ چۆن ئاخر چۆن پێیان بڵێین ئێمە ئێستا لە سایەی ئێوەدا ئازادینو خاوەنی دوو حکومەتیشین؟

ئەی ئەگەر مامۆستا رەشتاڵەکەی ئەو گەرمیانە کە هەمیشە رادیۆکەی لە تەنیشت خۆیەوە بوو، شەو تا درەنگ لەبەر چرا کزەڵەکەیدا خەریکی خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانی شۆڕش بوو، بەردەوامیش باسی شۆڕشی نوێو ژیانی نوێو گوندی نوێو هەموو شتێکی نوێی بۆ قوتانییەکانو هەموو گوند دەکرد، ئەگەر هاتو مامۆستا بە وردیو خۆی ئاسایی کەوتە خوێندنەوەی ئەو سەدو هەشتاو دوو هەزار کتێبو نامیلکەو گۆڤارو رۆژنامانەی دەربارەی ئەنفال نوسراون یان نووسێنراون.. کێ لەخۆی رادەبینێ سەیری چاوەکانی ژێر چاویلکەکەی بکاتو بپرسێت: ها.. مامۆستا ئەو نووسینانەت پێچۆنە؟ چونکە ئەویش وەك پیشەی هەمیشەیو راستگۆیانە چەند دانەیەکیان جیادەکاتەوەو دەلێت: بڕۆن هەموو ئەمانەش بڕك بدەنە سەرەنوێلکەکان.. ئەمانە پاکیان درۆو ریاییو هەڵبەستراون بەناوی ئێمەوە. مامۆستا کەمێك سەربەرزدەکاتەوە ئەمجارەیان دەڵێت: ئەو هەموو ساڵە جگە لە شێرکۆو قوربانیو غەمبارو عبدوللاو جەلیزادەو فاتیحو چەند ناوێکی تر زیاتر کەسێك ئیمەیلو مەسجێکیان بۆ نەناردین.

# هاوارێك لە خوێندكارانی پاشماوەی ئەنفالەوە

## نازم رەشید: گەڕانەوەی تەرمی كەس وكارەكانمان لەخوارووی عێراقەوە بۆ باوەشی دایك و كۆكردنەوەی لەیەك جێگادا



ناحیەی شۆڕش

فۆتۆ: عەرعەر

مادەكردنی : عەرعەر

ڕۆژگارێك بەر لەوەی خۆر هەڵبێت, كوردستانم لەخاچ درا مانگە شەویش شەرمەزار بوو خۆی دەرنەخست, هەمووشتێك لەبێمانابییدا خنكابوو, لەولاشەوە فرمێسك لەچاوی منداڵێك ئەتكاو جۆگەلەی بەست بەرەو ڕوبار. ڕوبار لەوێ بێڕەوت وەستا, ئەو بەیانییە چۆلەكەكان نەیان جریوان. كونەپەپویەكیش بەسەر كەلاوەیەكی وێرانەدا ئاوازی چۆڵەوانی ئەچڕی.

دەبۆ ساتێكیش بێت گوێبگرن با ئێمەی كچ و كوڕی ئەنفالەكان بۆتان بدوێین....

*بەرزان كەریم-كۆلێژی یاسا

دوای تێپەڕ بوونی هەژدە ساڵ بەسەر كارەساتی ئەنفالدا, وەك ئەوە وایە كەچەند ڕۆژێكی كەم بەسەر ئەو كارەساتەدا تێپەڕ بوبێت چونكە ئێستاش زۆرێك لەكەس وكاری ئەنفالكراوەكان لەئاستێكی بژێوی زۆرنزمدا دەژین, كەمترین پێویستییەكانی ژیانیان بۆدابین نەكراوە, تائێستا ژمارەیەكی زۆری كەس وكاری ئەنفال شوێنێك نییە كەتیایدا نیشتەجێ بن كەسەرەتایترین مافە.

ئەوەی كەپێویستە بكرێت بۆكەس وكاری ئەنفال كراوەكان زۆر زۆرە چونكە ئەوان كاتێك ئەنفال كران, سەرو ماڵیان ئەنفال كرا هیچیان بۆدەرنەچوو, بۆیە كاتێك كەس وكارەكانیان نێردران بۆئۆردوگا زۆرە ملێكان هیچ شتێكیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنابوو, دەتوانم داواكارییەكانم لەم خاڵانەدا كورت بكەمەوە :

١/دابینكردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆپاشماوەی ئەنفالەكان .

٢/زیادكردنی ئەو موچەیەی كەهەیە.

٣/دروستكردنی مێنۆمێنتێك بۆقوربانیان.

٤/ئاوڕدانەوە لەو شوێنانەی كەپاشماوەی ئەنفال كراویان تێدایە وەك ناحییەی شۆڕش و ناحییەی ڕزگاری و....هتد .

*نازم ڕەشید- چەمچەماڵ

ئەنفال جینۆسایدكردنی كوردبوو لەلایەن دڕندەترین ڕژێمی سەدەی بیستەم لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا, بێگومان لێكترازانی خێزانەكان و بێ باوك كردنی منداڵەكان كاریگەرییەكی خراپی بەسەر هەموو كەس وكاری ئەنفال بەجێهێلاوە, چونكە لەكۆمەڵگای كوردیدا تائەو كات پیاو دابینكەرو بەڕێوەبەری خێزان بوو, بەلاَم لەوكارەساتە بەدواوە ژنان ئەو ئەركەیان كەوتە ئەستۆ كەئەم قۆناغە زۆر زەحمەت بوو بۆئەوان. ئەو موچەیەی كەحوكمەت بۆئێمەی بڕیوەتەوە ژیانی گۆڕیوین بەلاَم زۆركەمەو بەشی پێداویستییەكانمان ناكات.

پێویستی ئێمە وەك خەڵكی ئەنفالكراو زۆر زۆرە لەهەموو ڕووەكانەوە پێویستیمان هەیە داواكارم ئیش بكرێت بۆ:

١/گەڕانەوەی تەرمی كەس وكاەكانمان لەخوارووی عێراقەوە بۆ باوەشی دایك و كۆكردنەوەی لەیەك جێگادا .

٢/ئەم كارەساتە لەلایەن حوكمەتی فیدراڵی یەوە دانی پێدابنرێت.

٣/هەوڵدان بۆدابینكردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خێزانە ئەنفالەكان.

٤/دابین كردنی دەرماڵەیەك بۆكوڕ وكچی ئەنفال لەزانكۆو پەیمانگاكان.

*سەرتیپ لەتیف-زانكۆی سلێمانی

لەمێژووی كوردستاندا كارەساتی زۆر جەرگ بڕ و ناهەموار بەسەر گەلەكەماندا هاتووە, بەلاَم یەكێك لەو كارەساتە ناوازانە هەر گیز گەلێكی بەوەفا لەبیری ناكات, كارەساتی بەناو ( ئەنفال)ە.

ئەنفال بەلای ئێمەی كوردەوە هیچی كەمتر نییە لە (هۆلۆكۆست)ی جولەكەكان بەلاَم ئەوەی كەئەم كارەساتە جیادەكاتەوە ئەوەیە جولەكە توانی سودی لێوەرگرێت بۆدروست كردنی قەوارەی سیاسی و ئابوری خۆیان بەلاَم (دەسەلاَت بەزۆر سەپێنەكانی)ئێمە نەك هەر نەیانتوانی سودی لێوەرگرن, تەنانەت پێشیان عەیبە هەر ناوی بهێنن چونكە خۆیشیان هاوكاریان بوون بۆلەناو بردنیان، پێویستە :

١/هەوڵبدرێت لەدەرەوەی ولاَت كارەساتی ئەنفال وەكو تاوانێكی جینۆساید بناسرێت لەنەتەوەیەكگرتووەكان و ڕێكخراوەكانی ماف مرۆڤ.

٢/مۆنۆمێنتێك بۆئەنفالكراوەكان لەبانی مەقان دروست بكرێت, بەلاَم نەك وەكو ئەوەی هەڵەبجە كەتەنها ڕەمزێك بوو.

٣/دروستكردنی سەنتەرێكی لێكۆڵینەوە لەكاریگەری پرۆسەی ئەنفال.

٤/موچەیەكی تابەتی دابین بكرێت بۆكوڕ وكچی ئەنفال كراوەكان لەهەموو ئاستەكانی خوێندن بەتایبەت لە زانكۆ وپەیمانگاكان.

*كوردە عبدالرحمان-كفری

هەڵسەنگاندنی ئاستی گوزەرانی ئەمرۆ پاش تێپەڕبونی ١٨ساڵ بە سەر ئەو كارەساتەدا ئەگەر خوێندنەوەیەكی واقعی و سەردەمیانەی بۆ بكەین دەبینین كە پاشماوەی ئەنفالەكان تا ئێستا هەر كەلاوەكانی سمود-شۆڕش...هتد, ژیان وگوزەرانیان بەسەر دەبەن هەریەكەیان لەو شوێنانە مۆڵدراون كە لە سەردەمی بەعس بۆیان دروست كراوە، ڕاستیەكی تر ئەوەیە كەتائێستا چارەنوسی ئەنفالەكان بەدیاری كراوی ئاشكرانەكراوە ئەمە هۆكارێكە كاریگەری دەرونی لە سەر پاشماوەی ئەنفالەكان دروست كردوە, تائێستەش لەبارودۆخێكی ناجێگیردا ژیان دەگوزەرێنن و بەوەعد و درۆكانی بەرپرسان ساڵ بەساڵ دەخەڵەتێن, ئەمەپاڵنەرێكە كەئەمرۆ لەسەر پاشماوەی ئەنفالەكان بەدی دەكرێت.

پێشنیارم بۆلایەنە بەرپرسەكان :

١/دروستكردنی مۆنۆمێنتێك بۆئەنفالەكان.

٢/كردنەوەی سەنتەرێكی توێژینەوەی دەرونی سەبارەت بەكارەساتی ئەنفال .

٣/دابینكردنی زەمالەی خوێندن بۆپاشماوەی ئەنفالەكان لە زانكۆكانی دەرەوە .

٤/هەلی كاركردن بۆ ژنان وكچانی ئەنفال برەخسێنن .

٥/گەیاندنی دەستی خزمەت گوزاری بۆئەو شوێنانەی كەپاشماوەی ئەنفالەكانی تێدا كۆبۆتەوە وەكو شۆڕش وسمود.

*تابان عەزیز-ئۆردوگای شۆڕش

پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەكی زۆر قێزەون و ناشرین بوو كەڕژێمی پێشوی عێراق دەرهەق بەگەلی كوردی ستەم دیدە ئەنجامیدا, ئەوەهەژدەساڵ بەسەر ئەوپرۆسەیەدا تێدەپەڕێت هێشتا ئاستی گوزەرانی پاشماوەی ئەنفال لەئاستێكی زۆر نزمدایە ئەوكەسانەی كەلەو پرۆسەیەدا ڕزگاری بووە هێشتا لەحاڵەتێكی دەرونی زۆرناهەموارو نائارامدا دەژین ودڵنیانین چارەنوسی كەس وكاریان چی بەسەر هاتووە, ئەمەلەلایەك لەلایەكی دیكەوە تائێستا لەلایەن حوكمەتی هەرێمی كوردستانەوە بەپێی پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە.

دەخوازم حوكمەتی هەرێم ئاوڕێكی جدی لەپاشماوەی ئەنفال بداتەوە و پێ داویستییەكانیان بۆدابین بكات .

پەخشان محەمەد ڕەشید-سلێمانی

ئەمرۆ هەژدەساڵ بەسەر كارەساتی ئەنفالدا تێدەپەڕێت و هێشتازۆربەی ئەندامانی كۆمەڵگاكەمان بەتایبەتی توێژی گەنجان و لاوان بەشێوەیەكی زانستی و واقعی تێگەیشتن و خوێندنەوەیان بۆئەم كارەساتە نییەو لەناوەڕۆكی كارەساتەكە بێخەبەرن .

هەژدە ساڵ تێدەپەڕێت وهێشتا كەس وكارو منداڵی ئەنفالەكان چاوەڕوانن مەزاری خۆشەویستیان و ئازیزانیان بۆدیاری بكرێت تالەم یادەدا بچنە سەری و فرمێسكی پڕ لەتاسەو حەسرەتی چەندین ساڵ چاوەڕوانی لەسەر برێژن, چاوەڕوانی، گەڕانەوە، سۆراغێك، هەواڵێك....

دوای پانزە ساڵ بەسەر ئازادی كوردستانداكەچی هێشتا پاشماوەی ئەنفالەكان ناتوانن بەئازادی داوای مافە ڕەواكانیان بكەن, كاتێكیش داوادەكەن دەكەونە بەر نەفرەتی حیزب و حوكمەت و بەگێرە شێوێن و ئاژاوەچی لەقەڵەم دەدرێن, تەنانەت لەناو حەرەمی زانكۆكاندا لەناو مەڵبەندی ئازادی ویەكسانیدا, كوڕ وكچی ئەنفالەكان ڕێگەیان لێدەگیرێت وەكو پێویست گوزارشت لەو یادە كۆست باریان بكەن تابتوانن هیچ نەبێت هاوڕێكانیان بەبەشێك لەمێژووی خوێناوی و قەتلو عامی میلەتەكەیان ئاشنا بكەن .

داواكارم :هەرچی گۆڕی ئەنفالەكان هەیە لە باشور و بیابانەكاندا بدۆزرێتەوەو بهێنرێتەوە كوردستان و گۆڕستانێكی شایستەیان بۆ دروست بكرێت, هەروەها كارەساتی بەناو ئەنفال بكرێتە بەشێك لەپرۆگرامی خوێندن و بەشێوەیەكی گرنگ و كاریگەر بەقەد گەورویی كارەساتەكە گرنگی پێبدرێت و لەقۆناغەكانی خوێندندا بخوێنرێت, ئاوڕێكی جدی لەباری ئابوری پاشماوەی ئەنفالەكان بدرێتەوەو چاوێك بەسیاسەتی حوكمەتدا بخشێنرێتەوە, هەموو ئەو ئیمتیازانەی دەدرێت بەبنەماڵەی شەهید با منداڵی پاش ماوەی ئەنفالیش بگرێتەوە, ساڕێژكردنی ئەو برینە قوڵەی كەلەجەستەو دەرونی پاشماوەكانی ئەنفالدا دروست بووەو بەردەوام دەكولێتەوە, دادگایی كردنی ئەو دەستانەیە كە بەشدار بوون لەكارەساتی ئەنفال دا.

## كێ لە خەمی ئەنفالدایە؟

هەر كەسوكارێكی ئەنفالكراوێك، بەردو دارو شاخێكی شوێنێكی ئەنفال لێكراوی گەرمیانو كوێستان، كە رازە قولپدراوەكانی دڵیان دەكەنەوە، دیرۆكێكی گەورەی خەمو خەفەتی ئەو كارەساتەیان پێیە، هەناسەكانیان هەمان هەناسەی ئەو ئەنفالكراوانەیە كە لە شوێنی گۆڕەكانیان لە بیابانەكانی عیراق، گوڵی سوور دەڕوێ بە خوێنو جەستەی بەپیتی ئەوان، گەشە دەكات.

خەمی ئەنفالكراوەكان لە خەمی برینەكانی دیكەی جەستەی كورد قولترە، چونكە ئەو پرۆسەیە جینۆسایدكردنی میللەتێك بوو كە هێشتا چارەنووسیان دیار نییە، لەسەر دەستی رژێمێك ئەنجامدرا كە باكی بەهیچ بەهاو بنەمایەكی مرۆڤایەتی نەبووەو بە شالاوێكی بەرنامە بۆدارێژراو، بە هەشت قۆناغ لە ناوچەكانی گەرمیانو كوێستانی كوردستان ئەنجامی دا.

كەسوكاری بەجێماوی ئەنفالكراوان، تا ئێستا چاوەڕێی زانینی چارەنووسی قوربانیەكانیانن، بە ئومێدی شادبوونەوە یا هەر هیچ نەبێت نزیكبوونەوە لە گۆڕە بە كۆمەڵەكانی ئەوان، بەلاَم چاوەڕوانییەكەی ئەوان پێناچێ هیچ تروسكاییەكی هەبێت.

لەگەڵ ئەو خەم و كۆستە گەورەی كەسوكاری ئەنفالكراوان، بەلاَم تا ئێستا ئیدارەی كوردی لە ئاست كەمترین ئەرك وبەرپرسیارێتی دا نەبووە بەرامبەر بە كەسوكاری ئەنفالكراوان، لە یادكردنەوەی ئەو كارەساتە بەولاوە شتێكی ئەوتۆی نەكردووە بۆ كەسوكاری بەجێماوی ئەنفالكراوان، هێشتا نەیتوانیوە خۆی بكاتە شەریك و هاوبەشی ئەوان لە خەم و ئازارەكانیان، سەرباری هەبوونی توانای دارایی گەورە لە ئیدارەی كوردیدا، كەچی نەیتوانیوە شتێك بۆ ئەوان بكات تا دوعایەكی خێریان بۆ بنێرن، بۆیە كەسوكاری ئەنفالكراوەكانیش كە منەتی زۆریان بەسەر حكومەتەوە هەیە، وەك توێژەكانی دیكەی گەل خەریكە بێئومێد دەبن لە ئیدارەی كوردی و بەرپرسان، خەریكە ئەوانیش وەكو خەڵكی هەڵەبجەی شەهید بێنە سەر جادەو خۆپیشاندان بكەنو داوای باشكردنی گوزەرانیان و ئاوەدانكردنەوەی دێهاتەكانیان و دادگایی كردنی كۆنە جاشەكان بكەن.

ئیدارەی كوردی كە تا ئێستا كەمتەرخەمیو بێ توانایی خۆی لە هەموو ئاستو بوارێكدا نیشانداوە، هەقوایە ئیتر هەڵوەستەیەك بكات و كەمێك بە خۆیدا بچێتەوە، لە پەنا دینگە كۆنكریتی و پاسەوانەكانیان بێنەدەرەو بچنە ناو خەڵك، بزانن كەس قسەی خێریان بۆ دەكات؟!

ئارام عەلی

# ئەنفال لە سەدەی بیست و یەکدا

**کاوە عەبدولرەزاق**

ئەنفال بەرمەنبای هەر دەسەلاَت و حوکمرانیەکی مێژوی مرۆڤایەتی بێت، تاوانێك بوو کرا و بەسەر مێژوی مرۆڤایەتیدا تێپەری، لە کاتێکدا فاکتەرەکانی ئەنجامدانی ئەو کارە بۆ خۆی هەڵگری دنیایەك لە پێناس و شوناس جیاوازەو، دەکرێت دیدگای جیاوازکاری مرۆڤایەتی جەوهەری پێکهاتەی نەتەوەی کورد و دۆز و قوربانی یە سیاسی و نیشتمانیەکانی بەشێکی کەمی ئەو لایەنەمان بۆ بخەنە ڕوو .

ئەمە لەکاتێکدایە کەپێویستمان بە سەدەها لێکۆڵینەوە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە هەناوی بەعسیزم و ئەو هێزانەی کە ئەمیان ئاراستە کرد بۆ ئەوەی کردەوەیەکی وەها گەورەی نا ئینسانی ئەنجامبدات، ئەمە جگە لەوەی پێویستمان بە دیراسەیکی وردی پەیوەندیە نێونەتەوەی و ئیقلیمیەکان دەبێت بۆ ئەوەی بزانرێت بێ دەنگی و متبونی ئەمان لە ئاست درزبردنی ئەو کارەساتە گەورەیەدا لە چیەوە ژێدەری گرتووە، لە کوێ هەموو ئەم هاوکێشانەدا یەك روانگە دەتوانێت هەموو ئەم نوخبە دەوڵەتیانە کۆ بکاتەوەو شیکاری ئەو فەزایە بکات کە بەرژەوەندی سیاسی ئەو هاوکێشە سیاسیانە لە چیدا یەکی گرتوە و گەورەی ئەو ڕامیاریە چییە کەلە ئاست گەورەی ئەم تراژیدیایەدا هەموو جیهانی بێ دەنگ کرد.

وەکو ووتم گرنگ ئەو نی یە بکەوینە شوناساندنی ئەم کارەساتە و بێین بەها مرۆڤایەتی یەکان لە بەرانبەر گەورەی ئەم عەمەلیاتەو بێ دەنگیەکانیشیدا بسڕینەوە، بە ڵکو لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە هەنوکە مرۆڤایەتی لەسەدەی بیست و یەکدایە و ڕۆحی ئەنفالەکان لە ناو ئەم سەدەیەدا دەژی و دایکی سەدان ئەنفال لەم سەدەیەدا چاوەڕێی هاتنەوەی نەوەکانیانن، وا هەژدە ساڵ بەسەر ئەنفال و ساڵی ١٩٨٨ دا دەگوزەرێت ئایا تاکو ئێستا ئیعتیراف لە سەر زیندە بە چاڵکردن و ئەنفالکردنی سەدوو هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەدا کراوە، ئایا هەڵوێستی جیهانی و ئیقلیمی و نێوخۆی عێراق لە ئاست ئەم کارەساتەدا چی یە؟!

ئایا ئەو عەقلیەتەی ئەو تاوانەی ئەنجامدا تا چەند لە عەقلیەتی ئێستای حکومەتی مەرکەزی دا وجوودی هەیە، ئایا گەر بەرژەوەندی جیهانی کە حاڵی حازر بەلاَی کوردا شکاوەتەوە، گەر پێچەوانە ئاراستە بکرێت، ئەبێت دیدگایان بۆ ئەم پڕۆسەیە چی بێت ؟!

ئەی دەسەلاَتی عیقلیمی تا چەند ئەمەی بە جینۆسایدێکی مرۆڤایەتی ناوزەند کردوە؟! ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد تا چەند ڕۆڵی بینیووە لەئاست گەورەکردن وبچوکردنەوەی ئەم تاوانەدا ؟!!!!!

ئایا ڕوناکبیران و وەزارەتە کارتۆنیەکان، ئیدارەکان ، چیان کردوە بۆ بەجیهانی کردنی ئەم کارەساتەدا؟!!!!

ئایا ئەنفال کارەساتێکە تەنیا لە چواردەی چواردا باسبکرێت و تەواو؟! ئایا ئەنفال ناوێکە تاکو ئێستاش بە شاراوەی و نهێنی بمێنێتەوە؟! ئایا ئەنفال چی بۆکراوە تا بە زیندوی بمێنێتەوە؟! کوا مۆنۆمێنت؟ کوا یادگاری؟! ئایا ژیانی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان و تەپ و تۆزی شۆڕش و ڕزگاری بە جیاوازی هەژدەساڵ بەر لە ئێستادا چی لێگۆڕاوە.

بەهەر حاڵ پرسیار کردن بە سە، گەر وەلاَمی نیوەی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، ئەوە ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ، لەهی کچ و کوڕی بەر پرسەکان هایلایف ترو، گەورەی ئەنفالیش لە هۆڵۆکۆستی جولەکە شکۆتر دەبێت، ئاخر تا هەنووکە دوو ئیدارە لەسەر دروستکردنی یەك مۆنۆمێنت بۆ ئەنفال، ڕێکنەکەون، من چاوەڕێی چی بکەم ئەم دوو دەسەلاَتە ئەنفالم بۆ بەجیهانی بکەن، مۆنۆمێنتی ئەنفال ئەم ئیدارە بڵێ بۆ من و ئەو ئیدارە بڵێ بۆ من، ئەبێ کام ستراتیژ چاوەڕێی ئایندەی ناساندنی ئەم نەهامەتیە بکات،



فۆتۆ: عەرعەر

### ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان لە کوێن

دوریش مەگرە هەردوو ئیدارە ئیعتیرافات لەسەر کەمبونی ڕێژەی ئەنفال بکەن بۆ لایەنگرتنی ترازوی زیاتری ڕێژە لای لایەکی تریان، گریمان وا مۆنۆمێنت دروستکرا، گرنگ نیە لە هەرکوێ بێت، هەولێر یان سلێمانی، بەلاَم ئەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی خەڵك ئەو مۆنۆمێنتەی لا خۆشەویست بێت؟ ئەوە کام میکانیزمە کە پێویستە حکومەت بیگرێتە بەر لە پێناوی سەیرکردنی ئەو سمبولەدا وەکو ڕۆژێکی نەتەوایەتی، بێگومان ئەنجامدانی سەدەها پڕۆژەی خزمەت گوزاری ڕازاندنەوەی ئەو ناوچانەدا دێت کە بوونە بەشێك لە قوربانی ئەو تاوانە، ئەو پڕۆژە و خزمەتگوزارییە شارستانیانەی کەدەتوانن ببنە بەرمەبنای ئەوەی مرۆڤەکان ئەنفالیان خۆش بوێت، بیکەنە بەشێك لەتراژیدیەکانی خۆیان، واتە حکومەت دەبێت ئەو پڕۆژانەی کە تاکو ئێستا ئەنجامی نەداون، بێت و بەناوی ئەنفالەوە ئەنجامی بدات، لێرەوە ئەکرێت پرسیارێك بکەین، ئایا قوربانی سەرەکی لەعەمەلیاتی ئەنفالدا ئەو کەسانەن کە ئەنفالکراون یان کەس و کارەکانیانن، یان ئەو مرۆڤانەشن، کە لە لێواری ئەو تراژیدیایە ڕزگاریان بووە؟!!! یاخود هەر هیچ نەبێت بەلایەك بەلاکاندا باجیان لە پێناوی ئازاری ئەم ولاَتەدا داوە، وەکو ماڵ سووتاندن، ئاوارە بوون، یان بە تالاَنبردنی ماڵ و سامانیان یان قوربانی داوە، لە ڕوی جەستەی و دەرونی یەوە.

لێرەدا تێگەشتین وا سەدەی بیست و یەکە، کەچی بیستو یەك وولاَتی جیهان لەوە ناچێت بزانن ئەنفال چییە؟! وا هەژدە ساڵ بە سەر ئەنفالدا تێدەپەرێت، کەچی هەژدە پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە شۆڕش و ڕزگاریدا جێ بەجێ نەکراوە، وا تاوان بارانی ئەنفال دادگای دەکرێن، کەچی تاکو ئێستا کردەی ئەنفال بەڕویانە نەدراوەتەوە، وا دوجەیل دەبێتە هۆی لە سێدارەدانی تاوانباران، کە چی سەدان دایك بەدەست خەوبینینی نەوە ئەنفال کراوەکانیان شەو ڕۆژیان بەخەمێك دەبەنە سەر ، کەواتە دەبێت بڵێین حکومەتی هەرێم ئەوە ئێوەن تا هەنوکە نەبونە فاکتەری بەدیهێنانی ئاوەتەکانی ئەنفال، تا هەنوکەش هیچتان بۆ ئەنفال نە کردوە، تا بیکەنە ڕەمزی مەزڵومیەتی نەتەوەی کورد، بۆیە حەقە ئەم سەدەیە سەدەی ئاوەدانی ناوچە ئەنفال کراوەکان بێت، سەدەی ناساندنی گۆرە بە کۆمەڵەکان و سەدەی ڕەوینەوەی خەمەکان بێت، تا سەدەیەکی تر لە نەهامەتی و مەرگەسات نە بووەتە میوانی وەرزە ئاڵەکانی عەدەم.

## (؟.؟.؟.؟.؟.؟.؟.؟.؟.؟.)

**شاهۆ غەفورسەنگاوی**

قسەکردن لەسەر کارەساتێك هەروا ساکار نییە و پێویستی بەتێڕامانی جدی هەیە.

(پرۆسەی مەرگ ) لە١٩٨٨ سەرلەبەری ناوچەکانی باشوری کوردستانی لەئامێز گرت و سەدو, هەشتاو دووهەزار جەستەی تێکەڵی لمەکانی باشوری عێراق کردوو هەمانهێندە ڕۆحیشی بەتێکەڵ لەبۆنی گوڵی چیاکان بەرەو ئاسمانی زەوی برد.

بەڵکو ئەمجارەیان لەناوبردنی بەکۆمەل و ئاوەدانکردنەوەی نوگرەسەلمان و عەرعەریشی گرتەوە, ئەو کردەوە دڕندانەیەی بەعس هەڵگری ناوی ئەنفال بوو، خەڵکی کوردستان وشەی ئەنفالی تەنها وەکو ووشەیەك لەناو قورئاندا بینیبوو نەدەزانرا تەفسیری بۆبکرێت, لەوە بێئاگا بوون کەبەمانای جینۆسایدکردنی هەزاران ئینسان دێت, بەڵێ لەدوای ئەنفالی هەشتاو هەشت منالاَن و خەڵکی کوردستان ئاشنایەتییان لەگەڵ چەمکی ڕاستەقینەی (ئەنفال)کردوو بوبە ناسنامەی نەتەوەیەك.

مێژووی دروستبوونی ئەم ووشەیە (ئەنفال) دەگەڕێتەوە بۆمێژووی دروست بوونی ئیسلام و لەو سەردەمەشدا هەمان مانای ئێستای هەبووە بۆتالاَن کردنوو کوشتنی بەکۆمەڵی ئینسان دانراوە.

(ئەنفال) لای خەڵکی کوردستان تەنها یەك پێناسەی دیاریکراوی نییە, بەڵکو زیاترلەپێناسەیەکی بۆدەکرێ و هەریەکە بەگوزارشتی جیا باسی دەکات, هەموو ئەوڕاستییە دەزانرێ ئەم پرۆسەیە بەسەرکردایەتی بەعسی عێراقی بەڕێوە چوو بەلاَم خەڵکانێکیش لەکورد هاوکاری ئەوڕژێمە بوون ودەستی ڕاستەوخۆیان تێدا هەبووە, بۆیەدوای ڕاپەرین و دواتر لەگۆڕنانی بەعسی عێراقی بەتەواوی لەساڵی(٢٠٠٣) دەبێت ئێمەی کورد چۆن لەئەنفال بڕوانین و چ جۆرە قسەیەکی لەسەر بکەین؟ بڵێین ئەنفال ڕوداوێکبوو لەکاتێکی دیاریکراودا ڕویداو بەس؟ یان بڵێین کارەساتێکە و ئەگەری دووبارەبونەوەی هەیە؟ یان دەبێت ژیانێکی گونجاو بۆئەومنداڵانە بدۆزینەوە کەدایك وباوکیان لەو کارەساتە بەجێیان هێشتوون و تائێستا لەگەڵ ئەو کارەساتەدا ئەژین یان ئەوژنانەی کەتائێستا چاوەڕێی هاوسەرو منداڵکانیان دەکەن؟ وەرگرتنی ڕەوایەتی وشەرعییەت پێدانی تێکڕای کردەوە سیاسییەکانی حیزبی بەعس لەو دیدو ڕوانگەوە سەرچاوەی گرتووە کەسەدان ساڵە نەتەوەی عەرەب پەیڕەوی دەکات, کەفۆتۆکۆپی نمایش و کردەوە و بەرنامەسیاسییە نێگەتیڤەکانی نێو بیابان و لم و زەلکاوە قوڕاویەکانی دەنەخشاند.

لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارەساتەدا زۆربەی ولاَتانی دونیاو ڕێکخراوە جیهانی و نێو دەوڵەتییەکان خۆیان لەدەرئەنجام وپاشهاتەکانی بەتەواوی کەڕ کرد بەهۆی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتیاتە لە عێراقدا و ئەوهاوکاری کردنەی حیکمەتی عێراقی بۆیان لەبەرامبەریدا هاوکاری کردنی بەشێکیان بەناردنی چەك وفەرماندەی شارەزاو کپکردنی ڕاگەیاندنەکانی جیهان لەو کارەساتە.

بێدەنگ بوونی جیهانی ئەوکات لەئاستی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە بەگازی ژەهراوی و خنکاندنی پێنج هەزار مرۆڤی مەدەنی بێتاوان زیاتر زەمینەی خۆشکرد بۆئەنجامدانی تاوانی چڕترو ڕەشتر دژبە گەلی کوردستان دیارترینیان تراژیدیای ئەنفال بوو بەچەند شالاَوێکی سەربازی دڕندانە بۆلادێ و گوندنشینەکانی کوردستان زیاتر لە (١٨٢)هەزار مرۆڤی بێتاوان بران بۆبیابانەکانی باشورو ڕۆژئاوای عێراق و لەوێ بەدەستە جەمعی قەلاَچۆو بێسەرو شوێن کران جگەلەوەی لادێکانی کوردستان هەمووی تەخت وخاپور بوون وئەوەی تێیدامایەوە ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرە ملێکان کران وئێستاش لەناو ئەو شالاَوی بێدەسەلاَتیدا ئەژین.

هیچ کام لەو مرۆڤانەی کەئەنفال کران لەبەرەکانی شەڕو سەنگەرەکاندا بەدیل نەگیرابوون, ئەم تاوانە هاوشان بوو لەگەڵ تاوانەکانی (ڕاگواستن وبەعەرەب کردن وکۆچ پێکردن وکیمیا باران کردن و وێران کردنی پێنج هەزار گووند) کەهەمووشی بۆگۆڕینی سیمای نەتەوەی کورد بوو نەك بۆچاو ترساندنی هۆزێك یان ناوچەیەکی دیاریکراو, دەبێت ئەم هێندە مرۆڤەی کورد چۆن لێکترازێنرابێتن و بە چ جۆرێك لەناو برا بێتن لەچەند جێگەدا بەلم داپۆشرابێتن؟ یاخود چەند منداڵ و ئافرەتیان بەولاَتی سعودیە و ولاَتانی تری عەرەب فرۆشرابێتن؟ ئاخۆ چەندیان کرابێت بە کۆیلە و چەندیان بۆکارپێکردن وچەندیشیان بۆڕیزەکانی سوپا ئامادە کرابێتن؟ لە هەمووی تاوانتر ئەوەیە کە ئەو منداڵانە ئێستە لەیادیان نەماوە سەر بەچی نەتەوەیەکن وکام قەدەر ڕەوانەی ئەوێی کردوون؟ بریا حوکمەتی کوردستان ئەوەی بەئەرکی خۆی بزانیایە بەشوێن ئەو ون بوانەدا بگەڕیایەو داستان و تراژیدییەکانی بنوسیایەتەوەو بەدیکۆمێنتیانی بکردایە.

## سەردار عەبدوڵڵا:
# ڕاگەیاندنی کوردی لەشیعاراتی قەبە زیاتر هیچ نازانێ



سەردار عەبدوڵڵا

سازدانی: عەرعەر

عەرعەر: ئایە ڕاگەیاندنەکان توانیویانە ئەنفال بە جیهانی بکەن

نەخێر نەیتوانیوە لەبەر ئەوەی قەزییەکە نەبۆتە جیهانی تۆدەپرسیت فلاَن ڕوداو بووە بەجیهانی؟ بەڵگەم چییە بۆئەو بەجیهانی بونە یان بەجیهانی نەبونە سەیردەکەم بزانم بووە بەکێشەیەك لەسەرئاستی جیهان بڕیچری لەسەر وەربگیرێت یاخود چۆتە ناو ناوەندەکانی بڕیاری جیهانییەوە کەچوبێت دەڵێم بەڵێ چووە بەڵام ئەوەی من دەیبینم نەخێر نەچووە، کوردستان شارەزایی لەکێشە بەجیهانی کردندا نییە ڕاگەیاندنی کوردی دواکەوتووە چ حزبی و چ ئەوانەی بەسەربەخۆ یان ئەهلی ناودەبرێن شارەزاییان نییە, ڕۆژنامەکان پڕن لەشیعارات زمانی تر نازانن جگە لەو زمانەی خۆمان ئەگەر بشزانن زمانی لاوەکی و لابەلا ئەزانن ئێستا لەڕۆژنامەکان بپرسن ئەو موئەسەسە یەی ئەمانەوێت ئەم کێشەیەی لێوەبکەینە نێودەوڵەتی کامانەن ئەگەر دەمیان نەبوو بەتەڵەی تەقیو من ناوی خۆم دەگۆڕم, لەشیعاراتی قەبە زیاتر شت نازانن, ئێمە فێر بووین بۆئەنفال شین وشەپۆڕ دەکەین خەریکە وەك (حەسەن وحوسەین)ی لێدەکەین .

ساڵی پار لەگەرمیان کۆبونەوەیەکی گەورە کرا وتم ئەم شین وشەپۆڕە دەستان خۆشبێت بەلاَم بەناوی ئەم شین وشەپۆڕەوە نامەیەك ئاراستەی سەرۆك کۆماری عێراق بکەن کە (مام جەلال)ە وەئاراستەی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی و سەرۆك وەزیرانی عێراق بکەن بڵێن بەناوی ئەم هەموو خەڵکەی کۆبۆتەوە داواتان لێدەکەین بەپەلە لیژنەیەك بنێرن لەحوکمەت ولەپەرلەمان بۆگەڕان بەو ناوچانەدا کەئەنفالی توش بووە, ئەم لیژنەیە دەبێت بگەڕێتەوە و ڕاپۆرتی خۆی بەرێتەوە بەهاوکاری لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان وحوکمەتی کوردستان بچن شوێنەکان بگەڕێن ومعاناتی خەڵکی ببینن وبیبەنەوە پەرلەمانی عێراق لەوێدا بڕیارێك دەرچێت بەرەسمی دەوڵەتی عێراقی داوای لێبوردن لەخەڵکی کوردستان و خەڵکی کەس و کاری ئەنفال بکات، دووەم، کۆمەڵێك بڕیار هەم بۆچاکردنەوەی ژیانیان و هەم بۆ قەرەبو کردنەوەی ئەنفال چ لەڕوی سیاسی وچ لەڕوی ئەخلاقی و چ لەڕوی مەعنەوی ومادی و مالیەوە, بەلاَم ئەوان نەیان زانی نامەیەك بنوسن نامەکەیان نەنوسی بەڵێنیان دا نامەکە بەناوی ئەم خەڵکەوە بنوسن بۆسەرۆك کۆمار ئەوە خەریکە جارێکی تر سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێررێتەوە هێشتانامەکە نەنوسراوەو نەگەیشتووە.

لەبەر ئەوە کورد هات وهاوار زۆرئەکا فشە زۆرئەکا، بەلاَم لەئیشەکان زۆر نازانێت، گەر بیدەیتە دەست ڕاگەیاندنی کوردی دەست ئەوانەی کەئێستا لەڕاگەیاندنی کوردي ئیش دەکەن بە پەنجاهەزار ساڵی کە ئەنفال نابێت بەکێشەیەکی جیهانی .

عەرعەر: وەزارەتی مافی مرۆڤ وئاوارەو ئەنفال چی کردووەبۆخزمەتی کەس و کاری ئەنفال ؟

سەردار عەبدوڵاَ: نازانم چی کردووە بەلاَم لەبەجیهانی کردنی ئەم کێشەیە ئەنجامی ئیشی هیچ کەس نابینم، نەوەزارەت و نەڕاگەیاندن ونەکەسیتر, ڕەنگە هەوڵێك هەبێت بەلاَم مەسەلەیەك هەیەکەدەبێت خەڵکی بیزانن خەڵکی ئێمە کەدەچێت داوای ژن دەکات دەزانێت کێشەکانی بەردەم سەرخستنی ئەم مەسەلەیە چۆن چارەسەر دەکات بەلاَم ئێمە ئەمەنازانین.

عەرعەر: حوکمەت بۆنەیتوانیوە ئەم ئەرکە لەئەستۆی خۆی بگرێ و ئەم خەونە بیهێنێتە دی؟

سەردار عەبدوڵاَ: نازانم خۆ حوکمەت کادرەکانی خۆی لەمەریخەوە ناهێنێت لەم کۆمەڵگایەوە ئەیهێنێت, ئێمە دەردێکی جەوهەریمان هەیە نامانەوێت دانی پێدابنێین ئێمە لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا ین ئەم کۆمەڵگە دواکەوتووە بەشی ئیدارەدانی دەوڵەت و نیشتیمانێك کادری پێنەگەیاندووە خۆشمان زۆر بەموهیم و لەپێش میللەتی ترەوە ئەزانین, توشی دەردێکی تربووین کەپێی ئەوترێ فشەکەری، ئێمە لەبەرئەوەی دواکەوتوین وخۆشمان بەدواکەوتو نازانین ئەمە وای لێکردووین ببین بەفشەکەر کەزۆر بوار هەیە دەبێت شارەزایی تێدا پەیدا بکەین، دەبێت حیکمەت و وردەکاری تێدا هەبێت و کادری پسپۆڕ پێبگەیەنێت کەهێشتا پێنەگەیوە بەشێکی جەوهەرییە دەکرێ حوکمەت پرۆژەی هەبێت بۆپێگەیاندنی خەڵك لەم بوارەیا هەوڵ دراوە ڕەنگە ئەوەی کەکراوە هێشتا نەیپێکابێت، ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە زۆر ئەخایەنێت لەوانەیە ئێمە چوار ساڵی تر بزانین کێشەی ئەنفال بەجیهانی بکەین، مەسەلەن ئەو برادەرانە ئیشیان کردووە بۆپاراستنی بەڵگەکان و نەیان هێشتووە لەناو بچن، کەخۆی ئەمانە بەشێکن لەپرۆسەی بەجیهانی کردن بە چ مانایەك؟ بەومانایەی کەئێمە سبەینێ بچینە بەردەم هەیئاتی نێودەوڵەتی بۆئەم مەسەلەیە بەڵگەمان هەیە.

نەبونی کادری پسپۆڕیش دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوی کۆمەڵکە, هۆکارەکەشی ئێمە شارستانی کۆنمان نییە, مێژومان هەیە مێژوی ئیمارات مێژوی هۆزایەتی کۆمەڵگایەکی سونەتیمان هەیە، کۆمەڵگەیەك ڕێگری سروشتی شاخ و ئەوانەی کە وای کردووە پەیوەندی لەناوخۆی ئێمە لاوازبێت یەك زمانی هاوبەشمان نییە, ئاساییە میللەتێك لەهجەی جیاجیای هەبێت بەلاَم زمانێکی هاوبەشمان نییە من ڕۆژنامەنوسێکم دەمەوێت ڕۆژنامەیەکی نەتەوەیی گەورە دەرکەم، بەومانایەی هەموو کورد بیخوێنێتەوە، نازانم بەکام لەهجە بینوسم ئەوا ڕێشکەوتین لەسەر لەهجەکە ئەی بەکام فۆنت بینوسم بەپیتی عەرەبی بینوسم یان لاتینی, دەردەکان لەوە گەورەترن نەبەو مانایەی حوکمەتەکە و نوغبە سیاسییەکە کەخۆم بەشێکم لێی بەتاڵی بکەمەوە, ئێمە پلانمان نییە پرۆگرامی باشمان نییە.

## مەحمود سەنگاوی:
# پێڵاوی کچە فرۆشراوەکانمان لەسەری دکتۆرەکانی جامعەی ئەزهەر پیرۆزترە

سازدانی: عەرعەر

من وەکو یەکێك لەو پێشمەرگانەی کەلەکارەساتی ئەنفالدا بەشدار بووم تەنیائەتوانم شتێکی بچوکتان بۆ بگێڕمەوە، دیارە کارەساتی ئەنفال بەرنامەیەکی لەپێش داڕێژراو بوو لەلایەن حیزبی بەعسەوە بۆئەوەی میللەتی کورد جینۆساید بکرێت ولەناو ببرێت، لەبەر ئەوەی ئەو سوپایەی کەهات بۆکوردستان بەرنامەی خۆی پێ بوو کەچی بکات بەرامبەر ئەو میللەتە، ئەوەنەبو بگەڕێتەوە بۆقیادەکەی چیبکات ونەیکات ئەوسوپایە هاتبوو بۆئەوەی ئەومیللەتە قڕبکەن، لەشەڕەکانی زەردە بەشداریمان کرد ئەوەبوو لەدواجاردا توانای هیزەکانی پێمەرگە کەم بویەوە لەبەرامبەر هێزێکی زۆرو زەوەندی بەعس کەلە بەرەکانی شەڕی ئیران عیراق گەڕابونەوە، ئەو هاوکارییە زۆرەی کەلەلایەن هێزەکانی دونیاوە ئەدرایە عیراق بۆتێکشکاندنی هێزەکانی ئێران بۆیە سوپای ئێران بێچەك ببو توانای کەم ببۆوەو ڕوی لەشکست کردبوو نەی ئەتوانی بەرەنگاری عێراق ببێتەوە لەڕوی چەك وتەقەمەنی وتەکنیکەوە، هەربۆیە بەعس سوپاکەی لەبەرەکانی شەڕ کشانەوەو هێنایە سەر کوردستان وبەچەند قوناغێك پرۆسەی ئەنفالی دەست پێکرد، قوناغی یەکەم سەرکردایەتی بوو قوناغی دووەم دۆڵی قەرەداغ ولەقۆناغی سێیەمدا هاتنە گەرمیان لەگەرمیان لەئاخر ڕۆژدا کەئێوارەی(٤/١٤)بوو بێئومێدی باڵی کێشا بەسەر هەمو ناوچەکانی (ه.پ.ك)کەهێزێك بو تەنیا تەیار بەبیرو باوەڕێکی قایمەوە لەبەرامبەر ئەو هەموو هێزە زۆرو تەکنیك وکیمیاییە, هێزەکانی پێشمەرگە توانایان کەم ببوەوە سەرکردایەتی بۆپاراستنی گیانی هاولاَتیان بڕیاری کشانەوەی دا لەناوچەکانی گەرمیان، چونکە نەنەخۆشخانە نەجێگەی پێویستمان نەبوو لەهەر چوار لاشەوە دەورە درابوین هەمو میللەت توشی گرتن وسزادان ببون چەند دێیەکی کەم نەبێت لەناو چیاکاندا مابونەوە فڕۆکە جەنگییەکان بەهەموو جۆرێك گوندەکانیان موشەك باران کرد هیچ شوێنێکی ئەمنی نەمابووەوە بۆئەوەی جەماوەرەکەی تیابێت وهێزی پێشمەرگەش نەیئەتوانی بەبێ جەماوەر درێژە بەخەباتی بدات لەوناوچەیە.

ناخۆشترین ڕوداوەکان ئێوارەی(١٤/ ٤) بوو کە بڕیاری کشانەوەمان دابوو بۆسنورەکانی ئێران . عێراق ئەو بەشە خەڵکەش کەمابوەوە سەرگەردان بوو.

ئەوەی کەهەمیشە لەیادمەو لەیادم ناچێت پێشمەرگەیەك بوو بەناوی (صلاح)لەلای داربەڕویەك بەبرینداری دامان نابوو لەناو تابوتێکداو چەند پێشمەرگەیەکی تری برینداریشمان هەبوو، بەلاَم ئەوپێشمەرگەیە توانای ئەوەی نەبوو خۆی بگرێت بەسەر ولاَخەوە دایانە دەست ئێمە بڕۆین بەلاَم من بڕیارم دابوو بچم ڕێگە پاك بکەمەوە برادەرانی تریش بڕیاربوو صلاح بێنن و لەدوامەوە بێن بەلاَم بەهۆی پچڕانی هێزەکان وبەگوێ نەکردنی پێشمەرگەکان بەسەرەوەی خۆیان من بەسەدو شەست پێمەرگەوە پێشکەوتم لەڕێگەی سەنگاوەوە بڕۆم بۆتاقیکردنەوەی ڕێگەکە بەداخەوە هەر دوای من صلاح یان بەجێهێشتبوو تائەو کاتەی لەبرساندا مردبو، دوای ئەوە ئێمە ژن ومنداڵێکی زۆرمان ببوە مل و بەشێکیان لەگەڵ ئێمە هاتبوون و ئێمەتوانیمان بیپەڕینەوە بۆ سەنگاو جێگایەك پێی دەڵێن مەرافان لەنزیك گوندی کانی خاکییەوە بەو سەدو شەست پێمەرگەیە ڕێگاکەمان پاك کردەوەو برادەرانمان ئاگادار کردەوە، هەتا بەیانی ڕێگامان بڕی بەلاَم بەیانی هیچ لەپێشمەرگەکان نەیان توانی حەرەسیات بگرن ئەوەندە ماندوو ببون لەشەڕی گەرمیان، ژنە پێشمەرگەکان پێیان هەموو بریندار ببون لەناو ئەو بەردەلاَنەدا کەئێستا هەندێکیان ماون ڕۆژی دواتر لەگوندی ئەحمەد لەوەن چوینە مزگەوتی گوندەکە بینیمان خەڵکێکی زۆرخەوتون لەسەرەتادا بەجاش لێیان تێگەیشتین بەلاَم چوینە سەریان یەکێکیان هەستا بینیمان باوکی پێشمەرگەیەکە، بەسەر ئەوهەموو ماڵ وێرانییەی کەبەسەر خۆیاندا هاتبوو بەسەرئێمەدا ئەگریا، ئێمە داوای نانمان لێکردن ئەوانیش بەس ئاژەڵیان لامابوو بەلاَم کەسمان توانامان نەبو ئاژەڵەکان سەر بڕین وتێر بخۆین.

حوکمەتی عێراقی بەوپەڕی دڕندانەیی کەوتبوە گیانی خەڵك ودوری خستنەوە ئێستە چارەنوسیان دەبینین کە ڕۆژانە گۆڕی بەکۆمەڵ لەباشوری عێراق دەدۆزرێتەوە. بەداخەوە ئێستەش دوای ئەو هەموو نەهامەتییە کۆمەڵێك هاتونەتە حوکم گەر دەستیان بڕوات لە صەدام حسین کەمترمان پێناکەن لەوانە ابراهیم جەعفەری و موقتەدا صەدر کەلە صەدام باشترنین.

ئومێد دەکەم هەردوو سەرکردایەتی کورد هەوڵبدەن ڕیزەکانیان یەك بخەن چونکە دوژمنەکانمان ئێستەش وازیان لێنەهێناوین وئەیانەوێ جارێکی تر داگیرمان بکەن.

گەر قسە لەسەر ئەوەبکەم ئەم سیاسەتە سیاسەتی بەعسی عێراقی بوو یان دەوڵەتانی تری عەرەبی لەپشتەوەبوو ؟

ئەمە سیاسەتی نەتەوەی عەرەب نەبوو بەلاَم دەوڵەتانی تری عەرەب هاوکاری تەواوی عێراقیان دەکرد لەشەڕەکاندا، گەش بینم لەوەی کەدوێنێ سەنتەری هەڵبجە لەزۆربەی ولاَتانی دونیا ڕێپێوانیان کردووە بۆبەردەم باڵوێزخانەی میسر بۆداواکردنی ئەو کچە ئەنفالانەی کەئەو دەمە براونەتە میسر, زۆرجار ئەو قسەیە دەکەم ودوبارەشی دەکەمەوە (ئەو کچە ئەنفالانەی کەبردنیانە میسر و لەوێ خزمەتیان پێدەکردن پێلاَوەکانیان زۆر زۆر لەسەری دکتۆرەکانی جامعەی ئەزهەر پیرۆزترە )کەیەکێکە لەمەڵبەندەکانی ئاینی ئیسلام لەدنیادا کە لەنزیك ئەو جامعەیەوە سوکایەتی بەکچەکانمان دەکرا بەبێئەوەی هیچ کام لەو مامۆستایانە بێنەجواب و بەرگری بکەن.

## ئازاد سدیق:
# "تا ئەنفال چیەکان دەوڵەمەندبن هەرگیز ئەنفال بەجیهانی نابێت"

سازدانی: عەرعەر

پ/ ئایە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن وحوکمەت و خزبە سیاسییەکان تاچەند توانیویانە ئەنفال بەجیهانی بکەن؟ ئەم بەجیهانی کردنە ئەرکی سەرەکی کام لەو لایەنانەیە؟

و/نەخێر, ئەوەهیچ زیادە ڕەوییەکی تیانییە کەبڵێین نەمان توانییوە ئەنفال بکەینە کارەساتێك لەئاستی جیهاندا ناسرێت, ڕاستە لەهەر شوێنێك باسی کورد بکرێت باسی هەڵەبجە ئەکرێت و باسی ئەو تاوانانەی تر ئەکرێت کەڕژێمی سەدام دژی کورد ئەنجامیداوە, بەلاَم یەشتا نەمان توانیوە ئەنفال وەك هۆڵۆکۆست بکەینە ناسنامەی خۆمان لە جیهاندا بیکەینە کارەساتێك کە هەموو جیهان بیناسێت وەکو قۆناغێکی جینۆساید وەك سیاسەتێك دژی کورد ئەنجامی داوە وەزارەتی ماڤ مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال ئەوەندە سەرقاڵی دەستە بەرکردنی خزمەت گوزاریە بۆ ئاوارەکان چ لە خێوە و چ لە خانوو چ لە کۆمەکی تر ئەوەندە نەیتوانیوە لە ئاستی کێشەی ئەنفال و قوربانیانی ئەنفال ئیش بکات، ڕاستە هەندێ ئیشی سادەی کردووە لە بابەتی مووچەو لە بابەتی زەوی، بەلاَم ئەمانە ناکاتە ئیشکردن لە ئەنفالدا چونکە ئیشکردن لە ئەنفالدا خەڵکی پسپۆرو ئەکادیمی ئەوێت، پرۆژەیەکی تایبەتی ئەوێت، ئێمە پێویستمان بە پرۆژەیەکە کە بیسەلمێنێت ئەنفال جینۆسایدە و ڕژێمی سەدام دروستی کردوە، ئەمەش زنجیرە ئیشێکی هەمەلایەنەی ئەوێت لە کەناڵە جیاجیاکانی جیهاندا.

پێم وایە بە جیهانی کردنی ئەنفال ئەرکی حکومەت نیە ئەرکی ڕێکخراوە تایبەتەکانە، ڕاستە حکومەت ئەتوانێت ڕۆژێکی تایبەت دابنێت بۆ ئەنفال ئەتوانێت شتی تایبەتی بۆ کەس و کاری ئەنفال دابین بکات، ڕەخنەیەك کە ڕوبەڕووی حکومەت دەبێتەوە ئەوەیە ئێمە لە جیاتی جەژنی ڕەمەزان و قوربان کە بەڕۆژوو ئەبین و دوای ئەیکەین بە جەژنی خواردن، ئەتوانین جەژنی ڕەمەزان بکەین بە ڕۆژێك و ڕۆژێکی بکەین بە پشوو بۆ ئەنفال، با لە جیاتی شەشی یەك چواردەی چوار بکەین بە پشووی ڕەسمی، بائەنفال ببێت بەبەشێك لەپرۆگرامی خوێندن, بائەنفال ببێت بەچاپتەرێك لەو مێژووەی خوێندکارانی کۆلێژ و خوێندکارانی ناوەندی و ئامادەییەکان ئەیخوێنن, بائەنفال بچێتە تەشریعاتی ڕەسمی دەوڵەتی تازەی عێراق و دەستوری تازەی عێراق و هەرێمی کوردستان کەئێستا ئەنوسرێتەوە با سەدام لەسەر ئەنفال دادگایی بکرێت بۆئەوەی ببێت بەپێشینەیەك کەئیتر کەس نەتوانێت بیر لەکۆمەڵکوژی بکاتەوە ئەوانەی ئەنفالیان کرد ئەوانەی پاڵەوانی ئەنفال بوون زۆربەیان لەسەر شەقامەکان سنگ دەردەپەڕێنن و کۆمپانیایان هەیەو دەوڵەمەند دەبن لەسەر حسابی ئەم میللەتە, لە ولاَتێکدا ئەنفال چییەکان دەوڵەمەندبن هەرگیز ئەنفال نابێتە دیاردەیەکی جیهانی, ئەوەیە چاو بەڕابردوو ئێستامانا بخشێنینەوەو سەرلەبەری ئەو کەسانە بدۆزینەوە کەلەئەنفالدا بەشداریان کرد دۆسییەیەکی تایبەتیان بۆئەوانە حازر بکەین وەك تاوان باریان بناسێنین ڕۆژی ٤/١٤ بکرێت بەپشوی ڕەسمی ئەنفال بکەین بەپرۆگرامی خوێندن, لەئاستی جیهاندا کۆنفراسی گەورە ببەستین پسپۆڕانی بواری جینۆساید و ئەتنۆساید بانگهێشت بکەین بۆئەوەی ئەنفال وەك تاوانەکانی کۆسۆڤۆ و بۆسنە وهەرسك و هۆڵۆکۆست و ڕواندا و تەیموری خۆرهەلاَت بۆئەوەی پەیوەدیان لەگەڵ بکەین, بۆئەوەی ئەنفال بەجیهانی بکەین.

# ئەنفالی سێ

## لە سێگۆشەی ڕەشی ڕژێمی بەعس و بێدەنگی میدیاو غەفڵەتی ڕێخراوە جیهانیەکاندا

هەڤال ئەبوبەکر
مامۆستای راگەیاندن

ئەنفال , یان کارەساتەکانی ئەنفال , ئەو زنجیرە پیلانە بەدوایەکدا هاتووانەی کە دواجار لەناو دڕندەیی دوژمنانی کوردو , بێ وەفایی دۆستەکانماندا گەورەترین تاوانکاریەکیان تێدا دژ بە کورد بەڕێوەبرد , ئەو هەنگاوانەبوون کە دوژمن بە هەر چوارپێ زلەکەی دەهات و ئاوەدانی ئەم وڵاتەی خاپور و دەنگی ئازادیی وڵاتی خامۆش دەکرد , بە هەشت ( ٨ ) قۆناغ لە ١٧ / ١٨ ی شوباتی ١٩٨٨ وە تا ١٥ ی ئەیلولی هەمان ساڵ درێژەیان کێشا , درێژەیەك کە تا دەهات تەمەنی بەعسی کورت دەکردەوە و , ڕۆژگاری ستەمەکانی درێژدەکردو تروسکای ژیانی لە ناو بێ ئومێدیدا نوقم دەکرد , ئەنفالێك بەڵام بەهەشت پلە و لە هەشت شوێنی یەك هەرێمی, یەك نیشتیمانی کوردانـدا , یەك ئاراستەی دوژمنکاری بەرامبەر هەموو پێکهاتە جیوازەکانی مرۆڤی کورد لە هەر کوێ بن :

ئەنفالی سێ ئەو هێرشانە بوو کە ناوچەکانی ( چەمچەماڵ , سەنگاو , قادرکەرەم , دووز , کفری , کەلار , پێباز و تیلەکۆ ) ی گرتەوە و لە ٧ ی نیسانی ١٩٨٨ دا دەستی پێ کردوو لە ١٧ / ١٨ ی نیساندا کۆتای هات .

بەم ئەنفالە ژیان لەم ناوچانەدا کۆتای هات, بەڵام خودی ئەنفال بەردەوام بوو بەرەو ( ئاغجەلەر و چەمی ڕێزان و ناوشوان و دەشتی کۆیە و تەق تەق , دوا تر بەرەو بادینان و ئینجا دواجار بەرەو بناری قەندیل ) .

ئەنفالی سێ سمبولی مەرگەساتەکانی کورد لە و ئەنفالەدا , ئەو ئەنفالەی جیا لەوانی دی ( ٢٠٠ ) هەزار کەسی تێدا شەهید و بێ سەرو شوێن و زیندان و ژێر خاك نران, ئەو ئەنفالەی لەناو دوو دیواری یەك وڵاتدا جینۆساید کران و لەم دەمەشدا ئەم شوێنانە کەچاوگی وزەی گەرمدان بە شۆرش و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی خەڵکی کوردستان بوون خاپور و تاڵان و وێران و یاساغ و داخراو کران, مرۆڤی کورد لە ناوچەکانی گەرمیانی ناو پرۆسەی دوژمنکاری ئەنفالی سێیەمدا, لە ناو بێدەنگیەکی ترسناکدا ڕەوو چاڵەکانی مەرگ ژیانیان بەڕێدەکرد, لەناو سێگۆشەیەکی بەعس و جەیش و جاشی ئەو ڕژێمە سەرکورت کەرە دڕندەیە بوو کە بەیاساغترین چەك و بە قورسترین ئامێرەکانی شەڕەوە هاتبووە مەیدانێکی بێبەرامبەر و هاوڵاتیانی مەدەنی ئەم ناوچانەی کردبووە نیشانەی خۆی .

لە دوو گۆشەی دواترا, بێدەنگی ڕێکخراوە جیهانیەکان بوو لە ئاست ئەم کارەساتەدا کە بەدەگمەن نەبێت گوێمان لە ڕاپۆرتێکی ئەوانە نەبوو, خاچی سووری نێودەوڵەتی دەڵێن عێراق ڕێی پێ نەدەدان بێینە ئەم ناوچانەوە بۆیە دوورە پەرێز لە ڕوداوەکەو لە شوێنی ڕوداو و ئاستی قوربانیەکانیش خۆمان گرت.

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا گۆشەی سێیەمە کە گۆشەی میدیایە, ئەو گۆشەیەی کەنەیتوانی زوومی کامێراکانی خۆی بۆ تەنها ساتێك ڕووبکاتە ئەو ڕوبەرە مرۆییەی کە لەکۆتایەکانی سەدەی بیستەمدا مژدەی مەرگ بە مرۆڤەکان دەدا.

میدیا لەم قۆناغەدا کەڕ و کوێرو بێ هۆش و بێ ئاگابوو, بێ ئاگایەك کە نەچاوی بەتینی تاوانی ئەو گەرمیانە سوتاوە دەکرایەوە, نە گوێ لەئاست دەنگی ئەو مرۆڤانەدا واڵا بوو کە هاواریان هەموو ئاسمانی جەنجاڵی کۆپتەر تینوی سەرزەمینی چۆڵکراویانی گرتبوو.

میدیا بۆ پێنج ڕەهەند دابەش دەکەین :

میدیای هاوڵاتیانی ناو پرۆسەکە : ئەمە هەر بوونی نەبوو, چونکە نە تەکنیکی گواستنەوەی زانیاریەکان لەم وڵاتەدا پێگەیشتبوو, نە هیچ ئەرکێك لەم ڕوەوە لەسەر ئەم زاتە پیرۆزانە بوو, چونکە بە کورتی ئەمان خۆیان بەشێك بوون لە ڕوداوەکە و شێرەبەشی قوربانیەکانیش بوون, هەرچەندە دواتر هەر ئەمانن کە دەبنە شایتحاڵەکانی ئەنفال و تۆماری هزریان دەبنە گێڕەرەوەیەکی ڕاستی ئەو ڕۆژگارانە و قوربانیەکانیان دەبنە کەرەستەی دەیان ( عارف ) ی زاهید و عابدی ئەم وڵاتەی عەشقی بە ئازادی ژیانە .

میدیای هێزی پێشمەرگەی کوردستان : ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە ئاستە میدیایەکاندا لاوازبوون, چ لەبەر نەبوونی تەکنیك, چ لەبەر بارودۆخی نالەباری ناوچەکان و یاساغی پێشمەرگە, چ لەبەر نەبونی کادری ڕاگەیاندنی وەها کە بتوانن ڕوحاڵی هەموو ناوچەکان بکەن, بۆیە لێرەشەوە تۆماری میدیای کز و کەم و لاواز بون هەرچەندە دواجار ئەم هێزە خەباتکارانەن کە دۆزی ئەنفال لە دەرەوە دەوروژێنن و پاڵپشتی بۆ دروستدەکەن .

میدیای حکومەتی بەعسی فاشی: میدیاکانی ئەمان ئەکتیڤانە ئەو تاوانکاریانە بە سەرکەوتن باسدەکەن و تاوانەکان دۆکۆمێنت دەکەن لە ڕەهەندی پێچەوانەی ڕەهەندی کوردەوە, ئەمانە بەشێکی زۆری کلتوری ئەنفالمان لە ئەمڕۆدا دەخەنە بەردەست, چونکە دڕندایەتی و تاوانکاری دوژمن دەسەلمێنن و ژمارەی هێز و جۆری هێز و ئامانج و چۆنێتی بەڕێوەچونی پرۆسەکان لە زاری خۆیانەوە بۆ تۆمار دەکەن .

میدیای وڵاتە هەرغییەکان: ئەمانە وڵاتی وەك تورکیا و ئێران دەگرێتەوە کە بەشی هەرە زۆری ئاوارەکان ڕویانکردوەتە ئەم ناوچانە, بەهۆی داخراوی ناوچەکانەوە نەتوانراوە ئەنفال وەکو خۆی تۆمار بکرێت, هەرچەندە زۆر جار ئەو ڕێکخراوانەی لەم دۆزەیان نووسیوە سودیان لە ئاوارەکانی ئەم ناوچانە وەرگرتووە, بەڵام چ بەهۆی خراپی پەیوەندی یان پەیوەندی باش لەگەڵ بەغدا دۆزی ئەنفالیان ونکردووە

میدیای جیهانی : میدیاکان ناتوانن بە ئاسانی و ئاسایی سنورەکان ببڕن و ڕوحاڵی ئەم تاوانانە بکەن, بۆیە هەندێ لەمانە بەسود وەرگرتن لە پەناهەندەکانی کورد هەندێ بابەتیان ئامادە کردووە , هەندێکی تریشیان لە چادرگەی ئاوارەکانی کوردا ئەمەیان کردووە بەڵام تەبایی سیاسەتی عێراقی ئەوسا لەگەڵ ویستی خۆرئاوادا زۆر جار ڕێگر بووە لە دەرکەوتنی ئەم جۆرە بابەتانە و هەرە زۆریان بە شاراوەیی ماونەتەوە. بەعسیش ڕێی بەکەس نەداوە ئەمە بکات, یان بە چەواشە کراوی ئەوەی خۆی بۆ ڕەوانە کردوون.

کەواتە بەئەنجام میدیای بێدەنگ و کپ و کوێرە لە ئاست ئەنفالدا و بەتایبەتیش لە ئاست ئەنفالی گەرمیاندا چونکە لەناو جەرگەی عێراق خۆیدا ڕویانداوەو بواری دەربازبوون بۆ تاکە کەسیشیان زۆر سەخت بووە .

لە ئەمڕۆدا دۆخەکە گۆڕاوە, بۆیە پێداویستی و چۆنێتی مامەڵە کردنیش لەگەڵ ئەنفالدا گۆڕاون لێرەدا ئەم دابەش کردنە دەکەین کە دەشێ لەسەر هەموویان وردەکاری تر دواتر بخەینە ڕوو :

میدیای هاوڵاتیان ئەکتیڤانە دەبێت کاربکات .

میدیای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان .

میدیا حکومیەکان .

پەرلەمان بڕیاری دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەنفال بدات.

وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال کاراتر کار بکات .

دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە هەرغیەکاندا بۆ ئەم دۆزە .

میرات و پاشماوەی بەعسە لەم دۆزانەدا سودیان لێوەربگرێت .

میدیای جیهانی کارا بکرێت چ لە ئاستی میدیای گڵهۆ باڵی کوردییدابێ , چ لە ئاستی هاندانی بەر ناو کارکردنی میدیای جیهانی خۆیان بێت .

کارکردن لەڕێی ڕێکخراوە ناحکومیەکان .

کارکردن لەڕێی ڕێکخراوە جیهانیەکان .

کارکردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان .

کارکردن لەگەڵ کەسایەتیە جیهانیەکان .

کارکردن لەسەر خودی هاوڵاتیانی پاشماوەی ئەنفال .

کارکردنی کاراتری دامەزراوە حکومیەکانی حکومەتی هەرێم .

هەموو ئەمانە میدیا لە ڕێی ڕۆژنامەوانە کاراکانەوە بەدوایانەوە بن تا لە ڕێی پەیرەوێکی وەك ( گەڕان بەدوای ڕاستیەکاندا ) یان وەك ( خەزانیی ) ئەو ڕژێمە کاریان لەسەر بکرێت .

# لە گەرمیانەوە بۆ عەرعەر

ئارام بابا

ئەنفال ناسنامەی گەلێکە کەجەستەی لەو ئازارانەی بۆهەمیشە ساڕێژنابن وهەرگیز مۆنۆمێنتی ڕەشپۆشی خێزانی بەجێماوی ئەنفالکراوەکان لەبیر نابرێتەوە, کێ ئەتوانێت منداڵێکی بێ باوك ژێربکاتەوە؟ کێ دەتوانێت منداڵێکی بێ دایك تێر شیربکات؟ کێ دەتوانێت ڕەنگی ڕەش پۆشی دایکێك بگۆڕێت بەسپی؟ کێ دەتوانێت ژنی ئەنفال کراوێك ژێر بکاتەوە لەگریان؟ کێ دەتوانێت خوشکە سنگ پڕ لەمێخەکانمان بهێنێتەوە ئەم نیشتیمانە؟ کێ دەتوانێت .....کێ ... من دڵنیام لەوەی ئەوانەی هاوکاری دڕندەکانی ئەو دەمەیان کرد بۆئەنفال کردنی سەرومالمان, ئەمڕۆسەرشۆڕن بەرامبەر بە مێژو و مێژویەك یادی ١٨٢٠٠٠ سەدو هەشتاو دوو هەزار تاوانی کوشتن وزیندە بەچاڵکردن بیر دێنێتەوە,خۆزگە لەساڵیادی ئەنفالدا هیچ شتێك نەکرابایە هێندەنەبێت ئەوانەی بەشداری تاوانی ئەنفالیان کرد لەلایەن کەس وکاری ئەنفالەکانەوە دادگایی بکرانایە, بێگومان ئەوکاتە بێجگەلەتاوانبارانی ناوقەفەزی دادگایی ئێستا دووهێندەی تریش لەدڵسۆزەکانی خۆشمان تێوە دەگلان, ئەنفال کردەیەکی نا ئەخلاقی ونامرۆڤانەی سەردەمی خۆی و دواتریش بوو,بۆیە برینی ئەو کارەساتە بەیادکردنەوەیەکی کاتی ساڵانە ساڕێژ نابێت ,لەبەر ئەمە پێویستە حوکمەت ودەسەڵاتی ئێستای عێراقی وکورد بەتایبەتی زۆر بەگرنگییەوە کار بۆ کەس وکارو بەجێماوی ئەنفالەکان بکەن کەتا ئێستا بەرامبەر بەبەشێك لەو کارەساتە هیچ شتێکی ئەوتۆ بۆ کەس وکاری ئەنفال نەکراوە, زۆر بەداخەوە تائێستاش ئێمەی لێقەوماو و بەجێماوی ئەم کارەساتە هەربەدەر نین لەنەهامەتییەکانی ئەو دەم چونکە فەرامۆش کردنی سنوری گەرمیان بەگشتی برینێکی ترە لەجەستەی ئەم نیشتیمانەدا, ئێمەی خەڵکی گەرمیان هەرلەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەکانی کوردەوە زۆرترین قوربانیمان داوەو سوتەمەنی بەردەوامی شۆڕش بوین, لەبەرامبەر ئەمەشدا چی کراوە بۆ ئەم سنورە کەمانای خزمەت وڕێز لێنان لەکەس وکاری ئەنفال کراوەکان بگرێتەوە؟ چی کراوە بۆئەوەی کەخەڵکی لەسایەی حوکمەتی هەرێمدا کەمێك ئۆخەی بکەن وبحەسێنەوە؟ بۆیە تائێستە گەر شتێك وەك ڕێزلێنان بۆکارەساتی ئەنفال نەکرابێت کەنیشانەیەك بێت بۆهەمیشە زندو ڕاگرتنی ئەنفالکراوەکان ئیتر ئێمە چاوەڕوانی چی بکەین لە حوکمەت ودەسەڵاتی کوردی وعێراقی بۆخزمەت کردن بەکەس وکارمان:

بەڵام بەرامبەر هەموو ئەمانە کوڕی ئەنفالکراوێك دەڵێت:-

کۆچی کوردان وابەکاروان دێ
لەڕێی شارانەوە
ڕۆژ بەباری قورس وبرسی شەو
بەبەر بارانەوە
نیشتیمانی خۆمە دە پێم مەڵێن
ئاوارەیە
گەرچی بێ ڕەشماڵ پێ خواسم
لەکۆسارانەوە



# حاجیەکان بیرەدا ڕەت دەبن

بسم اللة الرحمن الرحیم
یسئلونک عن الانفال قل الانفال للة والرسول
لەعەرعەرەوە قسە دەکەم
لە عەرعەرەوە
لە ژێر زەمینێکی بێ پەنجەرەوە
لە برینێکی بێ تخووبەوە
لە گۆڕستانێکی بێ گۆڕەوە
عەرعەر
کوژانەوەی سەدوو هەشتاو دوو هەزار مۆمە
لە دەم ئێوارەیەکی نەورۆزا
وشک کردنەوەی سەدوو هەشتاو دوو هەزار
پەپوولویە
لە نێو کتێبی پیرۆزا
عەرعەر
لە چاوە شینەکانی یەمامەدا
سەدوو هەشتاو دوو هەزارفرمێسکی
قەتیسماوی سوورە
عەرعەر
لە تەوێڵی شەرمەزاری مێژوودا
سەدوو هەشتاو دوو هەزار هێلانەی
پەڕەسێلکەی خاپوورە
لە عەرعەرەوە قسەدەکەم
لە باخچە هەڵواسراوەکانی ئەنفالەوە
ئەنفال:
سەدوو هەشتاو دوو هەزار مێش
سەدوو هەشتاو دوو هەزار برین
ئەنفال:
سەدوو هەشتاو دوو هەزار کەللە
سەدوو هەشتاو دوو هەزار گوڵەگەنم
ئەنفال:
سەدوو هەشتاو دوو هەزار شمشێر
سەدوو هەشتاو دوو هەزار گەردن
ئەنفال:
سەدوو هەشتاو دوو هەزار حجارە من سجیل
سەدوو هەشتاو دوو هەزار گووڵۆکە هەناری
دیل
ئەنفال:
سەدوو هەشتاو دوو هەزار جمر من حدید
سەدوو هەشتاو دوو هەزار ڕۆندکی شەونمی
شەهید
لە عەرعەرەوە قسەدەکەم
لە عەرعەرەوە
حاجیەکان بیرەدا ڕەت دەبن
باخەڵیان پڕە لە گوێز
مەتارەیان پڕە لە شنە
حاجیەکان بیرەدا دەگەڕینەوە
نێو دەمیان پڕە لە قەسپ و
مەتارەیان پڕە لە زەمزەم
کۆرپەیەک لەژێر لمەوە پێی گوتن:
من لە نێوان دوو شەنگەبیدا جۆلانەیەکم
هەبوو
لە تریقەی تریفە
چۆلەکەیەک لە ژێر لمەوە پێی گوتن:
من درەختێکم هەبوو کە گۆرانیم بۆ
دەگووت
گەڵا گەڵا چەپڵەی بۆ دەکوتام
درەختێک لە ژیر لمەوە پێی گووتن:
من کانیلکەیەکم هەبوو پێنج فەرزە تیایدا
دەستنوێژم هەڵئەگرت
لە ژێر لمەوە سەگیک بە حاجیەکانی گووت:
من شوان و ڕانە مەڕیکم هەبوو، نە
خەبەرێکیان
هەیەو نە ئەسەر
حاجیەکان بیرەدا دەگەڕێنەوە
کەشیدەیان پڕ لە حەسرەت
مەتارەیان پڕ لە تەنیایی
مەڕێکی شەهید پێی گووتن:
من شەنگەبیریەکم هەبوو، پەنجەکانی
دە ڕووباری شەکر بوون
لە ژێر لمەوە کۆترێک پێی گووتن:
من ڕووبارێکم هەبوو دوای هەموو جووت
بوونێک
خۆم تیایا بسمیل دەکرد
ژنێک لە ژێر لمەوە پێی گوتن:
اذ قالت رب ابن لی عندک بیتا فی الجنة
ونجنی من فرعون و عملة ونجنی من
القوم الظلمین
دەنگێک لە ژێر لمەوە، دەنگی عبدالباست
بوو
هاواری سورەتە زامارەکانی قورئان بوو
داوێنی حاجیە شپرزەکانی گرتوو
پێی گووتن:
بەر لەوەی ئایەتەکانم بسوتێنن
بەر لەوەی ڕەفیقەکانی ئەبوو جەهل
حەرفە پیرۆزەکانم لە خوێن سورکەن
من لە مزگەوتێکی چیایی دا
سەرم نابو بەسەر ڕانی پەپوولەیێ و
گوڵێک باوەشیێنی دەکردم و
کەناریەک بۆی دەخوێندم
گۆڕستانێک لە ژێر لمەوە پێی گووتن:
من گوندێکم هەبوو تاریک و ڕوونێک
بەر لەوەی کەڵەشێر مزگەوت لە خەو ڕاپەڕێنێ
چاویان بەست و
قۆڵیان بەست و
خستیانە پشتی ماشێنێ
حاجیەکان بیرەدا ڕەت دەبن
بە نێو گۆڕسانێکی بێ گۆڕو
بە نێو ئۆکیانوسێکی قیژە!
بە نێو ئاسمانێکی کشا
باخەڵیان پڕ لە سادەیی و مە تارەیان پڕ بەرائەت
ماڵای گەورە پێی گووتن:
بەر لەوەی بڕۆن بۆ پەنجەکانی بەردەڕەش
ها ئەمە تەزبیحێک
لە سەدوو هەشتاو دوو هەزار دەنکە زەیتوون
حەبیب خان پێی گووتن:
پێش ئەوەی بڕۆن بۆ گەردنی عائشە
هانێ گەردانەیەک
لە سەدوو هەشتاو دوو هەزار نقێمەگلێنە
لە عەرعەرەوە قسە دەکەم
لە عەرعەرەوە
تا چاو بڕ، دەکات شوێن پێ پیرۆزەکانی
پێغەمبەر
تا چاو بڕ دەکات
شوێن گاگۆڵەی گووندی هەتیوو
لایلایەی کانیلەی دەست بەسەر
تا چاو بڕ دەکات باخی عەدالەتی عوم

قوبادی جەلی زادە

# لەگەڵ گەردەلولی بیابان ئەنفالەکان دێنەوە

ڕاڤیار

لەگەڵ گۆڕانی هەر وەرزێك، لەگەڵ هەر گەردەلولێك کەلەباشوورەوەدێ، ئەو خۆڵ بارانەی کە لەبیابانەکانی باشوورەوە دێ، گەروومان، چاوومان، لوتمان، ئەگرن، لەنیوەڕۆدا وێنەی شەوێکی نائاسایی مان پێشان ئەدەن، ئەوخۆڵەی کەفرمێسك لەچاوی نووقاومان ئەتکێنێ، لێدانی دڵی خەوتومان زیاد ئەکا، ئەوانە ئەکۆکێنێ کە حەساسیەیان هەیە بە بۆنی قژی نەوە بەجێ ماوەکانی ئەنفال، من تێکەڵییەك لەو گەردەلوولەدا ئەبینم لەنێوان ڕملی بیابان و ئیسك پروسکی دایك باوك، براو خوشك و کۆرپە لە گڕووگاڵ کەوتووەکانی کورد هەرهۆی تێکەڵی جەستەی سوتاوی ئەنفال کراوەکانە لەگەڵ

لمی بیابان، بۆیەکە گەرووی نوساومان ئەگرن، گەروی نوساوی بێدەنگیمان لەئاست ئەنجام دەرانی ئەو کارە ساتە،

بەرچاومان دەگرن وسووری هەڵدەگێڕن، ئەسرینی شەرمەزاری لێ دەتکێنێ لەئاست نوقاوی بۆ (١٨٢) هەزار جووتە چاوی پڕخۆڵ کراو، قژمان ڕەق و چەوردەکا بۆئەوەی لەکاتی شۆردنا قژی هەڵوەریوی کچەنازدارەکانمان بێتەوە یاد

کەدوای ئەوەی جەستەی نەرمییان دەبووە ژەمەخۆراکی سەگەهارەکانی عەرعەر، پرچە کانیان بەبای وڵاتی بێ ویژدانی

دەگەڕانەوەو دەبوونە پەتی سێدارە و لەگەردنی کوڕە گەنجەکانی دەزگیرانیان دەئالاّ، دواجار لەهەناوی سەگێك دا هەردوو جەستە تێك دەئالاّن بۆهەتاهەتایە، لەشمان چەورو گران دەکا بۆئەوەی لەگەرماوێك داو لەکاتی خۆشتنا جەستەی ڕووتی کچە فرۆشراوە کانی پرۆسەی ئەنفال مان بێتەوە یاد کەلەبازاڕەکانی (ئومەی ئیسلامی ) هەڕاج کران و لە (مەلهە) کانی وڵاتانی خەلیج ئێستا بەڕووتی لەبەردەمی (یابەیەك) بەسەرێك سەمای وون بوون و بێ کەسی دەگێڕن.

لەهەر گەردەلولێك لەهەر خۆڵ بارانێك واهەستەکەم شاد دەبمەوە بەکۆمەڵێك هاوڕێ و کەسم بەڵام هەریەکێکیان لە جێگایەکەوە، بەبۆنێکەوە، بەڕەنێگێکی لێك جیاوازەوە، هەندێکیان کەمناڵ بوون ئێستا بەتەواوی کوردییان لەبیر چۆتەوە و بەتەواوی تێکەڵی ڕملی بیابان بوونە، ئەوانی تریش زمانی دایکیان لەیادە لەدەربڕیندا تێکەلن و بەڵام لەکوردبوون زویرن ؟

بەگشتی دەنگ و ڕەنگ و هەڵوێستییان گۆڕاوە. کەدەگەڕێنەوە ڕۆشنایی تیشکی خۆرمان لێ وون دەکەن دەست بەبیناقاقامانەوە دەگرن، خۆیان دەکەن بەهەموو کون وقوژبن وسووچێکداو بەدوای، چاوو لوت و گوێچکە و گەروومانەدا سەرگەرمی گەڕانن بۆئەوەی لەخەوی لەبیرچوونەوەو بێ ئیرادەیی و خۆخۆری و دووژمن نەناسی. بێدارمان کەنەوە، بۆئەوەی پێمان بڵێن ئێمە هەمیشە لەم غوربەتی ناکۆکییەدا لەگەرمای بیابان و لەبێنازی و دوورلەنیشتیمان لەچەووری و شۆری خاك وئاوی دژبە سروشتی بوونییەی ڕووحییمان ئەتلێیەنەوە، دەئێوەش ئەی ئەوانەی بەڤایرۆسی، پۆست و بەرژەوەندی و بێ توانایی و بێ ئیرادەیی و لەبیر چوونەوە و ئەنانییەت و حزبایەتی تەسك، تووشی نەخۆشی (ڕەبۆ) هاتوون لایەك لەپاشماوە کانی ئەنفال و گۆڕ غەریب کراوە کان بکەونەوە .

# 14ی 4 بوو....

لە نجە شیخ عوسمان

باڵندەکان سەرگەرمی فڕین بوون, منداڵەکانی عاشقان چاوەڕێ بوون, دڕندەکانی زۆرداری ئەو ڕۆژە بوو دەستگیرانەکان بڕیاری زەماوەندیان دابوو, بەڵام پێکەنینی درۆینە، فرمێسکی ڕاستی شادی ئەوانی سڕی، پێکەنینی دروستکراوبوو, بەناخە گلاّوەکانی خۆیان پێئەکەنین لەوسەرگەرمی ڕابردنەدا .....

هەناسەیەك هاتو وتی من عاشقی گەرمیانم, خنکاندیان...

کۆترێك هاتو وتی من پەیامی خۆشەویستیم بۆکوڕ و کچە نازدارەکان پێیە, بەڵام کوشتیان، کچێك هاتو بەوپاکییەوە نازەکانی ئاوێتەی سۆزی باوکی بکات بانگیان کردوو نەکوشتیان ونەخنکاندیان, بەڵام بردیان، دایکی هاتو هاواری کرد کواکچەکەم؟ وتیان بردیان بۆناپاکی وبۆڕابواردن، بوختان چیبوون, دڕندەبوون، لێواولێوبوون لەبێئابرووی، کواکچەکانی گەرمیانم مانای ڕابواردن دەزانن؟ کەی پێی ناپاکیان گرتووە و تاپێی بڕۆن؟ دواتر باوکی هاتو پرسی چیتان لێکردووە؟ وتیان سەفەری کردووە، وتی خۆ ئەو تاوانی نەبووە، وتیان چۆن نەیبووە ئەی کورد نەبوو!؟ وتی خۆکوڕەکەمیشتان برد ئەی ئەوتان بۆکوێ ناردووە؟ وتیان کوڕەکەت لەجێگایەکی خۆشترە ئێستاتۆش ئەنێرین بۆلای وایان وتوو بەزیندووی خستیانە چاڵ، درۆیەکی ڕاستینە بوو یەکەمجاربوو ڕاستی زاریان بکاتەوە، لایان وابوو ئەوجێگەیە دۆزەخی خەیاڵە بلاّوەکەیانە، نەیانزانی جێگای کوڕەکەی زۆرخۆشترە پڕەلەسۆزی خودایی هی کچەکەی ئابرو بردن بێبەهایی، ئەوساڵە هەشتاو هەشت جار دۆستەکانی ئێستای کوردستانم خەویان لێکەوتبوو، خەو خەوی ڕاستەقینە نەبوو خۆکەڕکردن لەقریشکەی ئەنفال بوو, بەڵام ئێستا بەخەبەر هاتوون لەگەڵ خۆم فرمێسك ئەڕێژن, لەپاش ئەمەش هەڕەشە لەبونم ئەکەن! حاشا لە جوگرافیا و مێژوو زمان وکەلتورمان دەکەن ئەی کوردستانی قەشەنگم هاواربکە داوای مافی هەڵەبجە و گەرمیانی سوتاوم بکە خۆئێستاکە حوکمەت حوکمەتی خۆتە کاربەدەستانی کوڕ و کچی خۆتن خۆ سیلەی ڕەحمیان نەماوە بۆزامەکان ساڕێژناکەن پێیان بڵێ بانەهێڵن بکولێنەوە هاواربکە، کوڕەکانم کچەکانم گەرمیان و هەڵەبجە و کوێ و کوێ تائەتوانن بەچاکی نۆژەن کەنەوە, با برینی شەهیدانم بەجارێك ساڕێژ ببنەوە باخۆشگوزەرانی بێنن لەجێی سەنگەری بەرگری ئەوکاتەمان دایمەزرێنن، باچیتر دایکی شەهیدان لەجیاتی بەهارو و نێرگز زیل و پۆستاڵی ڕەشی دوژمن نەبینن...

# با وێنەکان خۆیان بدوێن

















# گاڵتەجاڕیەتی ئەنفال



دارا ئەنوەر
کۆمەڵناسی

بێگومان گەلێك كە داوای مافی خۆی دەكرد، كە ئەویش گەلی كورد بوو داوای ئازادی و سەربەخۆی و دادپەروەری و یەكسانی نێوان چین و توێژەكانی كۆمەڵگای دەكرد، گەلێك داوای خزمەتگوزاری و پێداویستیەكانی بەڕێوە بردنی ژیانی دەكرد، داوای سڕینەوەی دیكتاتۆری و كۆنە پەرستی دەكرد هەر ئەم گەلەیە كە لەمێژەوە ویستویەتی خۆی لەگەڵ ژیانی مۆدێرندا بگونجێنیت و خۆی لە ژیانی گەرانەوە بۆ دواوە و كۆنە پەرستی دوربخاتەوە بۆ هێنانەدی ئەم خەونانەش خۆی لە بەربەرەكانی دیكتاتۆرێكی گەورەدا دەبینێت، هەر ئەوەش وای كرد كە ئەم گەلە ژێر دەستەیی قبوڵنەكات و بچێتە خەباتی بەربەرەكانی جێگای داخە ئەو تۆتالیتاریە بەعسیەش سەد و هەشتاو دوو هەزار منداڵ و پیر و گەنجی ئەم گەلەی ئەنفالكرد كە خۆی لە خۆیدا ئەنفال كردەوەیەكی دژ بە مرۆڤایەتیە كردەوەیەكە كە هەر دیكتاتۆریەكانی دنیا دەیكەن و لە دوایشدا باجی دەدەن، بەڵام من لێرەدا نامەوێت درێژە بەو لایەنانە بدەم و بگەڕێمەوە بۆ ڕابڕدوو بەڵكو هەر یەكێكمان ئەو ڕاستیە بەباش دەزانین كە هەستی ناسیۆنالزمی لە هەر تاكێكی ئەم گۆمەڵگایە وروژێنەریەتی، وە پێویستە لە ئێستاشدا بپرسین ئەنفالكراوەكان كێن؟ پاشماوەكانیان كێن؟ گاڵتەجاریەتی ئەنفال چیە؟ ئایە كەس بە تاوانی ئەنفال دادگایی كراوە؟ ئایا ئەنفال شوێنەواریەكانی هەر ماوە؟ ئایە ژیانی دۆزەخی بۆ پاشماوەكانی ئەنفال ماوە؟ بۆچی؟ گەلی كورد و ئەنفالكراوەكانی كە ئەنفالكراون لە پێناو ئایدۆلۆژیای خۆیان بووە، ئەو ئایدۆلۆژیایەی كە ڕوناكی مرۆڤایەتی پێ ڕۆشنتر دەكراویەوە، بەڵام لە ئێستادا دەسەڵاتی سیاسی كورد كەلە پێناوێكدا خەباتی دەكرد چاوەڕێی بوو كە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیگاتێ سەروەریەكی گەورە لە ڕابردووەوە بۆ خۆیان تۆمار بكەن مخابن ئێستا دەسەڵاتی سیاسی كورد خەریكە دژایەتی دەكات لە گەڵ سەروەریەكانی خۆیدا بە شێوەیەك كە لەم ڕۆدا نەوەكانی نوێ و ڕۆڵەكانی پاشماوەی ئەنفال توندڕەوی دەردەبڕن بەرامبەر بەم جۆرە ڕەوشی سیاسیەی كە هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە ژیانێكی پڕ دۆزەخیدا دەژین و هێشتا خزمەتگوزاریەكانیان هێندە نەگەیشتوەتێ كە بتوانن ئاهیك لە نەهامەتیەكانیان پێدەربڕن لە هەمان كاتدا كەس و كاری ئەنفال و ئەنفالبوەكانیشیان دەجەنگان دژ بە ناعەدالەتی، كەچی لە سایەی ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی ئێستا ناعدالتی گەیشتۆتە چڵەپۆپە و خەریكە سەروەری نەتەوەیی كورد و سەروەریەكانی خۆشیان لەناو ببەن، بە كورتی دەمەوێت بڵێم دەسەڵاتی سیاسی لە كوردستاندا لە چەند بوارێكی زۆر دەگمەندا نەبێت نە بیری ئەنفال و نە بیری نەوەی نوێ و نە بیری هەڵەبجەو نە.........هتد، ناكاتەوە بەڵكو هەندێ جار تەنهاو تەنها بیركردنەوەیە لە دروستكردنی چینایەتی و جیاوازی كردن ئەوەتا هەندێ جار نەوەكانی پەرتەوازە دەكات و ئازادی و سەربەستیان لێ زەوت دەكات و بە دەست ناپاك ناویان دەبات كە ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕێبازە بوو كە لە ڕابردوودا خەباتی بۆ دەكرد، بەڵام لە ئێستادا وا خۆی نیشان دەدات كە هەنگاو دەنێت بۆ دواوەو بۆ تاریكی، چونكە باوەڕی بە ئازادیەك هەیە كە ئەویش ئازادیەكە تەنها لەسەر ڕێبازی ئەو بێ و خەتی سور دادەنێت لەو دیو ئەو خەتەوە خیانەت كاردەكات، ئەمەیە دۆگمایی ئەقڵی سیاسی ئەمڕۆی كورد هەر بەم ئەقڵە سیاسیە ئێستاش كەس و كاری ئەنفالكراوەكانیشی فەرامۆشكردوە و بگرە بەشبەشی كردوە. كە ئەمەش هەڵەیەكی گەورەیە، چونكە چونە ناوەوە بۆ ڕێگایەك كە زمانێكی توندوتیژی لە كۆمەڵگایەكدا دروست دەكات كە خودی كۆمەڵكاكە خاوەنی مێژووی بەرەنگاربوونەوە دەبێت لە توندو تیژی بە مانا كۆمەڵگایەكە كەكار دەكات بۆ داماڵینی هەر دەسەڵاتێك كە توندو تیژی بەرهەم بهێنێت، با لێرەوە بڵێین ئەی ئەوانەی كە قسەكانتان هەنگوینەو كردەوەكانتان ژەهرە بەر نەفرەتی پیرێژنێكی منداڵ ئەنفالكراو كەون، بەر نوكی قەڵەمی دەسەڵاتی چوارەم و ئەوانەی كەلە حەقیقەتی كاری دەسەڵاتی چوارەم تێگەیشتون، بۆیە پێویستە لەمڕۆدا گەر خزمەت بە ئەنفالكراوەكان ناكەین با گاڵتە جاڕیان پێوە نەكەین با لە ڕیگەی تەلەڤیزوێن و كەناڵەكانەوە كە هەموو عاتفیەكانی دنیایان پێ دەكرین بۆ خۆمان با بچین ناوچە ئەنفالكراوەكان عاتفی بكەین ئەوەندەی هیلاكبونمان هەیە بۆ ئەوان و جارێكی تر بریندارکردنەوەیان با بڕۆین ئەو دەسەڵاتە كۆنە جاشانەی كە تیایاندا تا ئێستاش سەرپەرشتیان دەكەن لاببەن با لەو گاڵتەجاڕیەش دووربكەوینەوە كە خزمەتی لاوەكی و بێمانا وەك بەخشینی جل و بەرگ و دەرەجەو گەلێك شتی بچوك كە پێشكەش بە پاشماوەكانی ئەنفال دەكرێت هەموو ئەم شتانەش بریندار كردنەوەو ڕوشاندنی بونایەتی و مرۆڤایەتی با لەم هەموو كارە ناشایستانە دوور بكەوینەوە پڕۆژەی گەورە پێشكەشیان بكرێت وەكو دروستكردنی شارێك بەناوی شاری ئەنفالكراوەكان پاشان دۆزینەوەی ڕێگەچارەی نوێ لەگەڵ گرتنەبەری ڕێگەی گونجاو لە پێناو خزمەتكردنی تەواوی ئەنفالكراوەكان و كەس وكاریان.

# ئەنفالی ئەنفال نەکراوان

هاوڕێ ئەحەد

مەملەكەتێك گەر مێژووی بەو هەموو تاوانە بنیاد نابێت، تاوانە تاوانەكانی لە یاد بكات، میلەتێك گەر ئەو هەموو قوربانیەی لە پێناو ئازادی و دیموكراسی بەخشیبێت تاوانە لەم سەردەمەدا دەنگ هەڵنەبڕێت و داوای مافەكانی ژیانی ئازادی و دیموكراسی نەكات، نەوەیەك گەر باوك و كەسی كاریان لە پێناو خۆشگوزەرانی ئەودا گیانیان بەخشیبێت ترسنۆكە ئەگەر بونەوەرێكی قسەكەر نەبێت و نەتوانێت دەنگ هەڵبڕێت و داوای ژیانێكی كامەران بكات، با حكومەتەكەش خۆماڵی بێت، هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان حكومەتی خۆماڵی و حكومەتی داگیركەردا ئەگەر لە هەمان ئاستدا بن لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزادیدا، ئەم پارچە زەوییەی كە بە خوێنی سەدان هەزار كەس ئازاد كراوە، گەمژەییە بیكەینە موڵكی حزبێك یان حكومەتێك و خۆمان وەك سواڵكەرێك پیشانبدەین و داوای یارمەتی لێبكەین، گەر حكومەتێك لە پاش پانزە ساڵ ساوا بێت ئەوا پەنجا ساڵیكە نابێت بە حكومەتێكی كامڵ بۆ ئەوەی لە ئاست داواكاریەكانی منی پاشماوەی ئەنفالدا بێت، گەر منێكی لاو قسەكەر و داواكەری مافی خۆم نەبم ئیتر چۆن بتوانم داواكەری مافی قوربانیان بم، گەر من خۆم بەكۆیلەی حزبێك حكومەتێك ڕێكخراوێك بزانم ئەوا سەد ساڵی كەش پاشماوەی ئەنفال بەم شێوەیە بەبێ خزمەت و بێ پڕۆژە دەبێت، ژیانێك كە باوكی منداڵی ئەنفالكراو چۆن جێی هێڵاو ئەنفال كرا پاش هەژدە ساڵ ڕۆڵەی ئەو باوكە بەهەمان شێوە بژێت، ئیتر كامەیە شانازی بۆ دەسەڵات و بۆ ئەو منداڵە شانازی بكات بە حكومەتی خۆماڵیەوە، ئەوە ئێمەین قوربانیمان لە پێناو ئەم نیشتمانەدا داوە، ئەوە ئێمەین دەربەدەری و مەرگەساتیمان چەشتوە لە پێناو كوردبونماندا، هەر ئەبێت ئێمەش قسەكەرو بزۆك بین نەیەڵین چیتر بەناوی حكومەتی ساواو گەندەڵیەوە دیسانەوە ئەنفالبكرێینەوە، ئەو ژیانەی ڕژێمی سەدام لە ئۆردوگا زۆرەملێكاندا جێیهێشت پاش پانزە ساڵ لە حكومەتی خۆماڵی پڕۆژەیەكی وای بۆ نەكراوە كە جێگای شانازی بێت، گەر بە ژمارەش قسە بكەین، لە پاش دەسەڵاتی بەعس لە چەمچەماڵ و شۆڕشدا چوار خوێندنگە تێك ڕوخاون و تەنها دوو خوێنگە دروستكراون، گەر لاو و گەنجی پاشماوەی ئەنفال نەبن بە چاودێری ئەم حەقیقەتە ئەبێت چ ڕۆڵێكیان هەبێت؟ ڕوداو بۆ ئینسان ناگەڕێت، بەڵكو ئەوە مرۆڤەكانە بە دووی ڕوداوەكانەوەیە، گەر ئێمەی مرۆڤیش هێندە بەسەڵات و چاونەترسین ئیدی بۆ خۆمان بكەین بە كۆیلەو دەستەسڕ ڕاخەری بەر وەزارەتەكان، وەزارەتێك من و خاكەكەم بە موڵكی خۆی نەزانێت، ئیتر ئەبێت داوای چ سەروەریەكی لە ئەندازە بە دەری لێبكەم و پێی بڵێم خوێندنگەیەكم پێویستە! نەخۆشخانەم پێویسە! مۆنۆمێنتێكم پێویستە، بەڵام تەنها چوار دیوارو سلاپێك نا، بەڵكو شارەكەم بۆ بكەن بە ڕەمزێك وەك مۆنۆمێنت! مەلەوانگەم پێویستە، یاریگام پێویستە! پێویستە.....پێویستم! ئەبێت دەسەڵات هەرگیز ئەوەی لەیاد نەچێتەوە كە پەیوەندی نێوان ئەوو میللەت پەیمانێكی كۆمەڵایەتیە، تا چەند بتوانێت خزمەتم بكات ئەوەندە ئەوم ئەوێت و دەنگی پێدەدەم، دەسەڵاتێك و حكومەتێك و وەزارەتێك گەر بۆ خۆشگووزەرانی میللەت نەبێت، ئەبێت چ ڕۆڵێكی هەبێت، گەر نەتوانیت ئەنفال وەك كۆمەڵكوژیەكانی هۆڵۆكۆست و بۆسنە و هەرسك بەجیهانی بكات و پاشماوەی ئەنفالیش لە ژێر ئەو بە جیهانی بوونەی ئەنفال خۆشگوزەران بن، ئیتر ئەبێت چ حیكەتێكی سیاسیان هەبێت، من و حكومەت لەوە دڵنیاین پاشماوەی ئەنفالیش تورەن و بێ خزمەت گوزاین، لەوەش دڵنیاین قەیرانی شەڕی نێوخۆ چ كارەساتێكی بە تایبەت بەسەر كەس و كاری ئەنفالكراوەكاندا هێنا، هەر لە ڕاوە دوونانی ڕێكخراوە مرۆڤدۆستەكانەوە بگرە بۆ داڕوخانی ژێرخانی ئابوری و گۆڕانی عەقڵی سیاسی تاكی كورد بۆ دووبەرەو دوو ئەنفال، بەڵام من ئەوەیان نازانم و دڵنیانیم بۆچی و كەی ئاوڕێك لە پاشماوەی ئەنفال دەدەنەوە، مەهزەلەی عەقڵی تاكی كورد لەوەدایە باوەڕی بە گۆڕان نیە هێندە باوەڕی بە چەقبەستویی هەیە، باوەڕی بە نوێبوونەوە نیە هێندە باوەڕی بە كۆنبونەوە هەیە، تەواوی ئیشكردنی خۆی لە سەر ڕابردوو بنیاد دەنێت، ئیشكردنی بۆ ئێستا لە شانازیەكانی ڕابردووەوە هێناویەتی، كەوایە بۆ ڕابردووەكانمان لە بیر بكەین، كە دەسەڵاتێك هیچ پرۆژەیەكی بۆ داهاتوو پێ نیە و تەواوی ئیشی خۆی لە سەر ڕابردوو دەكات، كەوایە بۆ ئەنفال چی كردووە و چۆن توانیویەتی ئەنفال بكاتە شانازی، ئێسك و پروسكی ئەنفالكراوەكان لە عەرعەرن، بە جیهانی كردنی ئەنفالیش هەر لە عەرعەرە؟! لە ژێر بیابانەكانی عێراقدایە؟ كەس و كاری ئەنفالكراوەكانیش لە ئۆردووگا عەرعەرملێكاندایە، كەواتە نە توانیوتانە ڕابردوو بكەنە پڕۆژە بۆ داهاتوو، نە توانیویشتانە داهاتوی كەس و كاری ئەنفالكراوەكان دابین بكەن بەو بودجە زۆرانەی تەرخانكراوە بۆ هەردوو حكومەت، ئەمە جگە لە ئەنفالكردنێكی تر ئەبێت چ كارێكی تر بێت.



بەرەو ئەنفال بوون دەڕۆین ...

فۆتۆ: عەعەر

# ئەنفال لە ڕەهەندەکانی سیایی و مێژووی و کۆمەڵایەتیدا



د.ئەلبێرت عیسا

## هەر میللەتێك مێژووەکەی لەیادبکات ئەگەری دوبارە بونەوەی هەیە

د. ئەلبێرت عیسا

پ /دەکرێت لەسەر سیاسەتی عەرەب قسەمان بۆبکەیت بزانین ئامانج لەشالاوی ئەنفال کەمکردنەوەی قورسایی کوردبوو یان ئامانجێکی گەورەتری لەپشتەوەبوو؟

د.ئەلبێرت. دەبێت بوترێت مەسەلەی ئەنفال کارەساتێکە لە مێژووی میللەتی کورددا وەهەروەها لەناو چوارچێوەی مرۆڤایەتیشدا,

بەڕای من ئەگەر ڕژێمی عێراقی بەردەوام بوایە لەحوکم کردن پلانێکی زۆرزۆر فراوانتری دانابوو لەوانەیە بەجارێك لەناو بردنی میللەتی کوردی بکردایە بەئامانج .

ئەنفال کارەساتێك بوو ڕەنگدانەوەی حیزبێکی تۆتالیتاربوو کەحیزبی بەعس بوو ,ئەمە سیاسەتی ئەم حیزبە تۆتالیتارەبوو بۆنمونە لەهەندێ لەوتارەکانی (مشیر ئەفلەق) دامەزرێنەری حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییە لەساڵی ١٩٦٩ دەڵێت (ولاتی عەرەبی پێکهاتووە لەوزەویانەی کەدەست پێدەکات لەدەریای سپی ناوەڕاستەوە تاکەنداوی عەرەبی لەزنجیرە شاخەکانی تۆرۆسەوە ,ئەو کەمایەتیانەی کەکەوتوونەتە خوارووی ئەوزنجیرە شاخەوە ئەگەر هات و ڕۆژێك لەڕۆژان کێشەیان بۆ یەکێتی عەرەب دروست کرد ئەوەئەوانە ڕادەگوێزرێن ). زۆر زۆر رونە کەئەو وتەیە لە١٩٦٩ وتراوە واتە بەگوێرەی دیدی حیزبی بەعس میللەتی کورد کێشەی دروست کردووە بۆنەتەوەی عەرەب لەبەر ئەوە ڕادەگوێزرێن ولەناو دەبرێن ,پلانی ئەنفال لەهەشتاکانەوە دەستی پێکرد لەوانەبوو بەردەوامیش ببوایە ئەگەر ڕوداوەکانی کوێت لە ١٩٩٠ نەهاتنایەتە کایەوە ,بەدڵنیاییەوە دەڵێم هەرچۆنێك بێت کارەساتی ئەنفال و هەرچی کارەساتێکی تر لەمێژووی نەتەوەی کورددا ڕویداوە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس بووە کەئایدۆلۆژیایەکی تۆتالیتارە کەبەهیچ شێوەیەك لەسروشتیدا دان نانێت بەهیچ میللەتێکی ترو کەمایەتییەکی تردا جگەلەنەتەوەی عەرەب لەناو ئەوەی کەپێی دەوترێت ولاتی عەرەب وعێراقیش دائەنێ بە بەشێکی نەبچڕاو لەولاتە عەرەبییەکان .

پ/ولاتانی تری عەرەب بەشێوەیەك لەشێوەکان دەستیان لەپرۆسەکەدا هەبوو؟

د.ئەلبێرت. نازانم باوەڕناکەم بەلام هەرچۆنێك بوو ئەو کارەساتە ڕویداو هیچ کام لەولاتانی عەرەب هەڵوێستیان نەبوو ,خۆیان کەڕ کردوو هەندێکیشیان پشتگیریان کرد .

دەبێت میلەتی کورد ئەم کارەساتەی لەیاد نەچێت و بیگەیەنێتە نەوەکانی دوای ئێستا و بتوانێت بەجیهانیشی بکات,چونکە (هەر میللەتێك مێژووەکەی لەیادبکات ئەگەری دوبارە بونەوەی هەیە)

## ٢٥٠هەزارە، نەك ١٨٢ هەزار

ماموستا کەیوان

ئەنفال یەکێکە لەو دیاردانەی مێژوی مرۆڤایەتی بە دیاردەیەکی نامۆی زۆر خراپی دەبینم کە مێژوی مرۆڤایەتی تەنیوە, بریتی یە لە دیاردەیەك کە بە هۆیەوە سەرو ماڵ و سامانی کۆمەڵانێك بەتالان دەبرێت.

ئەنفال تەنها ئاینی وکۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی نیە,بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەر کۆدەبنەوەو بەهۆی ئەوە ئەنفالی پێ دروست دەکرێت، بەر لەوەی ئەنفال دیاردەیەکی ئاینی بێت دیاردەیەکی سیاسییە لە سیاسی وە بۆ سەربازی لە سەربازییەوە بۆکۆمەلایەتی وە بۆ ئابوریی, جگە لەوەی بە درێژای مێژووی زلهێزەکان هەوڵی ئەوەیان داوە کە سەرو سامانی ودەرامەت وتواناو بەهرەکانی بە تالان ببەن وە لە پرۆسەی ئەنفالدا لە ناوی بەرن,لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو زلهێزانە ئەو داگیرکەرانە نەیاتوانیوە ڕەوتی مێژوی ئێمە بگۆڕن, نەیانتوانیوە بەئەنفالیشەوە دیسانەوە نەتەوەیەك کە کوردە لە ناوبەرن وەتواناو بەهرەکانی لە کوردستانایە لە بیری بەرن دیارە لە مێژودا، مێژووی ئێمە پڕە لە پرۆسەی ئەنفال لە مێژوی کۆندا خەزرەجیەکانی ڕۆمانی و یۆنانی ڕۆمانی وەفارسەکان وەدواتر سوپایی عەرەبی ئیسلامی وەدواتر سوڵتەی عوسمانییەکان کردویانە بۆیە مێژووی ئێمە بەدەرنەبوە لە ئەنفال. بەر لە ئیسلامیش هەتا دوای دەوڵەتانی خەلافەتی ئیسلامی عەباسی خاکی ئێمەو خاکی مەنفەق کراوی نەتەوەی ئێمە ئەنفال کراوە, سەبارەت بەو ئەنفالەی ساڵی ١٩٨٨ کە ڕویداوە بەهۆی ئەوە ناوی کەوتە ناوناوان و کەوتە سەر زمانی کۆمەڵی کوردەواری, ئەو پرۆسەیەی کەڕژێمی بەعس بەکاری هێنا زیاد لە٢٥٠ هەزارە ئەوەی کە من پێی گەیشتوم نەك ١٨٢هەزار کەس کەتیایدا ئەنفال کرا، پێم وایە هەوڵی ئێمە بۆ جیهانی بونی ئەنفال هەوڵێکی زۆر زۆر لاوازە, هەوڵێکە لە ئاست گەورەی پرۆسەکەدا نیە, وە ئێمەی کوردیش دیسانەوە لە ئاست گەورەی ئەم دنیا و لە ئاست بەرفراوانی دنیا ناتوانین بەو هەوڵە لابەلایانە کار بکەین ئێمە پێویستمان بە هەوڵێکی چڕی جەماوەری و وە هەوڵێکی سیاسی و ئەکادیمی هەیە، بەهۆی چەندین ئامارو توێژینەوەی تایبەت لە بواری کۆمەڵناسی و ئابوری وسیاسی و سەربازی ومێژویی تا بتوانین چەند توێژینەوەیەك ئامادەبکەین و بیدەین بە دەزگا و ڕێکخراوە جیاجیاکانی جیهان, وەسەرئەنجام سەرکردەی سیاسی کوردیش کاری فیعلی بکات بەوەی کەوا پرۆسەکە بکاتە پرۆسەیەکی جیهانی, هەتا ئێستا کەس وکاری ئەنفال کراوەکان لەو پەری نەهامەتیدایە, هەتا ئێستاش دایك و ئەو خوشکانەی کە ئەمڕۆ ماونەتەوە چاوەڕوانی باوك و براو مێردەکانیان دەکەن تا ئەمڕۆش لە چاوەڕنیدا دەژین وکەسێك نازانێت ئایندەی ئەمانە بەرەو کوێ دەڕوات, کارەساتی ئەنفال وهەلەبجە کوردستانی گەیاندۆتە ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ.

## ژنانی ئەنفال لە هەمان کاتدا ڕۆلی پیاویش دەبینن

ماموستا ئەمیر

پرۆسەی ئەنفال بەگەورەترین کارەساتی مرۆیی دادەنرێت لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە .تەنها زۆری ژمارەی ئەنفالەکراوەکان نابێتەکارەسات بەڵکو بێسەرو شوێنیان زۆرێك ئاسەواری دەرونی وکۆمەلایەتی وئابوری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی, بۆیە زۆرهەڵەیەکەبڵێین تەنها (٢٠٠)هەزار بێسەرو شوێن کراوە ولەزەمینەیەکی مێژویدابووەو تەواو, بەلام پێم وایە ئەنفال بۆزیاتر لەنەوەیەك وبۆزیاتر لەزەمەنێك درێژدەبێتەوە و کاریگەری خۆی دەبێت.

وەکو پسپۆڕانی کۆمەڵناسی پێمان وایە ئەو کاریگەری و ئاسەوارەی کەئەنفال بەجێی هێشتووە لەسەرخێزان یان کۆمەڵگەی کوردی ئەوەیە کەکاریگرییەکی ڕاستەوخۆی کردووە لەگۆڕانی شتێك بۆشتێکی تر , هەمووخێزانێك لەماڵەوە باوك بژێوی ژیانیان ئەبات بەڕێوە, بەلام پرۆسەی ئەنفال کەهات ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەی تێکدا لەڕوی ئابوری وپەیوەندی کۆمەلایەتی نێوان خێزانەکان هەروەها لەڕوی پەروەردەکردنی منداڵەوە واتە منداڵەکان هەست بەوەدەکەن کەباوکیان نەماوەو هەست بەوەدەکەن کەسێکی کە بەخێویان دەکات ئەویش دایکێتی ئەمیش هەست بەکەمییەك لای ئەومنداڵە دروست دەکات ئەومنداڵەواهەست دەکات کەبەرامبەرەکەی خاوەن دایك وباوکە ئەم باوکی ئەنفالە, بۆیەکاریگرییەکەی زۆر ڕاستەویانە بووە لەسەرتاکەکان, من وەکو کۆمەڵناسێك دڵخۆشم بەوەی زۆرێك لەخوێندکاران توێژینەوە لەسەر ئەنفال دەکەن، بۆئەوەی ڕونکردنەوەیەکی جوان بەمندال وکەس وکاری ئەنفالەکان بدەن چونکە ئەوانەی کەڕۆیشتون کێشەی کۆمەلایەتی زۆریان بەجێهێشتووە، پرۆسەی ئەنفالیش هەرئەوەنییە کەڕژێمی بەعس زنجیرەیەك پەلاماری بۆسەر ناوچەکان بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان دەست پێکرد بەڵکو پاشماوەی ئەنفال بۆخۆی کێشەیە, ئێستە ژن ئەرکەکەی بووەبەدوئەرك لەخێزاندا دەبێت ڕۆڵی پیاویش ببینێت, لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژنە ئەنفالانەی کەمنداڵیان هەیە یان نیانە زۆرکەس لەوەیە پێی شەرم بێت بڕوات دوبارە لەگەڵیاندا خێزان دروست بکات .



م.ئەمیر



م.کەیوان ئازاد

# لەیادی جینۆسایدی ئەنفالدا, مافەکان بێ خۆپیشاندان

**فاتیح سەنگاوی**

دەسەلآت ، ئیتر هەر دەسەلآتێك بێت پێویستە پەستانی لەسەر بێت و ڕەخنەی لێ بگیرێ بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکاو خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بکا ، بە پێچەوانەشەوە مەرج نیە هەموو کات بەدەم داخوازیەکانی خەڵکەوە بێت ،هەر بۆیە بوونی گروپی فشار زەروورەتێکی واقیعیە بۆ جوڵاندنی دەسەلآت و بە ئاگا هێنانەوەی .

راستیەکیش هەیە دەبێ هەموو لا لێی ئاگادار بین ئەویش بریتیە لەوەی کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان لەلایەن حکومەت و دەسەلآتەوە خێرێك نیە بە خەڵکی بکرێ و خەڵکیش پێویست بێت بەردەوام خەریکی سوپاس و ستایش بێت بەڵکو ئەوە ئەرکی سەرەکی دەسەلآتە وەکو نوێنەری خەڵکی و ڕاپەڕێنەری داخوازیەکانی ، ئەگینا دەسەلآت جگە لەوە چ ئەرکێکی تری هەیە ، خێرو بێری وەلآتیش هی هەموو هاولآتیانە هەرچەندە بەداخەوە ئێمە زۆربەی کات وەك سواڵکەرێکی بەردەمی ماڵە ئاغامان لێ هاتوە دەبێت دەست پانبکەینەوەو دوعای خێریان بۆ بکەین لەسەر بەخششەکانیان .

لەکوردستانی خۆماندا بارەکە گەیشتوەتە ئاستێك بەبێ خۆپیشاندا (کە هەندێ جار توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە) بەپێی پێویست داخوازیەکانی خەڵك ئەنجام نادرێ ، یالەکاتی خۆیدا ڕای ناپەڕێنند، یان دزی و فزی لێ دەکرێ ، کاتێکیش خۆپیشاندان دەکرێ یەکسەر هەموو لایەك دەزانین چ مۆرکێکی لێ دەنرێ و بیردۆزەی موئامەرە یەکسەر ئامادەیی دەبێ و دەنرێ بە خۆپیشاندانەوە ، کە ئەوە مافێکی زۆر ئاسایی و سەرەتایی هەر مرۆڤێکە ، گۆرینی ئاقاری خۆپیشاندانەکانیش دەزگاکانی حکومەت بەپلەی یەکەم لێی بەر پرسیارن وەك لە خۆپیشاندەوران .

بگەڕێینەوە بۆ بابەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و کەس و کاری ئەنفال کە بەداخەوە کەمترین ئاوریان لێ دراوەتەوە بەتایبەت لە ناحیەی شۆڕش و رزگاری کە زۆرترین پاشماوەی کەس وکاری ئەنفالی تیادا دەژی ... ئەوەی ئێمە دەمانەوێت خێراکردنی پرۆسەی خزمەتکگوزارییە لەم ناوچانە ، ئەگینا ئەگەر کارەکە پەیوەستە بەوەوە کە هەر دەکرێ ، ئەوا دەزانین پاش دەساڵی تر زۆربەی کوردستان زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرێ پێستا کەس و کاری ئەنفال هەژارترین چینن لەم ناوچانەدا ، شەهیدانی ئەنفال بە پلە سێ دادەنرێت لە ڕووی ئەو بڕە هاوکارییەی پێان دەدرێت ، تاکو ئێستا تەواوی جادەو کۆڵانەکانمان بگرە شەقامەکانیش خۆڵەو لە زستاندا لەبەر قوڕو لیتە ئاوات دەخوازیت سەردانی خزم و کەس و کارت نەکەی یان سەرت لێ نەدەن .

تاوەکو ئێستا هۆڵێکی ڕۆشنبیری و کتێبخانەیەکی گشتی لە شۆڕش دا نیە ، بۆ پێشکەشکردنی کۆڕێك تەنها بارەگای حزبی هەیە یاخوود هۆڵ و پۆلی قوتابخانەکان کە ئەمەیان قۆرخی کۆمیتەکانی حیزبیەو تەنها ئەوان بۆیان هەیە ئازاد بن تیایدا ..لێرەوەش باسی ئازادی ڕادەربرین وئامادەسازیەکانی دەکرێ لە کۆمۆڵگای کوردیدا؟!!

ئەمە نمونەیەکی کەمن کەئاماژەم پێدا ئیتر نازانم ئەو بەڵێنانەی ساڵانە دەدرێن بە تایبەت لە یادی ئەنفالدا چیان بە خێرایی جێبەجێ دەکرێت ، بەبۆنەی یادی کارەساتی ئەنفالەوە بڕیاری نوێ و تازە دەرچووە خوازیارین ئەو بڕیارانە تەنها لەسەر کاغەز نەبن یان بۆ دامرکانەوەی رق و خرۆشانی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەیەکان نەبن کە زیاد لە چینەکانی تر هەست بە کێشەو موعاناتی دەڤەرەکەیان دەکەن ، لێرەوە داواکاری کەس و کاری جینۆسایدی بەناو ئەنفال ئەوەیە لایەکی جدیان بەلادا بکرێتەوەو ئەولەویەتیان پێبدرێ لە خزمەتگوزاریەکاندا ، نەوەك حسابی شوێنەکانی تریان لەگەڵدا بکرێت بگرە بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری کوردستاندا دەڤەری ئەنفال پەراوێز خراوە و لەم دوایەدا نەبێ شتێکی وای بۆ نەکراوە .



# 4/14 لە یادەوەری ئێمەدا

## پێشەکی ئەمانەوێ, ئەوە بڵێین کە ئەوەی لێرەدا قسە دەکات من نیم وەك و نوسەری ئەم بابەتە, بەڵکو پاشماوەی ئەنفالە و هاتوونە زمان و قسە ئەکەن

**کاروان محمەد تەیب**

ئێمە,وەك وگەلێك,کەتوشی ئەنفالەو هاتووین,کەدیارترینیان ئەنفالە,ئەویش لەلایەن ڕژێمی بەعس, بە یارمەتی ئەنزیمەیی عەرەبییەوە ئەنجامدرا.بەلآم ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کەئێمە تەنها لەوکاتەدا دەست ئەکەین بەباسکردن و کۆبونەوەو ......هتد کاتێك کەکاتی ڕودانی ڕوداوەکەیە,نەك پێشتر پرۆژەیەکی گەورەمان هەبێت بۆدیاریکردنی ئاینەدە, بەو مەبەستەی کەڕابردوو نەگەڕێتەوە یان نەیگەڕێنێتەوە. هەمیشەیش باسی ئەوە ئەکەین کەڕژێمی بەعس ئەنفالی کردووین و زیاتر لە سەد و هەشتاو دوو هەزاری خستۆتە ژێر خۆڵەوە ئەمەش لەگەڵ ئەنفالکردنی ماڵیش نەك تەنها هەر مرۆیی, بەلآم ئەو پرسیارەی لەدوای ئەنجام دانی ئەم ئۆپراسیۆنە دروست ئەبێت, ئەویش ئەوەیە کەئایە کورد بۆخۆی وەکو کورد چی بۆ کورد کردووە دوای چەندین ساڵ لەئەنجام دانی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ بوونی دەسەلآتی کوردی؟! وچی بۆئەکات ؟ وەلآمی ڕاستی ئەم جۆرە پرسیارانە زۆرساکارە بۆیەکێك کە ویژدان داربێت ونەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ یەکە لەڕژێمەکانی یەکێتی و پارتی و لێپرسراوە تالآن چی و .......هتد ەکانیان .

ئەتوانین,بەپێی ئەزمونمان,بڵێین کەدەسەلآتی کوردی,بەردەوام,وبێ وەستان هەر لەو کاتەوەی کە ڕژێمی بەعسی عێراقی گوندەکانی کوردستانی یەکسانکرد لەگەڵ زەویدا, خەریك و سەرقالی ئەنفالیزەکردن ولەناو بردن و کوشتن و ...هتد ی گەلی کوردە, بۆدرۆو ڕاستی قسەکەمان ئەتوانن تەماشایەکی ئەو شوێنانە بکەن کەزۆربەی پاشماوەی ئەنفالی تیا کۆبۆتەوە, ئەوا ئەو کاتە درۆ و ڕاستی قسەکانتان بۆدەر ئەکەوێت. ئیتر نمونەمان زۆرە بۆ پشت ڕاست کردنەوەی,ئەنفالیزە کردنی دەسەلآتی کورد بۆخەڵکی کوردستان, ئەویش لەو هەموو مەرگەرساتانەی کەهەردوو حیزبی پارتی و یەکێتی دروستیان کردووەو ئەیکەن,شەری ناوخۆ یەکێکە لەو نەهامەتیانەی کەهەردوو حیزبی یەکێتی و پارتی کردوویانەتە دیاری بۆ کورد, ئەو شەڕەی ئەوان کردیان خودی خەڵکی کوردستان لێی بەر پرسیار نییە, بەڵکو سکرتێر و سەرۆك و لێپرسراوەکانی هەردوولا لێی بەرپرسن. ئەو دووحیزبە نەك هەر ئەوە,بەڵکو گەلێکیان کرد بەدوژمنی یەکتر تۆوی ناکۆکیان چاند لەنێو ڕۆڵەکانی گەلدا کەهەتا هەتایە ئایندەکەشیان بەو فکرە چڵکنە پەروەردە و گۆشت کرد. کەواتە ئێمەباسی یاساو دەوڵەتی یاسا ئەکەین باشە بۆچی بوار بدەین بکەرانی شەڕی ناوخۆ قوتاریان بێت, ئەگەر نا ئەوە بۆمان دەرئەکەوێت کەیاسا شتێکە (تۆڕێکە ماسییە گەورەکان هیچ حسابێکی بۆناکەن و تەنها ماسییە بچوکەکان زەلیلی دەستین) ئەوان هەرچی ماڵی کورد هەبوو تاتوانیان شەڕی ناوخۆیان پێئەنجام دا, کەلەوەش تەواو بوون, بەعەمەلی, دەستیا کرد بەکڕینی کۆمپانیاو قایم کردنی پارەو ماڵی خەڵکی کوردستان وپاشماوەی ئەنفال لەم لاو لاوە,

هەروەها لەلایەکی تریشەوە لێپرسراوانی(ناشەرعی)هەردوو ئیدارەی کوردی یەکێتی و پارتی ,دەستیان کرد بەخزمەت کردنی هەندێ شوێن کە خۆیان مەبەستیانە,کەئەوەش زۆر بە رونی دیارە,ئەگەر دەست نەگرن بەچاویانەوە لەو کاتەدا کەئەو ڕاستیە ئەخرێتە ڕویان.ئەوان ئەمیشیان هەر لە حیسابی خەڵکی پاشماوەی ئەنفالدا کرد,بەڕادەیەکی زۆر..هەر لەم بارانەوە لەکاتێکدا کە خوێندکارانی پاشماوەی ئەنفالکراوی بەشێك لە گەرمیان ,بەشێوەیەکی سلمی وهێمنانە ویستیان داواکاری یەکانیان بخەنە ڕوی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی,کەکەس نازانێت چۆن تەعبیر کراوە لەوپۆستەدا,داواکاری خوێندکارانی وەلانا ,ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خۆسەپێنی خۆی نیشانداو ئەوەی کەکەس ناتوانێت موزایەدە بەسەرییەوە بکات,گوایە ئەم لەو کاتەدا هەر بەرکەوت ئەنفال نەکراوە,ئەم مرۆڤە ئەم کابرایە وا بیربکاتەوە کە خەڵکی تر هەمووی لەو کاتی ئەنفالو ...هتدا لەڤێلایەکدا ژیانیان بە سەربردووە یان لە جیهانێکی یۆتۆپیدا ژیابێت !!!..هتد.ئەتوانین بڵێین کە لێپرسراوانی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر کەسانی دزو جەردە و پیاو گوژەکانی دوێنێ وخۆسەپێنی وماڵ وێرانکەرو...هتد. ئەمڕۆن.ئەوان سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە,زۆر ڕورەشن لە بەرامبەر ژن و مەسەلەی ژنان هەر ئەوان سەبەبی ئەو ئینحرافانەی کەژنان ڕوبەڕوی بوونە بەهۆی لە دەست چونی هاوسەرەکانیان لە کاتی ئۆپراسیۆنی ئەنفالدا,ئەمەش بالەو لاوە بووەستێت لەم لایشەوە لێپرسراوان دەستیان کرد بە فرۆشتنی ئەو شوێنانەی کەلە کاتی ئۆپراسیۆنی ئەنفالدا چۆڵ و وێران کرا بوون,بە شوانکارە عەرەبەکانی جنوبی عیراق,بە دیاری کراویش زەوییەکانی دەورو بەری کەرکوك.ئەشکرێ بووترێت کە ئەم حاڵەتە هەر بەردەوام ئەبێت تاوەکو ئەو کاتەی کە ئەو دوو دێوە زمەیە لە سەر دەسەلآتی خۆیان بەردەوام بن,ئەگەر حاڵەکە هەر وایش بەردوام بێت واچاکترە کە پارێزگای کەرکوك هەرێمێکی سەربەخۆ دروست بکات ئەمەش بە سود وەرگرتن لەدەقێکی دەستوور باشترە,بەهۆی ئەو ئەزموونە نالەبارەی کەهەیەتی لەگەڵ ئیدارە کوردی یەکاندا,کەواتە چیتر ئەوە باشتر نیە کەخەڵکی گەرمیان بیر لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە (لەعیراقێکی فیدراڵدا)ئەو گێلە پیاوانەیش کە ئیدارەی کوردییان بە هەموو ناڕەوایەتی یەکانەوە پێ پەسەندە,ئەوانەی کە هیچ دنیایەکی تر شك نابەن و تەسەوری ناکەن,بەهۆی سەر کوت کردنیانەوە لە لایەن دێوەزمەکانی کوردەوە,جگە لەحوکمی یەکیتی و پارتی کە کۆپیەکی حوکمی بەعسن,ئەکرێ بووترێت جگە لەو جۆرە حوکمەی کە ئێستا بە سەرەوەیە حوکمی تریش هەیە,بەلآم وا پێوست ناکات کە هۆشیار بین لە بەرامبەر هەڵبژاردن.ئەوەشی جێی داخە ئێمە لەکاتی هەڵبژاردنیشدا ئەو مافەمان لێ سەندراوەتەوە کە بە ئازادی دەنگ بدەین ,ئێستا وەك و ئەبینین,هەرچی کایە سیاسی و ئابوری‌و ڕاگەیاندن و پۆلیس وئاسایش و ...هتد هەیە لە ژێر کۆنترۆڵی هەردووپارتی و یەکێتیدایە,وەك و ئەشزانین ڕۆڵێکی ئەکتیف دەبینێت لەکاتی هەلبژاردا,یەکێتی وپارتی بە کاری ئەهێنن بۆ پروروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان,لە ڕێکەی دەست و پێوەندە ڕۆشنبیرە ناڕۆشنبیرەکانیانەوە,مەترسییەکە لەوەشدایە بەبێ ئەوەی یەك ڕاگەیاندنی تر هەبێت,بە زمانی کوردی ,لە بەرامبەریاندا.لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ ڕاستی یەکی تریش بووترێت,ئەویش ئەو ساختە کارانە بوو کەیەکێتی وپارتی ئەنجامیان داو ئەیدەن لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا ئێستاش مەبەستی پارتی ویەکێتی لەو یەکگرتنەی ئێستایان (هاوپەیمانی کوردستان) تەنها بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیانە ئەو یەکگرتنەیان,کە مە بەستیانە هەر بەردەوام بن لە تالآنی ماڵی کوردی وبەردەوامی ئەنفالیزەکردنی نەك بە رژەوەندی نەتەوەی.هەر لەو ماوەیەی پێشودا سەرۆکی حوکمەت ئیدارەی سلێمانی ئێستا بەبەرچاو کۆمەڵێکی زۆر لە خویندکارانی بەشێك لە گەرمیان,دیاربوو هیچ شێوەیەك لە هوشیاری نەبوو لەدەرەوەی شاری سلێمانی,کە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست ئەبێت ئەو سەرۆکی حکومەتی هەرێم یان حکومەتی ئیدارەی شارەوانی شاری سلێمانیە؟وەك لە پێشەوە دەردەکەوێت وەلآمی ئەو پرسیارە دراوەتەوەو لەڕاستیدا وەلآمەکەی ڕونە لای خەڵکی وشیار نەك مێگەل.ئەمڕۆش یەکێتی پارتی لەگەڵ عیرقیەکاندا دەیانەوێت بەیەکجاری عیراق بکەن بەسەربازگەیەك,ئەویش لەو بایخەدانەیندا دەرئەکەوێتکە بە هێزی سەربای‌و پۆلیس وئاسایشی ئەدەن,بەڵێ ڕاستە ئەمانەیش گرنگن,بەلآم لەمانە گرنگتر بایەخدانە بە پەروەردەو فێرکردن,کە ئەوان بەجارێك ریسوایان کردوە,ئەمەش ئەتوانین زۆر بەڕونی بەدیبکەین لەو سیستەمی فێرکردن و موچە کەمی کادیرانی فێرکردن و پەروەردە و....هتد.تەنانەت دەسەلآتی کوردی وای لە خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاو(ئەوانەی شەشی ئامادەی تەواو دەکەن)دوای تەواو کردنی خوێندن ڕاستەو خۆ بیر لەوە بکەنەوە کە ڕوبکەنە سەربازگەکان,کەواتە ئاینەدەی کۆمەڵگای عێراق بە گشتی کۆمەڵی کوردی بە تایبەتی لە بەرامبەر مەترسییەکی گەورەدایە ئەویش میلیتاریزەکردنی کۆمەڵە لە جێگەی بە مەدەنی کردنی ,یان ڕێگە خۆشکردن بۆ مەدەنی کردنی کۆمەڵ لە نێو جیهانێکی زۆر خێرا گۆراودا,لەجێگەی میلیتاریزەکردنی کەکۆمەڵ بەتەواوی ئەشێوێنێ وکاڵفامی ئەکات.شت زۆرە کە باس بکرێت ,بەلآم ئێمە تەنها فریای هەندێکیان دەکەوین باسی بکەین,هەر بۆیە یەکێکی تر لەو شتانە:حکومەت هەتاوەك و ئەم لەحزەیەش ئەوەی نەی‌کردوە کە موچەیەکی بە پێی پێویستی بۆ قوربانیانی ئەنفال دابین بکات ئەمە لەلایەك,لەلایەکی ترەوە خەڵکی گەرمیان هەمیشە لە بە هێرشی دڕندانەی حکومەتی کوردی و حکومەتی عێراقیدان,ئەو ناوچانەی کە گەرمیانن(لەپارێزگای کەرکوك) تاکو ئۆپراسیۆنی ئازادی عێراق وێرانە بوون ئێستاش پاش سێ ساڵ بەسەر ئەو ئۆپراسیۆنەدا هێشتا هەر بە کەلاوەی ماونەتەوە و خەڵکەکانی ئاوارەن,بەبێ ئەوەی کەنەئیدارە کوردیەکان ونەحکومەتی عێراقی هەنگاوێکی جدی بنێن بەرەو فریا کەوتنی خەڵکی ئەو ناوچەیە.ئەکرێ بوترێ کەتەنهاو تەنها هەردوو ئیدارە لاواز و (ناشەرعی)و ناڕەواکەی یەکێتی و پارتی لێی بەرپرسیارن .....

لەدوایشدا هەرچەندە قسەکان کۆتای نەهاتووە بە هاتن نایەن,بەلآم بەوەکۆتایی پێدێنین و ئەڵێین تالآن چییەکان و...هتد ی ئیدارەی کوردی بڕۆن ئێرە بەجێبهێلن بچن بۆئەو ولآتانەی کە ڕەگەز نامەکەیتان هەڵگرتوە و هەموو سامانێکی ئەم ولآتەتان تێدا قایم کردووە بەناڕەواو زەبر و زەنگ و ...هتد ......

# عەرعەر زیندان و گۆرستانی کورد

## (مەینۆش چۆن بە نۆشینی مەی مەست دەبێت، منیش بە ڕۆشتنی جۆگەی خوێن مەست دەبم)

تەیموری لەنگ

صەلاح حسێن
زانکۆی سلێمانی- یاسا

ئەنفال دڕەندەترین پەلاماری دوژمنکارانەی ناسیۆنالیستی شۆڤینی عەرەبی بوو بە مەبەستی جینۆسایدکردنی گەلی کورد و سوتماککردنی باشوری کوردستان و سڕینەوەی کلتورو مێژووی نەتەوەی کورد، کەبە فەرمانی ڕاستەوخۆی سەدامی بەزیوی بەندکراو و جێبەجێ کرا، ئەنفال برینێکی هێندە قوڵە لەدڵداو کۆستێکی یەکجار گەورەیە لە ناخی هەموو کوردێکدا کە زۆر مەحاڵە هەروا بە ئاسانی شوێنی ساڕێژ ببێت و لەبیر بچێتەوە، شالاوی ئەنفال ئەو ڕۆژە نەفرەت لێ کراوەیە کە لەبیر هێنانەوەیدا تەزوو دەهێنێت بەناو جەستەی هەر کەسێکی بە ویژدان و مکرۆڤ دۆستدا.

پەیڕەو کردنی سیاسەتی جینۆساید دژی کورد کردارێکی تازە نیەو مێژوویەکی دێرینی هەیە لە سەردەستی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ڕژێمی بەعس کە هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣ دا حکمەتی ئەو کاتە بەسەر پەرشتی (زەعیم سدیق) ی خوێن ڕێژ لە ناو شاری سلێمانیدا بە سەدان کەسی بێ تاوان بە مامۆستاو خوێندکارو لاوو پیری زیندە بە چاڵکرد.

کارەساتی ئەنفال یەکەم ڕوداو دوا نەهامەتی نەبووە کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتبێت سەرەتا لە ساڵی ١٩٨٣دا دەوڵەتی بەعس لە ئۆردوگای زۆرە ملێی (قوش تەپە) هەشت هەزار بارزانی بێ سەر و شوێن کرد، دوای ئەم کارە کەوتە کیمیا بارانکردنی ناوچەکانی دۆڵی بالیسان و گۆپتەپەو چەندین ناوچەی تر، وە لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا هەرە تاوانی گەورەی دژی میلەتی کورد ئەنجامداو بە گازی ژەهراوی شارۆچکەی هەڵەبجەی بۆردومان کرد کە بوە هۆی لە ناوبردنی پێنج هەزار مرۆڤی بێتاوان و بریندابوونی هەزارانی تر کە ئەم کارە قێزەونە زەنگ لێدانی سیاسەتی لەوەوپێشی پرۆسەی ئەنفال بوو، هەژدە ساڵ بەر لە ئێستا پەلامارەکانی حکومەتی بەعس کەلە ژێر ناوی (العملیات الانفال) دا ئەنجامدا لە ٢٣ ی شوباتەوە تاکو ٦ ی ئەیلولی ١٩٨٨ هەشت قۆناغی خایاند، زۆر بەچڕی لە ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی یەوە دەستی پێکردو پاشان پەلی هاویشت بەرەو ناوچەکانی بادینان زیاتر لە سەدوو هەشتاو دوو هەزار کورد بە پیرو ژن و منداڵەوە بێ سەرو شوێن کران، ئەم پەلامارە بە بەژداری فەیلەقەکانی (یەك و دوو و پێنج) ی سوپای عێراق و ئەمنی عامەو قوەی تەواری و ئیستخبارات و سێ سەد فەوج لە هێزەکانی بەرگری نیشتمانی (کە زۆربەیان کورد بوون)بە بەژداری زیاتر لە دووسەد هەزار سەرباز پەلاماری کوردستانیان دا، بێ بەزەییانە ناوچەکانیان کاول و وێرانکرد بە پێی سەرچاوەکان چوار هەزار گوندو سی ناحییەو زیاتر لە سێ هەزار مزگەوت و سەد کلێسا خاپوور کران، پاشان بێویژدانانە کەوتنە وێزەی خەڵکی بێ دیفاع و ماڵ و موڵکیانی بە تالان برد، ڕەزو دەغڵ و دانی سوتاندن، سەرچاوە ئاویەکانی وشك کرد، گووندەکانی بە شۆفڵ لەگەڵ زەویدا یەکسان کرد، هەموو خەڵکەکەی ڕاپێچ کردو خستیە ناو زیلی سەربازیەوە بەرەو ئۆردوگاکانی زۆرە ملێی تۆپزاواو دووبز ناردنی و لە ژێر چاودێری توندو تۆڵ و پاسەوانی زۆردا داینان و دوای ئازارو ئەشکەنجەدانێکی زۆر بە ئۆتۆمبێلی داپۆشراو ڕەوانەی ناوچە سنوریەکانی (عێراق سوریا) و عەرعەر و نوگرە سەلمانی کردن، هەرچی گەنج و لاو بوو جیای کردنەوەو لە بییانی لماویدا زیندە بە چاڵی کردن، ئەوانەی تریان کە پێك هاتبوون لە منداڵ و پیرو پەککەوتە کە زۆربەی زۆریان توانای بەرگریان نەمابوو لە برسانا و لە تاوی تینی گەرمادا گیانیان لە دەست داو لاشەکانیان فڕێدراو دەرخواردی ئاژەڵەکانی ئەو ناوچانانە درا، دوای جەنگی جیهانی دووەم شالاوی ئەنفال گەورەترین تاوانی سەدەی بیستەمە کە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدرابێت، هاوشێوەی پەلاماری سوپای مەغۆلەکان بوو کە چەند سەدەیەك لەکەو بەر ئەنجامرداوە، دەرئەنجامی کارەستی ئەنفال گاریگەری سلبی کردە سەر ژیانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردی، هەزاران منداڵ بە هەتیوی مانەوەو بێ نازو بێبەشبوون لە باوەشی گەرمی باوك و دایکیان، هەزاران ئافرەت سەرگەردان بوون و بێوەژن بوون جگە لە بەڕێوەبردنی ئەرکی ماڵداری ئەرکی پەروەردەو بە خێوکردنیان کەوتە ئەستۆ، هەزاران پیاو بێ هاوسەر مانەوە لە دوای پەیداکردنی خەرجی ڕۆژانەیان ئەرکی سەر پەرشتی ماڵ و منداڵیان هاتە سەر شان، هەزاران دایك و باوك ڕۆڵەکانیان لەبەرچاو ونبوون، ڕۆژانە فرمێسکیان بۆ دەڕشتن و لە بیری گەڕانەوەیاندا بوون و هەر بەو ئاواتەوە سەریان نایەوە، ئەو بەشە کەمەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان کە بە هەوڵ و کۆششی خەڵکی دڵسۆز ڕزگاریان بوو لەو شالاوەدا لە ئۆردوگای زرە ملێی شۆڕش و سمود و......هتد نیشتەجێبوون، ژیانێکی کولە مەرگیان بەسەر دەبرد، هەمیشە ترسی جەلادەکانی بەعسیان لە دڵدا بوو.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و ئازادکردنی بەشی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستان، هەندێکیان گەڕانەوە زێدی باو باپیران و لەسەر گیرفانی بەتاڵی خۆیان گوندە کاولکراوەکانیان ئاوەدان کردەوە، دوای خزمەتنەکردنی تەواویان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە و هاتنی گرانی بۆ ئەوەی ڕەوشت و داب و نەریتی خۆیان بپارێزن و بە سەر بەرزی بژین بەشێکی تریان ڕویان کردە گوندەکانیان، لە ئێستادا کەس و کاری ئەنقالکراوەکان جگە لە موچەیەکی کەم نەبێت کە بەشی چەند ڕۆژێکیان دەکات، وەزارەتێکیشیان بۆ دانراوە کە تەنها لە ساڵیادی ئەنفالدا ناوی ئەنفال دەبەن، ئەو خەڵکە ڕەش و ڕوتە پشت گوێ خراون بە گوێرەی پێویبست ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، گوندەکانیان سیمای ڕۆژگاری ئەنفالیان پێوە دیارە بێ بەشن لە خزمەتگوزاری، لە هاویندا بێ ئاون و کارەبایان نیەو بێ بنکەی تەندروستی و بێ قوتابخانەن، پێویستە حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان قەرەبووی مادیان بکاتەوە و زیانیەکانیان بۆ ببژێرێت (کە ئەمەش لە بودجەی حکومەتی فیدراڵی عێراق وەربگیرێت)، زیانی پاشماوەی کارەساتی ئەنفال نەهێڵێت و خانووی نوێیان بۆ دروست بکات و لە ڕوی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە هاوکاری تەواویان بکات و پێداویستیان بۆ دابین بکات و گیرو گرفتەکانیان چارەسەر بکات، چونکە ئاشکرایە کە دوو بنەمای سەرەکی ژیانی گوندنشینی پێك دەهێنن ئەویش کشتوکاڵ کردن و بە خێو کردنی مەڕو ماڵاتە.

ئەوەتا ئێستا ناوەندی هەڵەبجە (چاك) کە ڕێکخراوێکی کوردیە لە لایەن چەند کوردێکی خاوەن هەڵوێست و دڵسۆزەوە لە هەندەران لە ساڵی ٢٠٠٢ دا دامەزراوە، لە هەوڵ و ماندوبوندان بۆ بەڕەسمی ناساندنی کارەساتی جینۆسایدکردنی کورد لە چوارچێوەی یاسایدا بە تایبەتی یاسای نێو دەوڵەتی، وە بۆ دەست گیرکردن و دادگایی کردنی هەردوو کارەساتی ئەنفال و کیمیا باران کردنی هەڵەبجە لە ناوەو دەرەوەی وڵات.

لە ناوەوەش لەسەر حکومەتی یەکگرتوی کوردستان پێویستە هەموو توانایەکی خۆی بخاتە گەڕ بۆ زووتر گەیاندنی کێشەی ئەنفال بۆ بەردەم دادگایی عێراقی و دادگایی کردنی سەرانی ڕژێم و دارو دەستەکەی وە پێویستە لەسەر دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەموو دەوڵەتانی پەیوەندی دار کە لەو کاتەدا بێدەنگ بوون بەرانبەر ئەم تاوانە گەورانە داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن هەر وەك چۆن دوای دەیان ساڵ لە کارەساتی کوشتن و بڕینی ئەرمەنیەکان ئێستا داوا لە تورکیا دەکرێت کەوا بەڕەسمی داوای لێبوردن لە ئەرمەنیەکان بکات، وە ئەو وڵاتانەی وەکو ئەردەن و کوەیت و سعودیە کەوا لە دوور خستنەوەی خەڵکە ئەنفالکراوەکان کار ئاسانیان کردوە بۆ حکومەت و وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی ئەڵمانیا کەوا گازە ژەهراویەکانی داوە بە حکومەتی عێراق، پێویستە قەرەبووی مادی بدەن بە میللەتی کورد، بە هەمان شێوەی وڵاتی ئەڵمانیا کە ئێستاش ساڵانە قەرەبوو دەداتە یەهودیەکان بەهۆی کارەساتی هۆلۆکۆستەوە.

بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم خۆی بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو کێشەیە بزانێت و لیژنەیەکی گەورەی تایبەتمەند پێکبهێنی بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە ڕەسمیەکانی ئەو تاوانە، وە شایەتحاڵەکان ئامادە بکات بۆ ڕۆژی دادگا.

# ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال لەنێوان مەرگ و ژیاندا





سازدانی : عەرعەر

●فهیمه مارف محەمەد 1921
مێردەکەم دوساڵ لەوەو پێش مردووە ,دووکوڕم ئەنفالە بەناوی (کەریم حسین و علی حسین ) لەلایەن هیچ حوکمەت ورێکخراوێکەوە یارمەتی نەدراوم ,بۆهرردوو کوڕەدەم تەنها مەعاشێکی کەم دەدەنێ ئەویش بەشی تانیوەی مانگ ئەکا .دایمەی خوانەخۆشم ناتوانم وەکەیفی خۆم هەڵسوکەوت بکەم ,گەرەکمە لەحوکمەتی هەرێم وەك بەعس ئەنفالی کردین ئەمان ئاوڕێکمان لێیدەنۆو پارچەیەك زەویمان بداتێ تاکو تیا بحەسێینۆ ,سەردانمان بکەن و وەدەم داواکارییەکانمانەوە بێن ,گەرەکمە صەدام وکۆمەڵەکەی نەکوژرێن بەلام هەر ڕۆژەو کوتێ گۆشتیان لێبکەنۆ.(کاتێك پورە فەیم ئەم قسانەی دەکرد بەخوڕ فرمێك لەچاوانی دەهاتە خوارەوە ) من ئێستا بەو گلەتە پارەیەی حوکمەت دەژیم بەلام باوکەکەم پێشئەوە بە خێری خەڵك دەژیام ,هیوادارم خانویەکمان بدەنێ تاخۆم وکچەکەم لەم کرێچێتییە نەجات مان بێت .

●ڕەعدە ڕەشید 1967
مێردەکەم ئەنفال کریاوە ناوی (قادر محەمەد ڕەشید)ە لەبەر نەبونی منداڵەکانم هیچیان ناخوێنن لەبەر نەبونی دەست کورتی منداڵکانم کرێکاری دەکەن ,دوبرایشم ئەنفالە هەتاکو ئێتە زەویم وەرنوگرتووە مەعاشەکەیشمان بەشمان ناکات هەندێ جاریش درەنگ موچەکەمان دەدەنێ ,ئێستە نەنەوت نەغازمان نییە .داوا لەحوکمەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کەئێك وپروسکی ئەنفال کریاوەکانمان بۆبێننۆو قەور سانێکیان بۆدروست بکەن .



( پیاوەکەم ئەنفال کریاو دوومنداڵکەیشم لەبرسا مردن )

●مریەم حسن ئەحمەد 1964
سێ ساڵ دوای شوکردنم مێردەکەم ئەنفال کرا ,دوومنداڵیشم هەبوو لەوکارەساتەدالەبەر برسێتی سەرماو سۆڵە هەردوو کوڕەکەم مردن .لەدوای ئەو کارەساتەوە لە گەڵ دایکمدا دەژیم ونەخۆشییەکە درێژ خایەنم لەگەڵدایە چەندجارێك چومەتە نەخۆشخانە دەڵێن ئاگاداری خۆت بیت وبەس , حوکمەتی هەرێمو هیچ لایەنێك بەلامانا نەهاتوو نو پرسیارمان لێناکەن ,پێشیان وتم لەوڵاتی دەرەوە چاك ئەبیتەوە بەلام هیچیان بۆنەکردووم .پێسیان وتوم نابێت بچیتە ناو تەپوتۆزەوە خۆهەر تەوێگسکی حەوشەکە بدەمو بەتەنورەکە نان بکەم.داواکارم لەحوکمەتی هەرێم چارەسەرێکی نەخۆشییەکەم بکات ,ئەو موچەکەمەی کەهەمانە بۆمانی زیاد بکەن وگۆڕی ئەنفالەکانمان بۆبهێننەوە .لەکۆتایدا وتی خۆزگە لەدەشت بوینایەو خۆڵی ژێر پێی کوڕەکانم بخواردایە بەس ئەم ڕۆژەم نەدیایە .

●لیلا رشید قادر
لەوکاتەوەی کەشوم کردووەو مێردم هەبووە توشی دەردەسەریو نەهامەتی دنیا هاتوم ,مێردو کوڕەکەم ئەنفال کراوە ئێستەش تابلێی ژیانێکی ناخۆشم هەیە حوکمەت نازانێ دەردی ئێمە چییە ئاوڕێکمان لێناداتۆ نەخۆشە دنیام لەگەڵدایە چاوم عەمەلیاتە ,موچەکەمان ئەوەندە نییە کەبەجوانی پێی بژین و زەویشمان نییە,دەمەوێت صدام ودارو دەستەکەی مەحکەمە بکرێن .

●پورە جیهان
سێ کوڕم ئەنفالە مێردەکەیشم لەشەڕی ئەیلولدا مردووە ,موچەی یەکێك لەکوڕەکانم وەردەگرم ,ئێستا لەگەڵ کچێکمدا دەژیم کەئەویش پیاوەکەی ئەنفالە , خۆو چاوم خراپەو زەختیشم هەیە ,دووان لەکوڕەکانم ژن وماڵ ومنداڵیان بەخێری خەڵکی دەژین . خۆزگا حوکمەت خانووی بۆدروست کردینایە وصدام حسین یشیان بخنکاندایە وبییان هێنایە کۆڵان بەکۆڵان بیان گێڕایە.

# ئەنفال پرۆسەی قڕکردنی گەلێک

فەخرەدین قەرەناوی

لەژێرناوی ئەنفال و بەرێبەرایەتی ڕێكخراوێكی سیاسی دەسەڵات بەدەستی عروبیزم عەمەلیاتی قڕکردنی كورد لەشوباتی (١٩٨٨) وەك چەقی تاوانەكانی سەرانی بەعس دەستی پێكرد چونكە پرۆسەی سڕینەوەی نەژادی كورد لەسەرنیشتیمانی خۆی لەهزری سەرانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەدەمێك ساڵ بەرلە ١٩٨٨ چەكەرەی كربوو وە هەنگاوی لەسەرخۆو هەمەلایەنیان بۆئامانجە نەگریسەكانیان دەست پێكردبوو . ئەنفال كارێكی لەناكاوو بێ بەرنامەو بریاری كەسێك وسەردەمێك نەبووە. بەڵكوئەم ستراتیژە لەزهنی هەمووتاكێكی گۆشكراو بەبیری عروبیزم مەوجودو لەهەلپەی بەپراكتیك كردنی دایە. جابەهەرمیكانیزم و لەژێر هەرناو ولەچێوەی هەرگروپ وڕێكخراو و داموودەزگایەك بێ. یەكەم پرۆسەی جینۆساید لەسالی (١٩٦٣) بەرامبەر كورد ئەنجام درا. لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسییەكان، كەلەشارەكانی، كەركوك، سلێمانی، كۆیە، ڕەواندز، بەدەیان لاوی كورد گیران و زیندەبەچاڵ كران (زەعیم سدیق)كەڵبە بەخوێن سوورەكەی سلێمانی دەیان گەنجی هەربەزیندوویەتی ژێرچاڵ كرد . دڕندەكانی ڕیزی حەرەس قەومی چ وێنەیەكی ترسناكیان لە نەستی ئازارچەشتووەكانی كوردی سەرگەردان نەخش كردووە. پرۆسەی لەناوبردن و لەنیشتیمان دەرپەڕاندنی فەیلییەكان لە ناوەڕاستی حەفتاكان وسەرەتای هەشتاكان كەسەرەتا دەست گیرابەسەر موڵك وماڵیان لە تەواوی ئەوشارانەی كەلەباشووروناوەڕاست لێی نیشتەجێبوون وەك بەغدا، بەسرە، كووت، عەمارە، بەدرە، جەسان، مەندەلی، خانەقین، علی الشرقی، علی الغربی، بابل، سوێرە، تەوای فەیلییە كانیان ڕاپێچ كرد كەژمارەیان نزیكەی (٣٠٠) هەزار كەس بوون. دوای ئەوەی نزیكەی دە هەزار گەنجی تەمەن لە - ١٥ - ٢٠ . ساڵ شوێن بزركران سەرجەم خێزانە بێنەواكانی كوردی فەیلی بەسەڵتی وبێ ماڵ ئاودیوی ئەودیوی سنووری ئێران كران.

لاشەی دە هەزار فەیلی ش ئاوێتەی لم بوون. لەبەرەبەیانی ١٩٨٣/٧/٣٠ شمشێر بەخوێنەكانی نەوەی جەهل، لەكۆمەڵگای قوشتەپە خەوی ئارامی بارزانییەكانیان تێك شكاندو هەشت (٨) هەزار پیاوی كوردیان بەرەو نیشتیمانی مەرگ ڕاپێچ كرد. بەكارهێنانی چەكی قەدەغە كراوی كۆمەڵ كوژ لە قەلادزێ، دواتر لە هەڵەبجە هەڵمەتی سڕینەوەی كوردیان بەئەركی یەكەم وپیرۆزی خۆیان ئەزانی هەربۆیەش (سورەتی الانفال)ی لەقورئانی پیرۆز بەسەر ئەم عەمەلیاتە نەگریسەدا گشت گیركرد كەتییایدا (٤٥٠٠) گوندی كوردستان تەختی زەوی كران وگڕیان تێبەردرا كەلەهەر گوندێك مزگەوتێك ولەهەر مزگەوتێك زیاتر لەكتێبێكی پیرۆزی تێدا سوتێنرا ...! ئەنفال تروپكی تاوانەكانی بەعس بە هەشت قۆناغ لەماوەی نێوان ٢/٢١/ ١٩٨٨ - ٩/٦ /١٩٨٨ كارەساتێك بەسەرباشووری كوردستاندا هات هاوشێوەی هۆلۆكۆست و كۆمەڵ كوژیی ئەرمەنییەكان هێرۆشیما، ڕژێمی عێراق بەسووپایەكی زەبەلاحی خاوەن ئەزموونی (٨)ساڵ جەنگی لەگەڵ ئێران لەپرۆسەی سڕینەوەی سیمای ئاوەدانی ولانكەی شارستانیەتی لە ولاتی گۆتی و لۆلۆئی و میتانی. (٤٥٠٠) گوندو شارۆچكەی تەختی زەوی كرد كانیاوو دارستان وڕەزوباغی ژەهراوی كرد، (١٨٢) هەزار جووتە چاوی بۆ هەتاهەتایە ژێر لمی بیابان كرد، پرۆسەی هەڵوەرینی جەستە مەگەر تەنها هەر لە نەوەكانی شمشێر بەخوێن بوەشێتەوە....! كەلەئێستاشدا كەللتووری سەربرینی مرۆڤ كارگەی لەت وپەت كردنی مرۆڤ پایەی بنەڕەتی لەسەرزەمینی ئەوان هەڵ تۆقیوە.

لەبیرچوونەوەی وەهاكارەساتێك بەسەرهەركارەسات بارێك تەنییا ئەگەر لە پاشماوەكانی ئەنفال و بەناوخۆبەخاوەن زانەكانی ئەنفال بوەشێتەوە كەتەنییا یادیان لەڕۆژی ٤/١٤/ بێتەوە خەیاڵی خەوتوومان، چەندفرمێسكێكی تیمسالی لەچاوی نوقاومانداا ئەچۆڕێنێ، هۆلۆكۆستی جوولەكە بەكۆمەڵ كوشتنی ئەرمەنییەكان لەلایەن توركەكانەوە چ جیاوازییەكی هەیە لەگەڵ جینۆسایدی كورد لەلایەن بەعسییەكانەوە من وایدەبینم جیاوازی لەنێوان كەمی وزۆری یان جۆری لەناوبردنی قوربانییەكاندانییە بەڵكو جیاوازییەكە خاوەنی قوربانییە ...! تاوەكو ئێستا ئەڵمانییەكان دەبێ قەرەبوو بە جوولەكەبدەنەوە چونكە هیتلەر لەهۆلۆكۆست جینۆسایدی بەرامبەرجولەكە كردووە.

بەنێودەوڵەتی كردنی كۆمەڵ كوژی ئەرمەنییەكان توركیای كردووە بە (گیسكەكەی هەیاس)



لەهەرسەرپێچی یان زیادەڕۆییەك سەرانی تورك وێنەی گورگیان نیشان ئەدرێ، كەچی ئێمەی كورد كە (١٥) ساڵە خاوەن دەسەڵاتی خۆمانین لەجیباتی یەك، دوو حكومەتمان هەیە كەواتە دوو وەزارەتی ئاوارە و ئەنفال دووڕێكخراوی سەربەدەوڵەتی حزب بۆبەرگری لە ئەنفال بەری ڕەنجی هەموو دووانەكان ئەوەیەكەلەبەرچاوە ...! من وای بۆدەچم ڕۆژێك دابێ ئەوانەی كە میرات گری دەسەڵاتن لەبەغدا قەرزارمان بكەنەوە لەوەی كەباسی ئەم هەموو قوربانییەی كورد بكەین كەلە سەرزەمینی ئەوان لەناو براون هەروەك لە شاشەی .tvئەبینین ناوەناوە گۆڕێكی بەكۆمەڵ ئەدۆزرێتەوە ئێسك وپروسك وپاشماوەی جەستەی دەیان ڕۆڵەی كوردی تێدایە بەڵام نازانم ئەنجام بەچی دەگا ئەولاشە بێنازانە بەرەو كوێ سەفەر ئەكەن ...؟ ئەوان ڕێگای بەرەو نیشتمان یان لێ گیراوە كەڕۆیشتن بەئۆتۆمبیلی سەرداپۆشراوچوون سەرجەم یان خەڵكی دێهات بوون شارەزایی ڕێگای نوگرەسلمان و سەرزەمینی لمستان نەبوون كاروانی ئۆتۆمبێلەكانی حكومەتەكانی هەرێم یش كەچوونە یارمەتی خەڵكی لێقەوماوی (فەلوجە) بدەن هێشتا نەگەڕاونەتەوە تاجارێكی تربگەڕێنەوە بۆهێنانەوەی تەرمی گۆڕغەریبەكان، سەرۆك كۆماریش نەسرییەی بەردەستی سەرف كردووە بۆ قوربانییانی كارەساتەكەی پردی (الائمە)( ئەل ئەئیمە ) و قەرەبوكردنەوەی كارەساتی تەقینەوەكانی (نەجەف) و چاكردنەوەی مەزاری ئایەتوولاكان بۆیەناتوانێ كرێی تێچوونی ئەوبارهەڵگرانە بدا كەبریارە بچن وبەئەركی هێنانەوەی ئێسك و پاشماوەی جلوبەرگە كوردییەكانی ( ١٨٢) هەزار ئەنفال كراوو بێنێتەوە كاتیشی كەمە لەبەر كێشەی لێك نەترازانی تایفە جیاوازەكانی باشوورو ناوەڕاست. سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش سەرقاڵە بەكۆنگرەی ئاشت كردنەوەی براغەدرلێكراوەكانمان و بانگێشتی هەولێری پایتەختی كردوون بۆئەوەی داوای لێبووردنیان لێ بكات لەوەی كەكورد بەرامبەری كردوون حەزیش ناكا لەم كاتەدا مەراسیمی هێنانەوەی تەرمەكانی بیابان دەست پێبكات چونكە نەوەك ئەمە كارێك بكاتە سەروێژدانی خەوتووی شەقامی كوردی و داوای قەرەبووی ئەوهەمووقوربانییە بكەن بەمەش كۆنگرەی ئاشتی تێك بچێ ...! كارەساتی بێ دەنگی، خاوەنداریەتی نەكردن، بەدوادانەچون، بێ ئیرادەیی، لەبیرچوونەوە، ئەم دیاردەیە تەنیا كەسێك و حزبێك وحكومەت لێی بەرپرسیارنین چونكە كوردبوون كوردایەتی تێكۆشان تەنیامولكی حزب وحكومەت نییە ئەرك ومافی هەركەسێكە كە بەهی خۆی بزانێ، بەداخەوە لەولاتی دەربازبووەكانی پرۆسەی درێژخایەنی ئەنفال ڕەنگەكان لێكئەچن دەنگی جیاوازنابیسترێ من دەپرسم لەدەرەوەی هەردوو حزبی دەسەڵات كام ڕێكخراوی سیاسی یان ڕێكخراوی كۆمەڵگای مەدەنی ڕێكخەروسەركردایەتی ڕێپێوانێكی جەماوەری كردووە بۆڕاچڵەكاندنی دەسەڵات كام لەو ڕێكخراوانەی كەكارمەندەكانییان مووچەی بەناو بەرگری كردن لە ئەنفال وپاشماوەكانی وەردگرن لەدەرەوەی بریاری حزبی دەسەڵات تەنیاجارێك كارێكیان كرد كە مووچڕكە یەك بەگیانی بەرپرساندا بێنێ و لەخەوی بەرژەوەندی و هەڵپەی پۆست بەئاگایان بێنێ دەباچیتر ئەو ڕووحە ئاوێتانەی كەبەئاوی شیرینی كوردستان گۆشكران و كەشی كوێستان وسەوزایی كوردستان ئامێزی هەناسە ڕاحەتەكانییان بوو زایندەی خاك وئاوی ولاتی كوردەواری ین لەلمستانی نوگرە سەلمانی بیابان و گەرمای دۆزەخ ئاسا وبێ ئاوی دا بەدەست گەردەلولی سەحراوە ئازارنەچێژن دەبا چیتر بەدووربینی و بێ هیوایی لەسەر قەلاكەی (عەجاج) ە وە سەیری بەهاناوەچوونی كەس و كارو نەوەكانییان و لێپرسراوەكانییان نەكەن ولەچاوەڕوانی هاتنەوەدا دەربازبن ...! لەگۆڕی بێ نازیدا بەرەو ئەونیشتمانە دەستیان بگرن كەبەحەق دایكی ئەوان بوو ئەنفال كراوەكان زۆر خاكی بوون چوونكەئەوان زۆرینەیان جووتیار بوون بۆیە لەگەڵ زەوییدا نزیكایەتییان هەبوو هەمییشە كانییاوەكانیان خاوێنەكردەوە بەشێك یان ئاژەڵ داربوون چیاو پاوانی ولات ژیان بەخشیان بوو بۆیە ئاشقی نیشتمانن لەسەردەمی ئەواندا كورد خاوەنی دەسەلات نەبوو تاكوو لەچاویلكەی دەسەلات دارانەوە بڕواننە نیشتمان دیاردەی دەوڵەمەندبوونی بەپرس و خزمەكانییان گەندەڵی و ڕۆتین شەڕی ناوخۆ و دزی بوونەبەرپرسی كەواسوورەكانی بەرلەشكری بەعس كەژێر زەمیینەكانییان نیشانی گاردی كۆماری ئەدا ...! ئەمانەیان نەبینی بوو لەسەردەمی ئەواندا بەرپرسە هەرەگەورەكانی ئێستا میوانی لەناكاوی ئەوان بوون دەستی برسییان بەسەری منالە كانییان دادەهێنا پەندێكی كوردی هەیە ئەڵێ (مرۆڤ نابێ نمەك بەحەرام بێ ) دواجار ئەڵێم دەبێ گەڕاندەنەوە و دۆزینەوەی تەواوی قوربانییانی پرۆسەی ئەنفال ئەركی حكومەتی ناوەندی بێ و دیاری كردن و سەرفكردنی بودجەی هێنانەوە و دروست كردنی گۆڕستانێكی تایبەت بۆئەو قوربانییان هەربەوان سپاردەرابێ ...! هەر وەك چۆن سەرۆكەكانمان ئاوەدانكردنەوەی هەڵەبجە و كێشەی ئاوارە گەڕاوەكان و نەگەڕاوەكان دەخەنە ئەستۆی حكوموتی ناوەند.

**سەرچاوە**

**١.ئەنفالی خالخالان - مەلاشاخی**

**٢.ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال - عبدلاكریم محمود**

**٣.جینۆسیاید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەكورد - میدڵ ئیست ووچ . وەرگێڕانی . محمد حمە سالح تۆفیق**

# حەپەی سەگە ڕەشەکان

هیدایەت جەمال

ئەنفال بەدناوترین و ڕەشترین ڕەفتار بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا كە حكومەتی عێراق بەرانبەر بە میللەتی كورد ئەنجامی دا.

باسكردن لە ئەنفال یاخوود وشەی ئەنفال لە هەر تاكێكی كورد بپرسین پێش ئەوەی وەلامان بداتەوە یەكسەر لە ناوچوونی مرۆڤەكان و وێرانكردن و كاولكردنی سەراپای ولاتی بەبیر دێتەوە.

سیاسەتی ڕژێمی فاشی بەغداد سیاسەتێكی پاكتاو ڕەگەزی و جینۆسایدانە بوو كە بەرانبەر بە میلەتی كورد ئەنجامی دا، بێگومان ئەنفالیش كارێكی جینۆساید بوو لە مێژووی مرڤایەتیدا نەك بە تەنها لە مێژووی گەلی كورد.

ڕژێمی فاشی بەغداد دوای تەواوبوونی شەڕی نێوان (عێراق-ئێران) بە تەواوەتی دەستی بەتاڵ بوو بۆلێدانی كوردستان ئەوە بوو لە بەهاری هەشتاو هەشتدا دەستی كرد بەگرتنی خەڵكی كوردستان و وێرانكردنی شار و دێهاتەكانی كوردستان تێكدانی باری ئابوری كوردستان.

ئەنفال هێرشێكی سەربازی بوو بۆ سەر ناوچەكانی كوردستان كە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە پیادە كراوە، هەروەك چۆن جینۆساید ئەندازەیەكی نیە بۆ گرتنی خەڵك كەمی و زۆری كەسەكان لێك ناداتەوە بە هەمان شێوە ڕژێمی فاشی بەغداد كاتێك كە دەستی كرد بەئەنفالكردنی گەلی كورد ئەندازەیەكی نەبوو بۆ گرتنی خەڵك بەڵكو ئامانجی ئەوە بوو كە زۆرترین كەس بگرێت.

ئەنفالكردنی خەڵكی كوردستان لەلایەن حكومەتی عێراقەوە كارێكی نابەرنامە نەبوو، بەڵكو پێشتر بەرنامەسازی بۆ كرابوو هەروەها ئەو ناوچانەش دیاری كرابوو كەدەبێت هێرشی بكرێتە سەروو وێران بكرێت، لە سەردەمی ئەنفالداو لە سەردەمی پێش ئەنفالدا حوكمەت بە زۆر یان بەهێزی سووپا خەڵكی گوندەكانی دەهێنایەوە بۆ ناو شارەكان دیارە ئەم شارانەش چەندین كۆمەڵگەی لێبوو كە دەتوانین ناوی بنێین كۆمەڵگەی زۆرەملێ ئەم كۆمەڵگە زۆرەملێیانەش تەواو خەڵكی وەڕس كردبوو كە خەڵكی ئەم كۆمەڵگایانە بێ ئیش و كار مابوونەوە سەرەڕای نەبوونی خزمەتگووزاری و لە هەمان كاتدا نەخۆشیەكی زۆر ترسناك خەڵكی گرتبووەوە، حكومەت ئەم ئۆردوگایانەی بە مەبەستی سوكایەتی پێكردن و

لەناو بردنی گەلی كوردستان دروست كردبوو.

پرۆسەی ئەنفال بووە هۆی ئەوەی كە سەدوو هەشتاو دوو هەزار خەڵكی بێتاوان بێسەرو شوێن بكرێت، حكومەتی بەعس بە هیچ جۆرێك چاو پۆشی نەدەكرد لە گرتنی خەڵكی مەدەنی و ئەو كەسانەی كە چەكی پێشمەرگایەتیان هەڵگرتبوو، ئەوە بوو چەندین پیاو ژن و منداڵ و گەنج و پیر خرانە ژێر خۆڵەوەو زیندە بە چاڵكران، منداڵ و لاوەكانمان دەدران بەدەم سەگە ڕەشەكانی ڕژێم و ژن و كچەكانمان سوكایەتی پێدەكراو منداڵەكان دابەشدەكرا بەسەر كاربەدەستانی ڕژێمی فاشی بەغداد، بۆ تاوانی ئەمانە چیبوو كەوایان بەسەردا بێت؟ بەس تەنها لە بەر ئەوەی كورد بوون و بە زمانی كوردی دەدوان؟ یان لەڕووی مرۆڤایەتیەوە حسابی بۆ نەدەكرا لە لایەن دەسەلاتی بەغداوە.

ئەو دەسەلاتە لەكاتی ئەنجامدانی ئەم كارە قێزەونەدا هەر خۆی بە تەنیا نەبوو، بەڵكوو جاشە كوردەكانی وەكو ئالەتێك بە كاردەهێنا بۆ گیانی كوردەكان خۆی.

جاشەكانیش سەرەڕای تەرخانكردنی پارەیەكی زۆر بۆیان كەلەلایەن حكومەتی عێراقەوە بۆیان دابین دەكرا بە ئارەزووی خۆیان دزی و تالانیان ئەنجام دەدا، چونكە ئەمانە ڕێگە پێدراو بوون.

هەر لە دوای ڕاپەرینی گەلی كورد دژی دەسەلاتی بەغداد گەلی عێراق بە گشتی و گەلی كورد بە تایبەتی لە دەست حكومەتێكی دیكتاتۆر ڕزگاری بوو، تا هەنووكە كوردستان لە ژێر فەرمانڕەوایی كوردا بە ڕێوە دەچێت بەلام دەڵێم سەد مخابن حكومەتی كوردی وەكو پێویست ئاوڕی لە كەسوكاری ئەنفال نەداوەتەوە بۆیە دەڵێم كەس و كاری ئەنفالكراوەكان مافی ڕەوای خۆیانە داوای هەر شتێك بكەن دەبێت بۆیان جێبەجی بكرێت، چونكە ئەو ئازادیەی ئەمڕۆی كوردستان بەری خوێن و ڕنج و تێكۆشانی ئەوان بوو كە ئەمڕۆ لە سایەیدا ئەژین.

## لە قەسیدەی ( رەنگداندا )

کوشەو داهات

لەناو دۆڵێکی وڵاتدا

لەهەر کوێیەک خۆی بتەوێ

ئەتوانی سێ ڕەنگ تێکەڵکەی

بەیەکەوەو لەناو یەکداو لەناو

دۆڵدا

تێکیان هەڵدەی:

(شەوی مەرگ و

لمی سەحراو

زریکەی کۆچ..)

بەیەکەوە تابەیانی بیان شێلی

ئەنجام ڕەنگێک دروست

ئەبێ,ڕەنگێکە نوێ

پێی ئەڵێن ڕەنگی ئەنفالی

شێرکۆ بێکەس

# جوودایی

باوەڕ عومەر



ئێوارەیەکی درەنگ وەختی پایز بوو، رەشەباکانی مەرگ شەنیان لەگەڵا وەریوەکانی خۆزگە دەکرد. سێبەرەکان سەرگەرمی زەردایییەکانی خۆر بوون هەمووشتێ بۆنی دەست لێک بەردانی لێدەهات. زەمەن لە پیرێکی قژبژی رەنگ خۆڵاوی دەچوو. خوێن لەم بوونە ئەباری، هەر عاشق بوو لە ژوانی خۆشەویستی دەفرێنرا و بە چەقۆکانی رق سەر دەبرا. بەرائەت ئارەقەی شەرمەزاریی لێ دەچۆڕا. وەفا بۆ تارماییەک دەگەڕا تا لە جودایییدا حەشاری بدا.

ئای هاوڕێ سەرهەڵگرتووەکەم، لەم خەزانی تەمەنەدا پاسارێک نەماوە من و تۆ بگرێتە خۆی. چی لەم بێ تۆییە بکەم. لەم حوزنەدا تەنیایم لای کێ دانێم خەنجەری دورویی لە پشتەوە لێنەدا . گوڵە ئەرخەوانیەکانی تەمەن بە چ باخەوانێک بسپێرم خیانەت لە رووسوریان نەکات. ئەمێستاکە کێ رێز لە بوونم دەگرێ و کێ سەری حاڵی بوونم بۆ دەلەقێنێ. لەم جەنگەڵستانی تەمەنەدا. کوانوێک بۆتۆ نەماوە. ئەی رۆح چی لەم بێ تۆییە بکەم من کە هاتم لە مەدینەی ئەم عیشقەوە، خۆم و کۆمەڵێک خەونی سەوز، خۆم و چەپکێ هیوای چاوگەش روومان کردە ئێرەی کوردستانم تا لە هەناوتا بحەوێینەوە. هاتین گشت بەیانیەك وەکو مانگ بەسەر گوڵە هەڵقرچاوەکانی تەمەندا دابچۆڕێین. چاوە ماندووەکانی چاوەڕوانی لێك بنێین و ژوان لەبەرائەت نەکەین. هاتین ئاشتیمان کردە خەڵات بۆ ئەوەی چی دی مرۆڤەکان لە قورگی تفەنگەکانەوە تەمەنیان ئەنفال نەکرێتەوە.

## لەدوای مەرگ

### ڕێپێوانی حکومەت دژی گەندەڵیەکانی میللەت

رەنگە رۆژێك بێت ئەم شارە بتەقێتەوە بەسەر دەسەلأت و حکومەت و کەسانی بەپرسدا هۆکارەکەشی بە ئاشکرا دیارە هەر لە کێشەی ئەنفال و هەڵەبجەو کارەساتەکانی تریش.

ویستم چەند پرسیارێك لە خۆم بکەم کە ئایا خۆیان ئەو راستیانە ئەزانن کە گەندەڵن و بێ ئەمەکن بەرانبەر ئەنفال و کارەساتەکان، باشە بۆ خۆیان چارەسەری وەزعی خۆیان ناکەن؟ بەڵام کەتمە مەوقیفەوە بە خۆمم ووت ئەو پرسیارە قورسانە چیە دەیکەیت، بۆیە پەشیمان بوومەوەو بریارمدا چیتر ئەو پرسیارانە لە خۆم نەکەم، نەوەك خەڵکی تریش گوێیان لێبێت و توشی شکانەوە بن.

ئێستاش لەوان ئەپرسم کە ئایا جگە لە ئەنفال و کارەساتەکانی تر چ شتێکی تریان هەیە یادی بکەنەوە، دڵنیام ئەڵێن ئەوە نیە کارەباتان فولەو بەنزین و غاز لەبەر دەرگاتانە ئیتر چیتان ئەوێت، منیش روخسەتی یەك قەوس لەوان ئەخوازم و ئەڵێم (زۆر راستە گەورەم، هەر حەزم کرد بتان دوێنم، بۆیە ئەو پرسیارەم کرد، بەڵام توخوا بمبورن).

ئەمەوێ لێرەوە بە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بڵێم کە چیتر گلەیی نەکەن ئەوە نیە لە جیاتی حکومەتێك دوو حکومەت و لە جیاتی وەزارەتێکیش دوو وەزارەتتان هەیە، دڵنیاتان ئەکەمەوە پەرلەمانتارەکانشمان ئەوەندە بە خەمی ئێوەوەن تەنانەت لە پەرلەمانی کوردستانیش ئەخەون و خەون بە ئێوەوە ئەبینن.

لە هەمان کاتیشدا داوا لە حکومەت دەکەم کە چیتر دەستەوەستان نەوەستێت بەرانبەر گەندەڵیەکانی میللەت، بەڵکو رێپێوانێك ساز بکات بۆ گەرمیان و هەڵەبجە داوای مافە رەواکانی خۆیان بکەن.

بەردەسپی



پەنجەکانیان خستە نێو پەنجەی گڵەوە، تابزانین ئەم خاکە لەگەڵ گوڵ و سەوزاییدا بەعسیشی لێ دەڕوێ و چرۆ دەکاو وشك دەبێ

عەرعەر

شاهۆ غەفور سەنگاوی
٠٧٧٠٢١٠٣٥٨٣

پشتیوان رەحیم سەنگاوی
٠٧٧٠١٣٧٧٣٢٥

هاوڕێ ئەحمەد
٠٧٧٠١٣٥٣٥٣٦

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com